# جۆری بارودۆخ لە زمانی کوردیدا

د. محمود فتح الله احمد
زانکۆی سلێمانی
کۆلیجی زمان
بەشی کوردی

"تکایە بە ناهەق فوو لە چرای ئومێدی کەس مەکە با ژیانی خۆت تاریکدانەیەت"

**٠- پێشەکی**

دوو کاتەگۆری لە لێکدانەوەی زمانیی سەبارەت بە بنیاتی کاتی ڕستە لە زمانەکاندا بەکاردەهێنرێت، ئەوانەش بریتین لە تێنس و ئەسپێکت، کاتەگۆری تێنس بەکاردەهێنرێت تا شوێنی کاتیی چاوەڕوانکردنی ڕوداوێک دیاریبکات کە لە ڕستەیەکدا باسیلێودەکرێت پەیوەست بە هەندێك خاڵی جێگیرکراوی دیاریکراو لە کاتدا، ئەوەش ئاسایی بە پلەی یەکەم بریتییە لە کاتی قسەکردن، یان لە بواری ڕودانێکی چاوەڕوانکراو، کە لە ڕستەیەکی تردا باسیدەکرێت. لە کاتێکدا ئەسپێکت بە پێی باری سەرنجی زمانەوانەکان بریتییە لە ناوی ئەو کاتەگۆری یان دەستەیەك لەو کاتەگۆریانەی (بۆ نمونە، تێلیك، ئەتێلیك، و ئەکشنسارت) بەکاردەهێنرێت تا تایبەتمەندییە کاتییەکانی خودی ڕوواوە چاوەڕوانکراوەکان باسبکات یان ئەو ڕێگایە دیاریبکات، کە ڕووداوە چاوەڕوانکراوەکان لە کاتدا دەردەکەون. زمانەوانە سلاڤییەکانی سەدەی حەڤدە زاراوی ئەسپێکتیان بەکارهێناوە بە مەبەستی ئاماژەکردن بۆ جیاوازی لە نێوان پێرفێکتیف/ئیمپێرفێکتیف لە زمانی ڕووسی و زمانە سلاڤییەکاندا، بەو پێیە ئەسپێکت وەسفی دیوی ناوەوەی کاتی بارودۆخە چاوەڕوانکراوەکان دەکات.

ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ جیاکردنەوە و ناساندنی دوو کاتەگۆری ئەسپێکتیی ناوبەند پەیوەند، بەڵام بە تایبەتمەندی و ڕەفتاری جیاوازەوە، ئەوانەش، یەکەم بارودۆخی ئەسپێکتی و دووەم جۆری باری سەرنجی قسەکەرە لە چوارچێوەی بنیاتی ئەسپێکتیدا، دواتر هەردووکیان وەك سیستێمی ئەسپێکتێتیی کاردەکەن تا لە گەلێك ڕووەوە قسە سەبارەت بە دیوی ناوەوەی بارودۆخەکان بکەن، یەکەمیان لە زوربەی زۆری زمانەکاندا سروشتی و ڕەسەنە، ئەوە لە ناوەڕۆکەکانیشدا لەبری جۆری ئەسپێکت، بەهۆی کاری بەیاریدەوە لەسەر دەربڕینەکان دەسەپێنرێت، بۆ نمونە، لە زمانی ئینگلیزیدا ئەو ئەسپێکتەیە کە لەسەر ڕستیلەی کاری بەیاریدەوە سەپێنراون، و پاشان پێرفێکتیف و ئیمپێرفێکتیف بەرهەمدێن و پێیان دەگوترێت ئەسپێکتی ڕێزمانی، ئەو کردەوەیە لەکوردیدا بەشێوەیەکی زۆر سادە و بێگرفت بە ڕێزمانیکراوە، بۆ نمونە جیاوازی لە نێوان پێرفێکتیف و ئیمپێرفێکتیف بەهۆی نیشانە ڕێزمانیەکانی وەك (دە-، ا-، ت-، د-، -وو، -ی) کە لە سەر قەد و ڕەگی کارەکان جێگیرکراون، دیارە ئەوەش بناغەی بارودۆخی ئەسپێکتی کە لە باری سەرنجی قسەکەرەوە سەرهەڵدەکات دادەمەزرێنێت، لەلایەکی ترەوە جۆرێکیتر لە ئەسپێکت جیادەکەینەوە کە پێی دەگوترێت "ئەسپێکتی- فەرهەنگی lexical aspect "، ئەم جۆرە بەلای زمانەوانەکانەوە لەژێر ناونیشانی ئەگشنسارت

Aktionsarten-دا (کە پێناسەی بە زاراوەکردنی ئەسپێکتە) جێیکراوەتەوە. لێرەوە دەکرێت ئەوە بگوترێت، کە کارەکان تەنها کاتەگۆریەکنین تا ئەسپێکتی زاراوەییمان بدەنێ، بەڵکو هۆکاریتریش لەو بوارەدا هاوکارن.
ئێمە لەم باسەدا لە "ئەکشنسارت" دەدوێین کە بەشێکی ئەسپێکتە و بەهۆی زاراوەکانەوە دەردەبڕدرێت، تا لە "باری سەرنج"ی جیابکەینەوە کە زیاتر بەهۆی نیشانە ڕێزمانیەکانەوە دەردەبڕدرێت،




**دیاگرامی (١)**

### ١.٠ ئەکشنسارت و ئەسپێکت

### ١.١ مێژویەکی کورتی ئەکشنسارت و ئەسپێکت

بە درێژای ئەو لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دەدەین ئەسپێکتی زاراوەیی، کە بە شێکە لە ئەسپێکتێتی بنوێنین، بۆیە بە باشمان زانی چۆنیەتی سەرهەڵدان و لێکدانەوەی زمانەوانەکان بۆ زاراوەکە بخەینە پێش چاو، بەلای Galis Hatav ەوە لە لێکۆڵینەوەی سیمانتیکی سەردەمدا، بە شێوەیەکی گشتی زاراوەی ئەگشنسارت وا دانراوە وەك ئەوەی وەسفی بیری ئەسپێکتەکان بکات، بۆ نمونە، "ڕوداو" پێچەوانەی "بارودۆخەکان"ـە، کە بەشێوەیەکی مۆرفۆلۆجی نیشانەنەکراون لە زمانەکاندا، بە پێچەوانەوە ئەسپێکت زاراوەیەکە بە مەبەستی باسکردنی ئەو جیاوازییە مۆرفۆلۆجییانە بەکاردەهێنرێت، ئەو دوو زاراوەیە زۆرجار دەبنەهۆی سەرلێتێکدان و بەهەڵەتێگەیشتن، ئەوەش لە ئەنجامی زۆر لەیەك نزیك و ناوبەند پەیوەنییانەوەیە. جیاوازی لە نێوان تێنس و ئەسپێکتدا لەلایەن بیرمەندە یۆنان و ڕۆمانەکانەوە باسکراوە و گفتوگۆی زۆری لەسەرکراوە، بەهەمان شێوە ئەو کارە لە لایەن زمانەوانە ڕووسییەکانیشەوە کراوە، هەر لە سەرەتاوە ئەسپێکت وەرگێڕانێکی واتای وشەی "vid"ی ڕوسییە، کە لە سەرەتادا وەك بەشێك لە تێنس سەیردەکرا، بەڵام دواتر لە سەرەتای ١٩٠٠ ەوە وەك کاتەگۆریەکی سەربەخۆ ناسێنرا، لەوکاتەدا، زمانەوانە ئەڵەمانییەکان کەوتنە ژێرکاریگەریی کاری ڕوسەکانەوە، ئەسپێکت وا باسدەکرا وەك ئەوەی "بارودۆخ/دەوروبەری کردەوە ״ circumstances of the action" بێت، دواتر، ئەوە بەرەو زاراوەی ئەڵەمانی Aktionsart(en) ی برا. لەو خاڵەوە، vid و Aktionsart وا دەرکەوتن وەك ئەوەی بە شێوەیەکی بەرفراوان وەسفی بیری گشتی Aspectuality واتە ئەسپێکتێتی بکەن، تا لە تێنس جیابکرێنەوە.

دواتـر، بـەرە بـەرە لێکۆڵینـەوەی "ئەسـپێکتی" گەشـەی سـەند، زمانەوانـە سـلاڤیکیەکان تێگەیشـتن کـە بەشێوەیەکی فراوان ئەگشنسارت بە هۆی فۆڕمی دەرەکی مۆڕفۆلۆجیکەڵی کارییەوە جەختی لەسەر دەکرێتەوە، بەڵام ئەسـپێکت بـە وردتـرەوە بـەهۆی چـۆنیەتیی نـاوەکیی خـودی کارەکـەوە جـەختی لەسـەردەکرێتەوە، بـەو شێوەیە، لە مـەودای ئەسـپێکتێتیدا، ئەسـپێکت بەشێوەیەکی دەرەکی نیشانەکراو لـە ئەگشنسارتێن جیاکرایـەوە، دواتـر، زمانەوانـە ئەڵمانییـەکان پرسیاری ئـەوەیان لـەلا دورسـتبوو کـە ئایا جیـاوازی بەرتەسـکی ئەسـپێکت وەك جیاوازی دوولایەنی پێرفێکت/ئیمپێرفێکت دەتوانرێت بۆ زمانە ئەڵەمانیەکانیش بـەکاربهێنرێت، یـان ئـەوە تـەنها فێچەرێکی زمانـە سلاڤیکییەکانە، یان ئایا جیاوازی کرۆکی ئەسپێکت و ئەکشنسات لـە مـەودای زانسـتی زمـانی سلاڤیکیەکان کارێکی گونجاوە، لەو کاتانەدا کە هێشتا نەگەیبوونە ئاستێك کە بتـوانن بەشـێوەیەکی فۆڕمـەڵی ئـەو دوو کاتەگۆریـە لێکجیابکەنـەوە، زمانەوانـە ئەڵەمانیـەکان گەیشـتنە ئـەو قەناعەتـەی کـە بیرەکـانی ئەسـپێکت دەتوانرێـت بـە ڕێگـەی جیـاواز و لـە زمـانی جیـاوازدا دەربـبڕدرێـت، دیـارە هەنـدێك کـاری تـریش سـەبارەت بـە ئەسپێکت و هەر لەو بوارەدا لـە پێشتردا کرابـوون...، بـەو جۆرە جیـاوازی ئـەو دوو کاتەگۆریـە لـە سـەر بنـاغـە و پێوانەی مۆڕفۆلۆجیکەڵی دانەمـەزرابوو. زمانەوانـە سلاڤییەکان جـەختیان لەسـەر ئـەو جووتـە دەکـردەوە، کـە بـە شێوەیەکی مۆرفۆلۆجیکەڵی نیشانەکرابوون، لـە هـەمان کاتـدا بیریـان لـەوەدەکردەوە کـە ئەکشنسارت زەحمەتـە بـە دیقەتـەوە دیاریبکرێـت، دواتـر، لەسـەر ئـەوە گیرسـانەنەوە کـە ئەسـپێکت بـاری سـەرنجی کەسـی قسـەکەرە و ئەگشتسـارت وا دەبینـرا وەك ئـەوەی بابـەتی فەرهـەنگی چـۆنیەتی کارەکانبێـت، چـونکە جیـاوازی پێرفێکتیف/ئیمپێرفێکتیف دولایەن/دوو پەلکە binary لـە بـواری ئەکشنسارت بەکارنایـەت، زوربـەی زمانەوانـە نەریتیـەکان مامەڵـەی ئەسـپێکت و ئەکشنسـارتیان بـە جۆرێـك دەکـرد وەك ئـەوەی دوو کاتـەگۆری هەنـدێك جیـاوازبن، ئەڵەمانییـەکان جـەختیان لەسـەر سروشـتی سیمانتیکی ئەگشنسـارت دەکـردەوە، بـەڵام کاتەکـەی ئـەوە نەبوو بتوانن ئەسپێکت بناسێنن، بۆیە بەردەوام ئەکشنسارتیان بەکاردەهێنا بە واتـای گشـتیی ئەسـپێکتێتی تـا لـە تێنسی جیابکەنەوە، لەبری ئەوەی لە ئەسپێکتی جیابکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئـەوە ڕاسـتیەکی حاشا هەڵنـەگرە، کە جیاوازی لە نێوان تێنس و ئەسپێکتدا هەیە، بەڵام هێشتا زۆریان مابوو بزانن چۆن لـە ئەسـپێکت بگـەن و لـە هەر زمانێکی دیاریکراودا دیاریبکەن، یان بزانن کاتەگۆریـە فۆڕماڵیـەکانی ئەسـپێکت کامانـەن، بـۆ نمونـە، کەسـێکی وەك Hatav ڕیێبازی مەرجی ڕاستی سیمانتیکی بەباشتر دەزانی وەك لە ڕێبازی پڕاگماتیکی کـە جـەختی لەسـەر باری سەرنجی کەسی قسەکەر دەکردەوە، تا وایلێهات ئەسپێکت لە پەیوەندی ئەرکی گفتوگۆدا لێکدەدرایەوە.

لە بناغەدا ئەکشنسارت وەك تایبەتمەندێتیی بەشی کاری دەناسرێت، و خۆی خەریکدەکات بـە پێکهاتـەی کـاتی دیوی ناوەوەی بارودۆخێك (جۆری بارودۆخ) کە بـە هـۆی بەشـی کـاری ڕسـتەوە ئامـاژەی بـۆ دەکرێـت، (Bache ١٩٨٥:١٠) و ئـەو زاراوەیـە تاڕادەیـەك لـە زمـانی ئینگلیزیـدا هاوتایـە بـە ئەسـپێکتی فەرهـەنگی یـان جـۆری کـار. دیـاریکردنی جـۆری بـارودۆخ لـە فـۆڕمی تێنسـی نـا-سادەدا جیـاوازە لـەوەی، کـە بـەهۆی فـۆڕمی تێنسـی سـادەوە دیاریدەکرێت، چونکە لەیەکەمـدا دیـاریکردنی جـۆری بـارودۆخ زیـاتر بەشـی-ناکاری لێـی بەرپرسـە، ئەکشنسارت ئەسپێکتی فەرهەنگیشی پێدەگوترێت، و کۆی ئەکشنسـارتێتی کارێکـە، واتـە بەشـێکە لـەو ڕێگەیـەی کـە تیایـدا پەیوەست بە کاتەوە بنیات دەنرێت، هەر ڕوداوێك، بارودۆخێك، کردەوەیەك، واتە چاوەڕوانکردنی هـەر ڕوداوێـك، کە کارەکان (بە یارمەتی بەشی ناکاری لە کاری نـا-سادەدا) دەریـدەبڕن، دەکرێـت وا لێکبدرێتـەوە وەك ئـەوەی کـە هـەمان بـەهای ئەسـپێکتی فەرهـەنگی هـەبێت، ئەسـپێکتی فەرهـەنگی هـەمان خوێندنـەوەی ئەسـپێکتی ڕێزمـانی

وەرناگرێت، ئەسپێکتی فەرهەنگی جێگیرە، لەکاتێکدا ئەسپێکتی ڕێزمانی دەتوانرێت وا لێکبدەرێتەوە وەك ئەوەی بەپێی ویست و ئارەزوی قسەکەرەکە بنیاتی دەربڕینەکە دادەڕێژرێت. زاراوەی ئەکشنسارت لە بنەڕەتدا وشەیەکی ئەڵەمانیە و تا ڕادەیەك هاوتایە بە زاراوەیەك کە لە ئینگلیزیدا لە ژێرناوی ئەسپێکتی زاراوەیی و جۆری ڕەفتاردا بەکاردەهێنرێت. ئەکشنسارتێن: تایبەتمەندێتی بەشی کاری ڕستەکەیە، و جەخت لەسەر دیوی ناوچەی کاتی ناوەوەی جۆری بارودۆخەکان دەکاتەوە کە بەهۆی بەشی کاری ڕستەکەوە باسی لێوەدەکرێت.

ئەو زاراوەیە زۆر جار دەگەڕێنرێتەوە بۆ LX[١] metaphysics ی ئەرەستۆ. ئەرەستۆ لەکاتی خویدا توانیویەتی جیاوازی لە نێوان "جوڵەی ناتەواو، پرۆسە و جوڵەی تەواو و ڕاستەقینە بکات، بەو جۆرە توانیویەتی جیاوازی لە نێوان دوو جۆر لە بارودۆخی کرۆکی سەرەکی بکات لە دەوروبەری سروشتی ئێمەدا (Verkuly ١٩٩٣:٤٣-٢٤)، لە ڕاستیدا ئەسپێکتی فەرهەنگی لە ئەسپێکتی ڕێزمانی بەشێوەیەکی دیار لە زمانە سلاڤۆنی(ەکان)دا لێکدراوەتەوە و دیاریکراوە.

ئەگشنسارتێن وا دەناسرێت وەك ئەوەی واتای سروشتی لێکسێمی کارەکان بێت، لە کاتێکدا لە لای Bache (١٩٨٥:١١) "ڕوی لایەنە پێکهێنەرەکانی کردەوەیەك یان بارودۆخێکە" لە لای (١٩٧٦) Comrie واتای سروشتی جێگەی ئەکشنسارت دەگرێتەوە، واتە جیاوازیی ئەسپێکتی دادەپۆشێت، کە لە زمانی دیاریکراودا بە ڕێزمانی نەکراوە، بەو واتایەی کە واتای شاراوە و چاوەڕوانکراو و ئەسپێکتی گراماتیکی هەردوو پێکەوە تاکە یەك بابەتی ئەسپێکت لەخۆ دەگرن. لە هەندێك ڕووەوە (١٩٨٥:٩) Dahil لەگەڵ بۆچوونەکانی Comrie دایە و وەك "واتای سروشتی ئەسپێکتی کارەکان"، دەیناسێنێت، واتە ئەو بەشەی واتای کارەکانە کە بە هۆیەوە ئاماژە بۆ جۆرێك لە بارودوخ دەکات زیاتر لە یەکێکیتر. بەلای (١٩٧٧:٧٠٦) Lyons ەوە وشەی کردەوە زۆر بەرتەسکە، و لەبری ئەکشنسارتێن زاراوەی تایبەتمەندی ئەسپێکتی بەکاردەهێنێت، کە زوتر ئەو زاراوەیە لە لایەن Poutsma (١٩٢١) وە بەکار هاتووە، و دەڵێت " ڕەفتار(و تایبەتمەند)ی ئەسپێکتی کار، ئەو بەشەیە کە واتاکەی ئاماژە بۆ جۆرێك لە بارودۆخ دەکات زیاتر لە یەکێکیتر" لە (١٩٧٧:٧٠٦ Lyon) ەوە، بە واتای ئەوەی تایبەتمەندیی ئەسپێکتیی دیاریکردنی روخسار یان ئاستەکانی بارودۆخەکانە، و دەشگوترێت کە ڕەفتاری ئەسپێکت سروشتی سیمانتیکی دیاریکردنی فەرهەنگیە، لەکاتێکدا ئەسپێکت بەشێوەیەکی گشتی چەندان جیاوازی ئەسپێکتی دادەپۆشێت، و ئەوانەی تا ئەم کاتە بەڕێزمانی کراون لە بنیاتی زمانی زمانە دیاریکراوەکاندا، زیاتر لەسەر بنەمای واتایی، ماوەدرێژی، هاودەمی، دووبارەبوونەوە، سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی، تەواوبوون، بەردەوامی و هیتریش لێکدراونەتوە.

زمانەوان (١٩٨٢:٦٤) Bach لەگەڵ بۆچونەکەی Lyonsدا نییە، واتە مەسەلەکە هەر ئەوە نییە کە تەنها ناونانی زاراوە بێت و بەس، کە ڕەفتاری ئەسپێکتی لەبری ئەکشنارت بەکادەهێنێت، بە مەبەستی ئەوەی جیاوزی ئەسپێکتی داپۆشێت. گەرچی ئەوانە بە ڕێزمانی نەکراون، و لە ڕێزماندا ڕەنگیان نەداوەتەوە. دیارە، ئەمە پێچەوانەی باری سەرنجی Comre یە کە هەمان ناونیشانی سیمانتیکی بەکاردەهێنێت. بەلای (١٩٩٠:١٩٩) Farahani یەوە ناکرێت ڕەخنە لە Lyons بگیرێت، چونکە ئەکشنسارت و ئەسپێکتی پێکەوە کۆکردۆتەوە بۆ

[١] میتافیزیك بە واتای زانیاری لە سروشت بەدەرە، یان زانیاری ئەو دیوی سروشت، واتی بەشێکە لە لێکۆینەوەی فەلسەفی کە خۆی بە زانین، تێگەیشتن و وەسفی سروشتی هەقیقەتەوە خەریکدەکات، واتە زانیاری بوونەوەری و سەرچاوەی سروشتی جیهانە، لە کاتێکدا، metaphysical وەك ئاوەڵناو، بە واتای بەکارهێنانی وشەکان تا واتای شتێك بگەیەنن کە جیاوازە لە واتا باوەکەی تا کاریگەریەکەی بەدەستبهێنێت سەیری: (longman dictionary ٨٩٨) بکە.

یەك كاتەگۆری فراوانی ئەسپێكتێتی، یان بەكار هێنانی "ڕەفتاری ئەسپێكت" لەبری "ئەكشنسارت" چونكە Lyons ئەوەی ئاشكرا كردووە، كە یەكەم، "ئەسپێكت لە لایەكەوە و ئەكشنسارت یان هاوتاكەی لە لایەكەی ترەوە، لە كۆتایدا ئاماژە بۆ جیاوازی سیمانتیكی هەمان جۆر دەكەن، تاكە جیاوازی ئەوە هەبوونی دەربڕینی شێوازی(ڕەسمی) بە زمانیكی دیاریكراوی ئەو جیاوازیانەیە، (١٩٨٢:٦٤)، دووەم Lyons بە تەواوی ڕاستە، لەوەدا كاتێك داوای ئەوە دەكات كە ئەسپێكت و ئەكشنسارت هی هەمان سروشت و جۆرن، چونكە لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك جیاوازی لەنێوان ئەو دوانەدا هەیە لە ئەدەبدا وەك باری سەرنجی قسەكەر/نوسەری بارودۆخی باسكراو، و وەك بەشێك لە واتای كارەكە كە بەهۆیەوە ئاماژە دەكات بۆ جۆرێك لە بارودۆخ زیاتر لە یەكێكیتر، ئەسپێكت و ئەكشنسارت زۆر لەیەكدەچن لەوەدا كە هەردوو هاوبەشی لە ڕەگەزی كەسی دەكەن، و هەردووكیان بناغەیان لەسەر بیری كاتی نا-ئاماژەیی/ئیشاری داناوە، بۆ نمونە، ماوەدرێژی، هاودەمی، تەواوبوون و هەروەها (Lyons ١٩٧٧:٧٠٥) لە Farahani ١٩٩٠:١٩٩ وە.

بەلای زۆر لە زمانەوانەكانی تری وەك Agrell ١٩٠٨, Jacobson ١٩٢٦, ١٩٣٣, Herman and Forsyth ١٩٧٠ جیاوازی لە نێوان ئەسپێكت و ئەگشنسارتێن دەبێت لەسەر بنەما و بناغەی واتا بێت، بۆ نمونە، ئەسپێكت تێڕوانینی فسەكەرە بۆ كردەوە، یان بارودۆخی باسكراو"، لە (Bach ١٩٨٢:٦٤ ەوە. بەپێچەوانەوە ئەكشنسارتێن وا دەزانرێت وەك ئەوەی ئەو ڕێبازەبێت كە تیایدا كردەوەیەك یان بارودۆخێك "گەشەدەكات یان بەردەوام دەبێت لە بارودۆخێكی دیاریكراودا" (Forsyth ١٩٧٠:١٩). بە باوەڕی زمانەوانەكانی تری وەك Jacobson (١٩٢٦) و (١٩٢٧) Hermann و (١٩٧٠-٣٥٦) Forsyth لە (Bach ١٩٨٢:٦٤) ەوە، ئەسپێكت، كەم تا زۆرێك بابەتێكی كەسییە لەوەدا كە قسەكەر ئازادە لە هەڵبژاردن لە نێوان بەكارهێنانی ئەسپێكتی پێرفێكتیڤ یان ئیمپێرفێكتیڤ بو باسكردنی دوو بارودۆخی جیاواز، بۆ نمونە، پێرفێكتیڤیتی تێڕوانینەكان لە سەرەتا و كۆتایی بارودۆخەكاندا كۆدەكاتەوە، لە كاتێكدا، ئیمپێرێكتیڤیتی سەرەنجامەكانی خۆی لەسەر ناوەڕاستی بارودۆخەكان هەڵدەچنێت، كۆتایی نادیاریكراوی بارودۆخەكان پاشگوێدەخات، دیارە لەو زمانانەدا كە جیاوازی ئەسپێكتی لە نێوان فۆڕمی پێرفێكتیڤ و ئیمپێرفێكتیڤدایە، هەندێك جار ئیمپێرفێكتیڤی بە تایبەت كارە ستاتیڤەكان، بەمەبەستی جەختكردنەوە لەسەر سەرەتای بارودۆخەكان دەكرێت بەكاربهێنرێن.

### ١.٢ ئەكشنسارت لەلای Vendler

زمانەوانەكان هەموو لەگەڵ ئەوەن كە هۆكاری دەركەوتنی كاتەگۆریی ئەگشنسارت دەگەڕێتەوە بۆ زمانەوان Zino Vendler (١٩٥٧)، ئەم زمانەوانە یەكێكە لەوانەی، كە بەشێوەیەكی دروست توانی چوارجۆر كاتەگۆریی جیاواز لە بارودۆخ كە بەهۆی فۆڕمی تێنسی جیاوازەوە باسدەكرێن لە زمانی ئینگلیزی بەپێی جیاوازییە ئەسپێكتیەكانیانەوە پۆلێنبكات، دواتر ئەو كارە قالبێكی وەرگرت كە بەهۆیانەوە توانرا جۆری بارودۆخ نەك لەزمانی ئینگلزیدا بەڵكو لە زوربەی زۆری زمانەكاندا دیاریبكرێت كە لە نێویاندا زمانی كوردیە، بۆیە، ئێمە لەم كارەدا بۆ هەمان مەبەست پەیڕەوی بۆچونەكانی دەكەین، لەبەر ڕۆشنایاندا ئەم لێكۆڵینەوەیە گەشەپێدەدەین. ئەو كاتەگۆریانە هەریەكە و خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی، واتە بەهەمان شێوە لە ڕستە و دەربڕینەكاندا ڕەفتارناكەن، بۆیە دەكرێت بەشێوەیەكی ئاسان لەیەكجیابكرێنەوە و هێڵێكی دیار لەنێوانیاندا بكێشرێت، كە

دیارترینیــان بــریتین لــە کارەکــانی دەســتکەوت achievement، چــالاکی activity، بــەجێهێنان accomplishments، و بارودۆخ یان ستەیتیفەکان stative

ئەکشنسارتێن تـا ئێسـتا بـە شـێوەیەکی بـاو لـە ئەدەبـدا لەسـەر حیسابی ئەسـپێکت بـەکاردەهێنرێت، تـا ئـەو جیاوازییـە ئەسـپێکتیانە دیاریبکـەن کـە لـە زمانـە دیاریکراوەکانـدا بـە ڕێزمـانی نـەکراون. Comrie لـە بـری زاراوەکــەی Lyons ڕەفتار/تایبەتمەنــدی ئەســپێکت زاراوەیــەکیتر بــەکاردەهێنێت کــە پێــی دەڵێــت "واتــای سروشــتی/کرۆکی"، بــەلای Lyons ەوە، (ا) بــەکارهێنانی ئەکشنســارت دەکەوێتەســەر جیــاوازی لــەنێوان بـەڕێزمانیکردن و بـەڕێزمانی نـەکردن یـان لـەنێوان نیشـانەی ڕێزمـانی و نیشـانەی وشـە ڕۆنان(کـە تیایـدا جیاوازیەکی ڕوننیە). (ب) ئەگشنسارتێن بە شێوەیەکی سروشتی زیاتر بەکاردەهێنرێت بۆ واتـای کارەکان، لەبری هەنــدێك تایبەتمەنــدی ســیمانتیکی خــودی کارەکــان. (ت) زاراوەی کــردەوە زۆر تەســکە" و (پ) "ڕەفتــاری ئەسپێکتی" بێزیادو کەم وەك ئەکشنسارت بەکاردەهێنرێت تـا جیـاوزی ئەسـپێکتی پیشـانبدات، کـە لـە زمانەکانـدا بە ڕێزمانی نەکراوە"(Lyons: ١٩٧٧-٧٠٦ ). زاراوەی ئەسپێکت لـە کوردی و ئینگلیـزی و فەرەنسـی و ئەڵەمانیـدا بە واتای vid ەوە بەکاردەهێنرێت،[٢] تا جیاوازی لە نێوان فۆڕمی پرۆگرێسیڤ و نـا-پرۆگرێسـڤ لـە ئینگلیزیـدا، جیـاوازی لـە نێوان ڕابـردووی سادە و پێرفێکت لـە ئـەدەبی فەڕەنسی، جیـاوازی لـە نێوان فۆڕمی پرۆگرێسـڤ و aorist[٣] لـە تـورکی، جیـاوازی فـۆڕمی ئیمپێرفێکـت و پێـرفێکتیف لـە کوردیـدا بکـات[٤] لـە کوردیـدا جیـاوازی ئەسپێکتی زیاتر زەق و دیارە وەك لە تێنس، بۆ نموونە، لە نێوان "نوسی و دەنوسێت"، دیـارە، لـە هـەر زمانێکـدا بێت، دەکرێت ئەوە بگوترێت کە ئەو جیاوازیە بە زۆری لە نێوان فۆڕمی تێنسی ڕابردووی سادە و فـۆڕمی تێنسـی نـا-ڕابـردوودا کورتدەبێتـەوە. وەك وتـرا جیـاوازی ئەسـپێکتی لـە نێوان پێـرفێکتیڤ و ئیمپێرفێکتیڤـدا دیارە، بـۆ نمونـە "هـات" بەرانبـەر "دێـت"، لـە هـەمان کاتـدا، هـەروەك چـۆن لـە زمـانی ئینگلیـزی، لـە کوردیشـدا جیـاوازی ئەسپێکتی لە نێوان پرۆگرێسڤ و نا-پرۆگرێسڤدا بەدی دەکرێت، بۆ نمونـە، "هـات" بەرانبـەر بـە "دەهات" لەبـەر ئەوەی لە کوردیدا نیشانەی پرۆگرێسڤ نیە، ئەو جیاوازیە بەم شێوەیە دەردەبڕێت، "دێـت- comes" بەرانبـەر بە "وا دێت is coming".

دیارە هەموو ئەوانەی باسکران واتای ڕەوانـەوەی دوودڵـی و گومـان نییـە، واتـە هۆکارێکی دیـاری سـەردەمی پێڕەوی کاری کوردی نییە. کەواتە کوردی وەك زمانە ئەسپێکتەکان نیە کە جیاوازیـەکان لەوێـدا دیـارو ئاشـکرابن. ئەو جیاوازیە لە نێوان ڕابردوو- نـا-ڕابـردوو کـورت ناکرێتـەوە بـەڵکو لـە نێوان پێـرفێکتیڤ و ئیمپێرفێکتیڤدایـە، ئەوە لە ڕابردوشدا دەگوزەرێت، کە دەکرێت وەك تایبەتمەندیەکی کوردی مامەڵە بکرێت، واتـە تاکـە جیـاوازی کـە هەیە ئەوەیە کە لە کوردیدا ڕابردووی پێرفێکتیڤ ئەندامی پێرفێگتیڤی جیاوازی ئەسپێکتیە لـە هـەردوو تێنسـی ڕابردوو نا-ڕابردوودا؛

---

[٢] لە ڕوسیدا بەکاردەهێنرێت تا ئاماژە بۆ جیاوازی لە نێوان پێرفێکتیڤ و ئیمپێرفێکتیڤ لە زمانە سلاڤییەکاندا بکات.

[٣] فۆڕمی تێنسی کارەکە بەبێئەوەی ئاماژەبکات بۆ ماوەدرێژی یان تەواوبوونی کردەوەکە.

## ١.٣ پۆلکردنی کارەکان لەبەر ڕۆشنای بیرەکانی Vendler دا




نوسینێکی Vendler بە ناوی "کات و کارەکان- Verbs and Times" کە تیایدا مامەڵە لەگەڵ تایبەتمەندیی کاتیی کارەکان وەك بەندی فەرهەنگی دەکات و ڕاستەوخۆ ئاماژە یان مامەڵە لەگەڵ لێکۆڵینەوەی ئەسپێکتدا ناکات لە بواری جیاوازیی سیمانتیکیی پێرفێکتڤی و ئیمپێرفێکتیڤی بە ڕێزمانیکراودا.

Vendler کارەکان بەسەر چوار کاتەگۆری و بەو شێوەیەی لای خوارەوەدا دابەشدەکات، و هەردوو پێوانەی ڕێزمانی و سیمانتیکی بەکاردەهێنێت تا بڕیاربدات کارەکە سەربەکام لەو چوار کاتەگۆریانەی لای خوارەوەیە:

**١.٣.١ کارە چالاکییەکان activities** [٤] ئەو کۆمەڵە کارانەن کە بارودۆخی هاوتوخم، هاوجنس، بەردەوام و داینامیك وەسفدەکەن، واتە ئەو چالاکییانەن کە بەردەوامن لە کاتدا بە ڕێگەیەکی هاوتوخمی و وەك یەکی، ئەوانە دەستەیەکن کە خاڵی ناوەکیان نییە، هەر بەشێك لە کردەکە هەمان سروشتی هەیە وەك هەموو (Comrie:١٩٧٦:١٠١، واتە بنیاتی ناوەکیان نیە، و هەموو بەشە ناوەکیەکان وەك یەك و هاوتوخمن بۆیە

---

[٤] کارەکان دەکرێن بە چەند بەشێکەوە، بۆ نمونە، activity بە واتای کردەوە، جموجۆڵ، و هەڵسوکەوت، یان چالاکی بە شێوەیەکی گورجوگۆڵ، بارودۆخێکن کە تیایاندا شتی زۆر ڕوودەدات یان تیایاندا خەڵکەکان شتدەکەن و کردەوەی هەمەجۆر ئەنجام دەدەن، و تیایدا دەبزوێن، یان شتێك کە بکەر یان کەسێك حەزدەکات، خۆشحاڵە یان دەیەوێ شتێك بەدەستی بهێنێت achievements وا باسی لێوەدەکرێت وەك ئەو بارودۆخانەبن کە بکەر دەتوانێت شتێکی گرنگ بە هۆی توانای خۆیەوە بەئەنجام بگەیەنێت، یان دەکرێت وەك ڕەفتاری بەدەستهێنانی شتێك خوێندنەوەی بۆبکرێت، بۆ نمونە، کەسێك خۆشحاڵ دەبێت کاتێت خۆی بەسەرکەوتوو ببینێت لە کردنی کارێکی زەحمەت وەك سەرکەوتن بۆ لوتکەی شاخێك یان بردنەوەی یاریەك و هەروەها، جگەلەوە بەرهەم و دەستکەوت یان کارێك کە شارەزایی و لێهاتووی پێویست بێت، stative-statics بارودۆخێکی جێگیرە کە تیایدا بارودۆخێمی یەکبین و لەسەریەك ئاست بەردەوام بوون بەڕێوەدەچێت، بەکورتی بەواتای وەستاو، نەجوڵاو، جێگیر، نەگۆڕ دێت. accomplishment شتێك بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە یان سەرنج ڕاکێش بەدەستدێت لەدوای بەخەرجدانی زەحمەت و کاری گرانەوە، یان توانینی کەسەکان سەبارەت بەکردنی شتێك بەباشی دروستکردنی خانوو، یان کردەوەی تەواوکردن یان تەحقیقکردنی شتێکی باش. ئەوە بەجێهێنان و و تەواوکردنیش دەگرێتەوە. هەروەك چۆن بەرهەم، دەسکەوت و ئەنجامی باش دەگردێتەوە.

هەربەشێك لەوانە وەك ئەوەکەیتر وایە کە بە هەموویان بەشێکی گەورە پێکدێنن کە ناتوانرێت جیاوازیان لەنێواندا بکرێت، ئەوانە وا دێنەبەرچاو کە بەبێ هەبوونی مەبەستی شاراوە و سروشتیی کۆتاییان دێت، بەبێ ئەوەی بگەنە خاڵی کۆتایی دیاریکراو، واتە بارودۆخی ئەتێلیکی پیشاندەدەن و بۆماوەیەکی دورودرێژ بەردەوام دەبن. لەدیوی ناوەوە سەرنج لەبارودۆخەکان دەدرێت، ڕاکردن، سەماکردن و گرنگترین تایبەتمەندی ئەو کاتەگۆریە(ئەتێلیک) لەو چەند خاڵانەی لای خوارەوەدا کورت دەکەینەوە:

(أ) ڕوداوی ماوەدوری ئەتێلیکن (بە بێ ئەنجام) "ئازاد ڕادەکات" بەبێ ئەنجام هەرکات لە ڕاکردن وەستا.

(ب) دەستەیەکن لە قۆناغی هاوڕەگەزی یەك لەدوای یەکی و خاڵی کۆتایی هەڕەمەکی لەخۆدەگرن. "ڕاکردن"

(ت) ڕوداوەکان داینامیکین. "ڕاکردن و سەماکردن" لە زنجیەیەك لە هەنگاوی یەك لەدوای یەك پێکدێن

(پ) چالاکیەکان لە ژێردەسەڵاتی بکەردان. "لە ڕاکردن وەستا"

(ج) لەگەڵ ئەسپێکتی پڕۆگرێسڤدا دەگونجێن "وا ڕادەکات " he is runn<u>ing</u> "

**١.٣.٢ کارە بەجێهێنراوەکان complishment**: بە هەمان شێوەی چالاکیەکان و کردەوەکان وا دیاریدەکەن وەك ئەوەی لە کاتدا بەردەوام بن، لەلایەکی ترەوە بە پێچەوانەی ئەو پڕۆسانەی کە بەهۆی کارە چالاکیەکانەوە ئاماژەیان بۆ دەکرێت، "ئەوانە بەرە و خاڵی کۆتایی دەڕۆن کە بە شێوەیەکی لۆجیکی پێویستە بۆ بوونەکانیان (Vendler,١٩٧٦:١٠١) واتە، ئەو کارانەن کە بە قوناغی یەك لەدوای یەکدا تێدەپەڕن بارودۆخێکی وا پێشکەشدەکەن کە هاوبەشی لە چالاکیدا دەکەن و بەرەو خاڵی کۆتایی لوتکە هەنگاودەنێن لە کاتەکاندا، ماوەی کاتەکە بەرە و ئەو خاڵە دەبەن کە سەرەنجام تیایدا بەدەستدێت و بارودۆخەکە لە چالاکی دەوەستێت کە بە بارودۆخی تێلیکی دەناسرێت و بۆ ماوەیەکی دورودرێژ بەردەوام دەبن، گرنگترین تایبەتمەندی کارە تێلیکیەکان برتین لە:

(أ) ڕوداوی ماوە درێژی تێلیکین[٥] "خانوی دروستکرد" ماوەیەکی دوورودرێژ دەبات تا خووەکە تەواو دەبێت..

(ب) بارودۆخی ئاڵۆزن کێشەکانی "خانووی دروستکرد" زۆر لە "ڕایکرد و سەمایکرد ئاڵۆزترن.

(ت) لە زنجیرەیەك لە کردەوەی یەك لەدوای یەك پێکدێن. "خانووی دروستکرد" بە چەندان قۆناغ و هەنگاودا دەڕوات.

---

[٥] زۆر جار کە زاراوەیەکی داتاشراو و نەکلۆك دەبینم و واتێدەگەم کە لەگەڵ ئەو واتایەی بۆیدانراوە نەگونجاوە، حەزناکەم بەکاریبهێنم، لەبەر هەمان هۆکار دەترسم منیش وشەیەك بەانبەر هەندێك وشەی ئینگلیزی، (بەتایبەت ئەوانەی وەك گشتی و لە زۆر زماندا بەکاردەهێن) بەکاربهێنم و بەتەواوی ڕاستی نەپێکم، هەر وشە ئینگلیزیەکە بەکاردەهێنم، بەڵام دەبینی لە دەیان شوێن وشەکان لێکدراونەتەوە، بۆ نمونە، تێلیك/telic واتە ئەو کارانەی وەسفی بارودۆخی سنوردار ... بە تایبەت ئەوانەی کە خاڵی کۆتایی دیار بەخۆوەدەگرن، دەکەن. ئەتێلیك/atelic ئەو کارانەن کە باسی بارودۆخی نا-سنوردار، واتە ئەانەی خاڵی کۆتایی دیاریان نییە، دەکەن، پێرفێکتیف بۆ ئەو کار و بارودۆخانە بەکاردەهێنم کە تەواوبوون و قسەکەر لەدەرەوە سەیری بارودۆخەکە وەك دانەیەکی تەواو دەکات، ئیمپێرفێکتیف ئەو بارودۆخانەن کە تەواونەبوون و قسەکەر لەدەرەوە سەیری بارودۆخی باسکراو دەکات و دەتوانرێت سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی بارودۆخەکان لەیەکجیابکرێنەوە.

(پ) خاڵی کۆتایی سروشتیان هەیە، بۆ نموونە، "خانووی دروستکرد" سەرەنجامەکەی بەکارهێنانیەتی بۆ ژیان.

(ج) کردەوەکە لە ژێر دەسەڵاتی بکەردایە. "لە دروستکردنی خانووەکە وەستا" بە هەر هۆیەکەوە بێت.

(ح) لەگەڵ ئەسپێکتی پرۆگرێسڤدا دەگونجێن " سەرقاڵی خانوو دروستکردنە “he is building a house

**١.٣.٣ کارە دەستکەوتەکان:** ئەو کارانەن کە ئاسایی باسی کردەوەیەك دەکەن کە لە چرکە ساتێکی تاکدا ڕوودەدەن ، وا بەخەیاڵدا دێن و بیریان لێدەکرێتەوە کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە کاتدا بەردەوام نەبن، بەڵام خاڵی کۆتایی لوتکەی سروشتی لە کاتدا لەخۆدەگرن، هەر بۆیە بارودۆخی باسکراو چیتر بەردەوام نابێت، و هاوتا بە جێبەجێکردنەکان بارودۆخی تێلیکی پێشکەشدەکەن، بۆ نموونە، "گەیشتنە لوتکەی چیا، بردنەوەی یاری" "، ئەو کارە بەسەر دوو پۆلدا دابەش دەبێت، دانەیەکیان "کورتخایەن و ورد"، ئەوەکەی تریان "گۆڕانی بارودۆخ"، بۆ نموونە، لە "دۆزینەوەی چارەسەر"، "بازدان بەسەر هێڵی کۆتاییدا"، لە هەر یەك لەو دوو ڕستانەدا پاشخانێك هەیە، بۆ نموونە، کەسێك دەشێ بەوردی و بۆماوەیەك بگەڕێ و لێکۆڵینەوە بکات پێش دۆزینەوەی چارەسەرەکە"، یان "کەسێك ماوەیەك ڕابکات پێش ئەوەی بە سەر خاڵی کۆتاییدا بپەڕێتەوە"، لە گەڵ گۆڕانی کارە دەستکەوتەکان، ئەسپێکتی پرۆگرێسڤ، دەشێت چاوەڕوانکراوبێت یان نا، ئەوەش پشت بەوە دەبەستێت کە ئایا چالاکیەکە بەرەو بەدەستهێنانی هەمان چالاکی دەبێتەوە وەك ئەوەی مامەڵە دەکرێت یان نا؟ گرنگترین تایبەتمەندیەکانیان ئەوانەی خوارەوەن

(أ) لە گەڵ فۆڕمی تێنسی "دەستپێکردن" و "وەستان"دا ناگونجێن، "دەستیکرد بە بردنەوەی یاریەکە"،

(ب) لە ژێردەسەڵاتی بکەردان "گەڕان یان نەگەڕان بەدوای کلیلەکەدا" ئارەزومەندیە

(ت) کورت خایەنن هەر زوو کاتێك ڕوودەدەن ئاواش کۆتاییان دێت. "کلیلەکەی دۆزیەوە" پێوستی بە کات نیە.

(پ) ئەوانە کارێکی تێلیکین "کلیلەکەی دۆزیەوە" کاتێ کە کلیلەکە دۆزرایەوە مەبەست بەدەستدێت

(ج) لەگەڵ ئاوەڵکاری پرسیاری وەك "لە چ کاتێکدا کرا ..."، لە چ کاتێکدا کلیلەکە دۆزرایەوە گونجاوە

(ح) لە گەڵ کارە کورت خایەنەکاندا، واتە دەستکەوتەکان، فۆڕمی ئەسپێکتی پرۆگرێسڤ وا دێتە زانین وەك ئەوەی واتای دووبارەوەبوونی کردەوە بێت لەبری بەردەوامێتی، بۆ نموونە، "باپیر لە دەرگا دەدا". دووبارە لە دەرگادانەوە و هەروەها لەگەڵ گۆڕانی کارە دەستکەوتەکان پرۆگرێسڤی ئەسپێکت دەشێت گونجاوبێت یان نا، ئەوە پشت بە جۆری چالاکی ژێر لێکۆڵینەوە دەبەستێت. بۆ نموونە "کاروانەکە لە ١ دا دەگات: نەك "سەرقاڵی ناسێتەوەی دزەکەیە"، تۆ دەشێت کەسێك بناسیتەوە یان نا بەڵام لێرەدا سەرەتاو کۆتای کردەوەی ناسینەوە دیارنیە، ئەوە جیاوازە لەگەڵ کارێکی وەك "دروێنەکردن" کە دەشێ سەرەتا، بەردەوامی و کۆتایش لەخۆبگرێت

و ماوەیەك بخایەنێت هەروەها کاری "گرتن" ئەوانەی نیە، ناگوترێت دەستی کرد بە "گرتن" یان کوتایی بە "گرتن" هێنا چونکە کورتخایەنە.

**١.٣.٤چوارەم کارە ستەیتیف/جێگیرەکان**، بریتین لەوانەی کە وەسفی بارودۆخێك دەکەن، کە هەن یان بۆ ماوەی کورت یان دور و درێژ بەردەوام دەبن، بارودۆخی باسکراو وا دێتە پێش چاو وەك ئەوەی کە هاو پۆل، هاوتوخم و جێگیربن، بنیاتی دیوی ناوەوەیان نییە تا بە پێی تێپەڕینی کات بگۆڕدرێن، بۆیە لەسەر یەك ئاست بەردەوامدەبن، بەردەوامدەبن بۆ ماوەیەکی دورودرێژ بەڵام بەبێ سەرەنجامی تێلیکی، بۆ نمونە، "نهێنیەکان دەزانم"، یان "نازەنینی خۆشدەوێت".

**١.٣.٥ پێنجەم کارە چرکە ساتیەکان: Semelfuctives** لە گفتوگۆی ئەسپێکتی فەرهەنگیدا، سەبارەت بە جۆری بارودۆخ (١٩٧٦) Comrie کاتەگۆریەکیتر دەخاتە سەر ئەوانەی پێشتر کە لەلایەن Vendler ەوە دیاریکرابوون، بۆ نمونە، ڕوداوی چرکەساتی یان کورتخایەن و نمونەیەکی وەك ". John reached the summit of ..." واتە "جۆن گەیشتە لوتکەی..." فۆڕمی تێنسی "گەیشتن" وەك تێنسی دەسکەوت لە فۆڕمی ئەسپێکتی پرۆگرێسڤدا نایەت، چونکە بەپێی بنیاتی سیمانتیکیەکەی وەسفی بارودۆخێکی زۆر کورتدەکات، کە دانەکانی لەیەك جیانابنەوە، پێکەوە ڕودەدەن و خاڵی کۆتایی ئاشکرایان نییە، بۆ نمونە، کاتێك جۆن گەیشتۆتە سەرلوتکە و کاتێکیش کە نەگەیشتوە، ئەو ماوەیە تەنها لە یەك هەنگاودا خۆیدەنوێنێت، بەبێئەوەی کاتێك لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا هەبێت. سەبارەت بە ئەسپێکتی زاراوەیی لە لەلای (١٩٧٦) Comrie کاتەگۆری semelfactives[٦] یان چرکەسات، بۆ نمونە، "پژمین"یش دەگرێتەوە.

دواتر، (١٩٧٩) Dowty پۆلێنکردنەکەی Vendler گەشەپێدەدات کە سەرنجامی کاریگەریەکانی لەسەر جۆری بەرەوپێشەوەبردنی ئەو پۆلێنکردنەیە، و وەك پۆلێنکردنی Vendler-Dowty دەناسرێت. (falhasiri ٢٠١٢:٩٩٢). دەڵێت، لەبەرئەوەی هەر پۆلێك لەو کارانە خاوەنی تایبەتمەندێتی ناوەکی خۆیانن، دەتوانین لەناو خۆیاندا بەشێوەیەکی ئاسانتر لێکیانجیابکەینەوە و بۆ چەندان جۆری جیاواز پۆلێنیان بکەین. (١٩٩١) Smith ئەو تایبەتمەندیە سروشتیە ناوەکیانە بەهۆی ڕوخسارە بنیاتەکانەوە ئاماژەیان بۆ دەکات، بۆ نمونە، [+/- جێگیر]، [+/- تێلیك] و [+/- ماوە درێژی]، بۆ نمونە سەرنج لەو خشتەی لای خوارەوە بدە کە پوختەی بیرەکانی Vendler پیشاندەدات دیاگرامی (٣ ).

[٦] ئەوە زاراوەیەکە لە لێکدانەوەی ڕێزمانی ئەسپێکتدا بەکاردەهێنرێت تا ئاماژە بۆ ڕوداوێك بکات کە تەنها یەك جار ڕوودەدات، ئەوە بەتایبەت لەگەڵ کارەکانی وەك پژمین، لە دەرگادان، و هەروەها. ئەوە لەگەڵ دووبارەبوونەوە iterative جیاوازە.

| بارودۆخەکان | جێگیرەکان | ماوەدورودرێژی | تێلیک |
|---|---|---|---|
| ستەیتیفەکان | [+] | [+] | [ - ] |
| چالاکیەکان | [-] | [+] | [ - ] |
| بەجێهێنانەکان | [-] | [+] | [+] |
| دەسکەوتەکان | [-] | [-] | [+] |

بارودۆخە جێگیرەکان ئەوانەن کە زیاتر بارودۆخی جێگیر دەردەبڕن، بۆ نموونە، بارودۆخی "بوون" و "زانین" کە بەرانبەر بە بارودۆخی "گەشەگردن" و "بازدان" دێن، ئەوانە هەمان تایبەتمەندییان نییە، بۆیە هەمان خوێندنەوە وەرناگرن، ئەوانە جیاوازن لە بنیاتی ناوەکی سیمانتیکی، کورتخایەن یان درێژخایەنی لەکاتدا، بەدەستەوەدانی سەرنجامی کۆتایی، مەرجی ڕاستی و ناڕاستی، لەخۆگرتنی خاڵی کۆتایی، کە تیایدا بارودۆخەکە دەشێت لە کاربکەوێت یان نا؟ ئەوە سەرەرای ئەوەی هەر یەك لەو کاتەگۆریانە لە ڕوی دابەشبوون و نەبوونیان بۆ هەنگاوەکان -states چوونیەکنین، بۆ نمونە، کارە ستەتیفەکان بارودۆخێك پیشاندەدەن کە ناتوانرێت بۆ هەنگاو یان پێکهێنەری بچوکتر دابەشبکرێت، بۆ نمونە، "باپیر زانی کە نەرمین دەرچوووە"، بارودۆخی "زانین" کە وەك بارودۆخێکی Agressive پەلاماری، دەربازبوون لە بارودۆخی نەزانینەوە بۆ بارودۆخی زانین بەیەك ئاراستە و بە بێکۆتایی لە کاتدا دەڕوات و وەك سیفەتی هەمیشەیی بکەر لەگەڵیا دەمێنێتەوە، بۆیە هەست بە بوونی پێکهێنەرەکانی ناکرێت. ئەوە ئاڵۆزی ژیان و دەوروبەر و تێڕوانینی جیاوازی کەسەکان، کات و شوێن بۆ ڕوداو و بەسەرهاتەکان، وا دەکات تەنها پشت بە بەکارهێنانی یەك جۆر لە فۆرمی ئەو کارانە نەبەسترێت، بۆ نمونە، لەبەرئەوەی دەسکەوتەکان ڕوداوی چرکەساتین ئەوانە وەك کاتەگۆریی "-ماوەدرێژی" پۆلکراون، بۆیە بە مەبەستی باسکردنی بارودۆخێکی لەو جۆرە بەکاردەهێنرێن، لەکاتێکدا ئەوەکانیتر بۆ بارودۆخی جیا بەکاردەهێنرێن، بۆیە وەك [+ ماوەدرێژی یان - ماوەدرێژی] پۆلێنکراون و هەروەها، ڕوخسارەکانی [+/- تێلیك] بۆ ڕوداوەکان، نەك بۆ ستەیتیفەکان بەکاردەهێنرێن چونکە، ڕوداوەکان بە پێچەوانەی ستەیتیفەکان بنیاتی دیوی ناوەوەیان هەیە کە دەتوانرێت لەنێوان "تێلیك" یان "ئەتێلیك"دا جیابکرێنەوە. بۆ نمونە،

(١) (ا) باپیر (وا) وەڵامەکە دەدۆزێتەوە.? ?is finding the answer

(ب) باپیر "وا" وەڵامەکە دەزانێت. ? ? is Knowing an answer

گرفتی سەرەکیی کوردی وەك ئەو زمانانەی کە نیشانەی تایبەت بە مەبەستی وەسفی بارودۆخی تایبەت، بۆ نمونە، "is/are + ing" وەك بنیاتی "ئەسپێکتی پرۆگرێسف" یان نییە، زیاتر پشت بە ناوەرۆکی دەربڕین و ڕستەکان دەبەستن، بە زیادکردنی هەندێك زیادەی زمانی، بۆ نمونە، "وا"[٧] لەکوردیدا بە مەبەستی دەربڕینی ئەسپێکتی پرۆگرێسف لەگەڵ تێنسی ناڕابردوودا بەکاردەهێنرێن، لەلایەکی ترەوە، دەبینی مۆرفیمی "دە-" وەك نیشانەی ناتەواو واتە، ئیمپێرفێکتیفێتی لە بواری ئەسپێکتدا ئەرکدەبینێت، ئێستا کە ڕستەی (ا) لە هەردوو

[٧] ئێمە "وا" وەك نیشانەی پرۆگرێسف بەرانبەر بە "-ing"ی ئینگلیزی بەکار دەهێنین و لە باسێکی سەربەخۆدا بە درێژی لەو بابەتە دەدوێین،

زمانەکەدا بە مەبەستی وەسفی هەمان باردۆخ بەکارهاتوون، بۆیە هەمان ناوەرۆك دەگەیەنن، بەڵام لە هەردوو زمانەکەدا بەپێی سروشتی بنیاتی سیمانتیکی خۆیان بەکارنەهاتوون، بۆیە ڕستەی باش-بیناکراویان بەرهەم نەهێناوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فۆڕمی تێنسی "دۆزینەوە" سەربەکاتەگۆری دەستکەوتە، کە دەکرێت بەمەبەستی بارودۆخی تێلیکی ماوەکورت بەکاربهێنرێت و لەگەڵ ئەسپێکتی پڕۆگرێسڤدا ناگونجێت، بەهەمان شێوە ڕستەی (ب) سەر بە کاتەگۆری "ستەیتیڤە" و جیاوازی ڕێزمانی جیا لە نێوان کارەکاندا بەکاردەهێنن، و وەك نەریت ناتوانێت لە فۆڕمی پڕۆگرێسڤدا دەرکەوێت. ئەوە ئەوەمان پێدەڵێت کە وەرگرتنی نیشانەی-"ing-" لە ئینگلیزی و "وا" لە کوردیدا دەکرێت وەك پێوەرێك بۆ دیاریکردنی هێڵێکی دیار لە نێوان کارە جێگیر و نا-جێگیرەکاندا بەکاربهێنرێت، بەلانی کەمەوە ئەوەمان پێدەڵێت کە مەرج نییە هەموو کارەکان لە هەردوو زمانەکەدا و لە هەموو دەربڕینەکاندا لەگەڵ نیشانەی پڕۆگرێسسیڤەدا بگونجێن.

## ١.٤ نەخشەی کاتی زمانەوانیی لەلای Vendler

Vendler بە مەبەستی دیاریکردنی تایبەتمەندی و پێشکەشکردنی جۆری بارودۆخەکان بەو شێوەیەی لای خوارەوە باس لە نەخشە و پڕۆژەی کاتی دەکات: دیارە، بارودۆخ کە بەلای ئەوەوە بریتییە لە State و بەلای هەندێك لە زمانەوانیتر پێی دەگوترێت Stative، بۆ نمونە:

جێگیر/stative: A کەسێکی خۆشویست لە t١ بۆ t٢ بە واتای ئەوەی لە هەر بەشە کاتێك کە دەکەوێتە نیوان t١ بۆ t٢ ەوەوە A ئەو کەسەی خۆشویستووە.

چالاکی/activity: A لە کاتی t دا ڕایدەکرد، واتای ئەوە دەگەیەنێت کە لە کاتی t دەکەوێتە سەر کاتێك کە درێژدەبێتەوە بە درێژایی ئەو کاتەی کە A ڕایدەکرد.

بەجێهێنان/accomplishment: A وێنەی بازنەیەکی دەکێشا لە کاتی t دا واتای ئەوەیە کە t دەکەوێتە سەر ئەو کاتەی درێژدەبێتەوە کە تیایدا A ئەو بازنەیەی کێشاووە.

بەدەستهێنان/achievement: A یاریەکەی بردەوە لە نێوان کاتی t١ بۆ t٢ واتای ئەوەیە کە بەشە کاتەکەی A کە لەسەری یاریەکەی بردەوە دەکەوێتە نێوان t١ بۆ t٢ ەوەوە. لە ( Verkuyl : ١٩٩٣:٣٤) ەوە. بۆ نمونە، "دوێنێ کاژێر چوار باپیر یاریەکەی بردەوە"

### ١.٤.١ بەردەوامی پێوانەی کاتی

ئەوە لەسەر بناغەی دابەشکردنی کارەکانە لە بواری پێوانەی کات لە کارەکەی Vendlerدا، هەروەها دەبێت جیاوازی لە نێوان تێنسی بەردەوامی و نا-بەردەوامیدا بکرێت، یەکێك لەو دانەگرنگانەی دەبێت لەبەرچاوبگیرێت وەك پێوانە ئەوە ئەسپێکتی پڕۆگرێسڤە، تێنسەکانی چالاکی و بەجێگەیاندن فۆڕمی پڕۆگرێسڤیان هەیە، لە کاتێکدا تێنسەکانی بارودۆخ و بەدەستهێنان نیانە:

(١) من لە زانیندام، خەریکی[٨] خۆشەویستی وڵاتم، و هەروەها بارودۆخ نەگونجاو "جێگیر لەگەڵ پڕۆگرێسڤ نایەت

(٢) وا مەلەدەکات، خەریکە پاڵ بەسەیارەکەوە دەنێت، سەرقاڵی نوسینە چالاکی گونجاوە "لەگەڵ پڕۆگرێسڤ دێت"

---

[٨] دەربڕینەکانی وەك "وا" و "خەرکبوون" ئێمە وەك نیشانەی پڕۆگرێسڤ مامەڵەیان دەکەین و لەبری نیشانەی پڕۆگرێسڤی "ing-" لە ئینگلیزیدا بەکاریان دەهێنین، ك خوا بکات دواتر لە باسی پڕۆگرێسڤ لە کوردیدا ئەوە ڕوندەکەینەوە.

(٣) باپیر وا وێنەی بازنەیەك دەكێشێ، باپیر وا میلێك دەڕوات بەجێهێنان گونجاو "لەگەڵ پڕۆگرێسفدا دێت"

(٤) باپیر لە ناسینەوەی منداڵەكەدایە، وا یاریەكە دەباتەوە دەستكەوت نەگونجاو "لەگەڵ پڕۆگرێسفدا نایەت"

كارەكان لە (١)دا ناتوانن لە فۆڕمی پڕۆگرێسفدا بێن، چونكە پڕۆگرێسف لەسەر بنەمای نمونەی پڕۆسە دامەزراوە، "+ پڕۆسێس" پەیوەندی بەو پڕۆسانەوە هەیە كە بەردەوامن لە كاتدا. بەو جۆرە "نوسین و وێنەكێشان" و نمونەی لەو جۆرە پڕۆسەن لەكاتدا بەردەوام دەبن، لە پڕۆگرێسفدا ڕوودەدەن و زنجیرەیەك لە قۆناغی یەك لەدوای یەك لەخۆدەگرن.

### ١.٥ گرنگیی كارەكەی Vendler

گرنگیی كارەكەی نوسەر لەوەدایە كە هەر خودی خۆی دەستەیەك لە تاقیكردنەوەی سینتاكتیكی و سیمانتیكی پەیڕەودەكات بە مەبەستی ئەوەی بزانێت، هەر دانەیەك لە كارەكان سەر بەكام لەو چوار كاتەگۆریەن. بەو جۆرە نەبوونی نیشانەی تێنسی بەردەوام، ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە فۆڕمی كاری دیاریكراو یان ئەوەتا زاراوەیەكی ستەیتیفە یان سەر بە گروپی دەستكەوتەكانە، دیاریكردنی پێكەوە ڕودان لەگەڵ دیاریكردنی كات، بۆ نمونە (كەی ...؟ بۆ وەها و وەها ماوەیەك) ئەوە دیاری دەكات كە ئەو فۆڕمەی پرسیاری لەبارەوە دەكرێت كاری بەدەستهێنانە نەك ستەیتیف، بە پێچەوانەوە، هەبوونی نیشانەی تێنسی بەردەوام، ئەوە وەك ئاماژە و جەختكردنەوەیەكە بۆ ئەو هەقیقەتەی كە كارێك یان ئەوەتا چالاكی یان كاری بەجێهێنانە، لەوانەبونی ڕێكخستن یان ڕێككەوتن لەگەڵ دیاریكردنی كات لە شێوەی (چەندی برد تا ....) وەك ئاماژەكەرێك مامەڵەدەكرێت بۆ بەجێهێنانەكان، لەبری ئەوەی چالاكی بێت.

Verkuyl پشتگیری نوسەران Galton (١٩٨٤) و Hoeksema (١٩٨٤) دەكات كە دەبێت دابەشكردنەكەی Vendler بۆ چوار كاتەگۆریەكان وا پێویستدەكات وەك ئەوەی وەكیەكبن. بارودۆخ و پڕۆسەكان هاوبەشن لە تایبەتمەندیەك كە پەیوەندی بە نا-یەكسانی بونەوەرە كاتیە ناسنوردارەكانەوە هەیە. بارودۆج و دەسكەوتەكان پەیوەندیان بە بەشە-كاتەوە هەیە، لە كاتێكدا چالاكی و بەجێهێنانەكان، وەك پڕۆسەیەكی بەردەوام لەسەر كاتی درێژبۆوە دەبینرێن، و لە كۆتایدا، هەردوو بەجێهێنان و بەدەستهێنان هاوبەشی لە شتێكی نمونەیی لەجۆری خۆیدا دەكەن. دیاگرامی (٤ ).

| | - پڕۆسە | +- پڕۆسە |
|---|---|---|
| - دیاریكراو | بارودۆخ | چالاكی |
| + دیاریكراو | بەدەستهێنان | جێبەجێكردن |

### ١.٦ گرفتەكان لەگەڵ پۆلكردنەكەی Vendler دا

بەلای زۆر لە زمانەوانەكانەوە كارەكەی Vendler سەركەوتنی بەدەست هێناوە و لە ناو زمانەوانەكاندا جێگەی خۆی كردۆتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێ كەم و كوڕی نییە، (Farahani ١٩٩٠:١٩٠) چەند كەموكوڕیەك دیاریدەكات، **یەكەم**، تەنانەت ئەو كارانەی كە وا دێنەبەرچاو وەك ئەوەی لەگەڵ فۆڕمی پڕۆگرێسفدا ناگونجێن، دەشێ لە دەقی دیاریكراو یان دەقیتردا ڕوونبدەن: **دووەم**، بەجێهێنانەكان وا دەردەكەون وەك ئەوەی كاتەگۆری كاریبن، بە واتای ئەو دەربڕینانەی كە پێكدێن لە كار، بەركارێك یان تەواوكەر زیاتر لەو

کارانـەی ئەوانـەیان پێویستنیە خۆیان بەبارێکـدا دەخـەن سـەبارەت بـەوەی سـەر بـە کام کاتـەگۆرین، کەواتـە لـە جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی کارەکان بەسەر ئەو چوار جۆرەدا، ناتوانرێت تەنها پشت بـە فۆڕمی کارەکـە ببەسـترێت بەڵکو پێکهێنەریتری وەك بەرکار، ئاوەڵکار تەنانەت بەشی ناـکاری لە فۆڕمی کاری ناـسادەدا لـەو بـوارەدا هاوکارن. Mourelatos (١٩٨١K١٩٦) لـە (١٩٩٠:١٩٠-١ Farahani) ەوە، بـاوەڕی وایـە کـە ئەگـەر کـاری "زانـین" یـان "تیگەیشتن" وەربگریت دەبینیت، لەگەڵ ئەوەشدا کە پەیوەندی و نزیکایەتی تایبـەتیان هەیـە لەگـەڵ بـارودۆخی دەقیـدا، "لەبـەر ڕۆشـنایی لەوانـەبوونی گۆڕان (جێگۆڕکێ) ی سـیمانتیکی کـە بـە هـۆی سیسـتێمی ئەسـپێکتیەوە دەدریت ... دەتوانن بەباشی کاربکەن لە بنیاتی دەقی یان بۆ ئەو بابەتە لە دەقێکی چالاکیدا"، واتـە دەتـوانن وەك چـالاکی کاربکـەن، جـارێکیتر،"من زیـاتر تێدەگـەم سـەبارەت بـە چـەندێتی میکـانیکی وەك ئـەوەی ڕۆژەکـان تێدەپـەڕن" بـە واتـای ئـەوەی "کـارێکی سـتەیتیڤی دیـاریکراو دەشـێت بـەکار بهێنرێـت تـا نـاوی جـۆری جیـاوازی بارودۆخ بنـێن" (١٩٨٧:٢٠٤ Brinton) لە (١٩٩٠:١٩١ Farahani) ەوە، بـەو وشـێوەیە ئـەوە دەق یـان تێڕوانینی قسەکەرە کە خوێنەوەی ئەرکی جیاواز دەدات بە کارەکان. بۆ نمونە،

(١) من لە تاریکیدا باش <u>دەبینم</u> (جێگیر) "بینین" بووە بە سیفەتی هەمیشەیی بکەر

(٢) وا ئەسـتێرەکان <u>دەبیـنم</u> (چـالاکی یـان پرۆسـە ) "وا" خوێندنـەوەی جیـاوازی بـە دەربڕینەکـە بەخشی

(٣) پاشـان ورچـەکە دەبیـنم (بەدەسـتهێنان) "پـاش" وای کـرد کـە "بیـنین" خوێندنـەوەی چرکەساتی هەبێت

(٤) بـە یـانی بـۆ مـاوەی سـەعاتێك بـاپیر دەبیـنم (بـەحیێهێنان). "لـە مـاوەی دیـاریکراودا مەبەسـت بەدەستدێت"

کەواتـە جـۆری دەق و ویسـت و تێڕوانـی قسـەکەر وایکـرد لـە ڕسـتەکانی (١) بـۆ (٤) کـاری سـتەیتیڤی "بیـنین" خوێندنەوەی جیاواز جیاواز وەربگرێت. بەهـەمان شێوە کاری سـتەیتیڤی "زانـین" لـەو ڕسـتانەی لای خـوارەوەدا خوێندنـەوەی جیـاواز وەردەگرێـت: لـە ڕسـتەی (٥) واتـای وردبـینی یـان تیـژبینی دەدات لەبەرئـەوە وەك کـاری "بەدەستهێنان" لـە هـەردوو زمـانی کـوردی و فارسـیدا مامەڵـە دەکرێـت (١٩٩٠:١٩١ Farahani) و (٦) ئامـاژە بـۆ بارودۆخی جێگیر دەکات، کەواتە ستەیتیڤە.

(٥) هەر ئێستا زانیم کە باپیر نەخۆشە (بەدەستهێنان)

(٦) دەزانم کە باپیر نەخۆشە.

بە لای خۆیەوە (١٩٦٦) Allen بۆچوون و چارەسەری هەیە سـەبارەت بـەو گرفتـە، ئـەوەش لـە پـۆلینکردنی بەشـی کاری لە بری کارەکان بۆ جۆری سیمانتیکی جیاواز، بـە مەبەسـتی چارەکردنی گرفتـەکان، پێویست بەوەنیـە قسـە سەبارەت بە کاتەگۆری بەشی کارەکان بکەیت بەڵکو لەبری ئـەوە دەبێـت قسـە سـەبارەت بـە کاتـەگۆری یـان جـۆری کارەکان بکـەیت: ئێمـە لـە نمونـەکانی Vendler سـەبارەت بـە بەجێهێنانـەکان تێدەگـەین، بـۆ نمونـە، "ڕاکردنـی میلێك"، "بۆیەکردنی وێنەیەك"، "چاکبونەوە لە نەخۆشی"، "دروسـتکردنی کورسـیەك" کاتـەگۆری بـەجێهێنانن و تاکـە کاتەگۆریەکـە کـە بەشـێوەیەکی سـەرەتایی کاتـەگۆری بەشـی کاریـە لـەبری کـاری فەرهـەنگی. دیاگرامی (٥)

| جێگیرەکان | چالاکیەکان | بەجێهێنان | بەدەستهێنانەکان |
|---|---|---|---|
| دەستبەسەراگرتن | ڕاکردن | دروستکردن | ناسینەوە |
| حەزکردن | پیاسەکردن | نوسین | دۆزینەوە |
| ویستن | پاککرد | ڕاکردنی کیلۆمەترێك | بردنەوە(یاری) |

لە کوردیدا، پێویستە هەردوو بەشی کاری و بەشی ناکاری لە بنیاتی کاری دیارکراودا بەهەند وەربگرین لە پرۆسەی دانانی سنور لەنێوان ئەو چوار کاتەگۆریەدا، بۆ نمونە، جۆری بەشی کاری، بەشی نا-کاری، جۆری کار (لە ڕوی تێپەرو تێنەپەڕەوە) یان جۆری پێکهێنەرەکانی ڕستەی دیاریکراو لەو بارەوە کاریگەری خۆیان هەیە، لەکاتێکدا، کارە فەرهەنگیەکان لە دەرەوەی بەکارهێنانی دەق دەتوانرێت بە شێوەیەکی گشتی دیاریبکرێن، واتە بەجێهێنانەکان لە شیکاری ڕستەکاندا، بەڵام کارە فەرهەنگیەکان لە دەرەوەی دەق دیاریدەکرێن. لەبەر ئەوەی کوردی زمانێکی فرەگرە، پێویستە بەشی نا-کاری لە کاری نا-سادەدا بەهەند وەربگیرێت، ئەگەر بەشی کاری وەربگیرێت وەك بەرپرس لە باسکردنی بارودۆخ و پیشاندانی بنیاتی سیمانتیکی کاتی سەرجەم کارەکەوە، واتە بەشی کاری پێویستە ئەندام و ناوکی بەشی کاری دەربڕینەکان بێت، هەڵگری واتای کاتەگۆریەکە، کە دواتر بە هۆیەوە لە کاتەگۆریەکانیتری وەك ناو، ئاوەڵناو و .... جیادەکاتەوە، لە کاتێدا بەشی ناکاری بەرپرسە لە دیاریکردنی جۆری بارودۆخ، تەنانەت زۆر جار بەشی کاری بەلایەکدا دەبات کە دەشێت خوێندنەوەی تێپەڕ وەربگرێت یان نا، بۆیە فۆڕمی تێنسی نا-سادە ئاڵۆزترە لە فۆڕمی سادە، بۆ نمونە، "کرد" دەبێتە ناوك بۆ فۆڕمی کاری جیاواز و بە خوێندنەوەی جیاوازەوە. دیارە ئەوەش پشت بەجۆری بەشی نا-کاری دەبەستێت، سەنج لەو دیاگرامەی لایخوارەوە بدە کە لێکدانەوەیەکی کورتی ئەوەی لێرەدا دەگوترێت: دیاگرامی (٦)

| دەستکەوت | ستەیتیف | جێبەجێکردن | چالاکی |
|---|---|---|---|
| هەڵکردنی چرا | باوەڕکردن بە خوا | دابەشکرنی پارە | ڕاکرن |
| سەرکردنی گوللە | حەزکردن لە میوە | بۆیەکردنی پەنجەرە | داکردنی ئاژەڵەکان |
| ونکردن | بۆنکردن | جیاکردنەوەی قوتابی | سەماکردن |

بەلای (٢٣٠ :١٩٩٥ Bache) وە پەیوەندی لەنێوان واتای کارەکە و جۆری بارودۆخی دیاریکراو موتڵەق نیە، هەندێك کار دەتوانن واتای جیاوازیان هەبێت، کە ئەوەش پشت بە ڕستەی دەقەکە دەبەستێت، "دیارە ئەوەش وا دەکات کە ئەو کارە سەر بە زیاتر لە پۆلێکی ئەکشنسارت بێت. کە لە ژێر ناونیشانی جۆری بارودۆخدا جێگەیان دەبێتەوە". کەواتە، جۆری دەق، کات و شوێن، بنیاتی سیمانیکی فۆڕمی کاری دیاریکراو، تێکەڵ بەرەفتاری هەریەك لە پێکهێنەرەکانی ڕستەکە هەموو هۆکارن لە جۆری بارودۆخی دیاریکراو و گۆڕانی بارۆخەکان لە سنوری دەقی ژێرلێکڵێنەوەدا" ئەوە لەبری بەکارهێنانە دەشێت ئاشکرا و ڕوون بێت و ئەگەر و تەنها ئەگەر بەهۆی گۆڕەرە کاتییەکان یان دەقی نا-زمانی دیاریکراوەوە جیابکرێنەوە". (Trauwein ٢٠٠٥:٣٧) گرفتەکان:

(أ) مـن بیردەکەمـەوە کە باپیر ژیرە/ وا دەزانم کە باپیر ژیرە. I / I am thinking that think that

(ب) چی دەکەیت؟ مـن بیردەکەمـەوە what do you do? I am thinking

له یەکەم نمونەدا، بیرکردنەوە ئاماژە بۆ بارودۆخ (ی زانین) دەکات، لە نمونەی دووەمدا ئەوە ئاماژە بۆ مەعریفە واتە توانای مێشکی دەکات کە لەکاتی قسەکردندا لە پڕۆسەکەدایە.

(ت) بە درێژای چەندان کاژێر باپیر هەر ڕایدەکرد.

(پ) باپیر ئەمڕۆ ٤ کیلومەتر ڕایکرد.

کاری "ڕاکردن" لە (ت) وەسفی چالاکی ڕاکردنی باپیر دەکات، ئەو کارە بە سروست ئەتێلیکە، چەندی ڕایکردووە هەدەفێك نەبووە تا پێیبگات و لەوێ چالاکیەکە بوەستێت، بەهەرحاڵ، لە (پ) ٤کم خوێندنەوەکە دەگۆڕێت، دەشێ ئەوکات ئەوە کۆتایی مەبەست بێت بۆیە "ڕاکردن" تایبەتمەندی کاتەگۆری "بەجێهێنان" وەردەگرێت، سەیری (Dawty ١٩٧٩:٦٠) بکە. دیارە هەموو ئەوانە لەبواری جیاوازی لە نێوان چرکەساتی پێچەوانەی ماوەدرێژی و ئاماژەکردن بۆ بارودۆخێك کە بەشێوەیەکی سادە هەیە یان ڕوداوێك کە لە کاتی گونجاودا ڕودەدات، وەك چالاکییەکان، نەك وەك بەجێهێنانەکان"چونکە بەجێهێنانەکان لە بناغەدا بەشێکیان پێکهاتون لە کار و تەواوکەر، کاتەگۆری Vendler "بەجێهێنان" پێوەستە سنورداربکرێت بۆ کار و بەشی کاریەکان، کە بەلانی کەمەوە دانەیەکە لە گرفتی پۆلێکردنی کارەکان.

## ٢.٠ لێکدانەوەی ئەسپێکتی

### ٢.١ جیاوازیی ئەسپێکتی

جیاوازی ئەسپێتی دەشێ لە نا-هەواڵییەکانیشدا ببینرێت، لێکدانەوە بۆ ئەو هەقیقەتە نەکراوە کە لێرەدا تەنها دوو مەرج و یەك حالەت هەن، ڕانەبردوی مەرجی "دەشێت بڕۆم I may go ئەوە بەرانبەر بە فارسی "بیرڤەم" و مەرجی پێرفێکت "ڕەفتەباشەم" ڕۆیشتووم I may have/be gone حاڵەتی بارودۆخی ئیمپێرفێکتی "مـی ڕەڤەم- I would go دەمەویت بڕۆم" (Farahani ١٩٩٠)، بارودۆخی ڕابردووی پێرفێکتیڤ "ڕۆیشتبووم – ڕەفتێبودەم". ئەو لێکدانەوەی لێرەدا پێشنارکراوە، ئەوەیە کە هەردوو "مەرجی و بارودۆخ" بە هۆی ئەسپێکتەوە لێکجیادەکرێنەوە.

بەلای Comrie یەوە پەیوەندیی لەنێوان واتا و فۆڕمدا لە سەر بنەمای یەك-بۆ-یەك بەرانبەری دامەزراوە، و لەناو واتاکانیشدا دانەیەکیان زۆر سەنتەریتر و نمونەییترە لە ئەوەکەیتر، لە وەها بارێکدا، و ئاسایی قسە لەبارەی ئەو واتا سەنتەریە وەك واتای کرۆکی و واتاکانیتر وەك واتای دووەم دەکرێت" بۆ نمونە، کاتێك کە دەڵێت، "جەختکردنەوە لەسەر کۆتایی بارودۆخ لەباشترین حالەتدا تەنها دانەیەکە لە واتای چاوەڕوانکراوی فۆڕمی پێرفێکتیڤ، بە دڵنیاییەوە ڕوخساری(تایبەتمەندی) دیاریکراوی نیە". (Comrie ١٩٧٦:١٩-٢٠). Lyons یش هەمان بۆچووم دووبارەدەکاتەوە و دەڵێت "ئەوە پێشنیارێکی کەرانەیە کە .... ئەسپێکتێکی دیاریکراو ناتوانێت زیاتر لە واتایەکی هەبێت" (١٩٧٧:٧١٣) " پێناسەکەی Comrie سەبارەت بەوەی "ئەسپێکتەکان ڕێبازی جیاوازیی باری سەرنجی کاتی ناوەوەی ناوچەی بارودۆخەکانن ... کەواتە ئەوە قسەکەرە بە پێی باری سەرنجی خۆی لە دیوی ناوەوەی کاتی بارودۆخەکان دەروانێت لە ناوچەیەکی دیاریکراودا." (١٩٧٦:٣)[٩]، بە لایەوە جیاوازی لە نێوان پێرفێکتیڤ/ئیمپێرفێکتیڤ کرۆکیە.

---

[٩] Comri یەکەم کەس نیە لەو بوارەدا، چونکە خۆی ئەڵیت کە پێناسەکەی لەسەر Holt (١٩٥٣:٦) دامەزراندووە کە دەڵێت " les manierres diverses de concevoire l’ecoulmen du process meme’’ جیاوازیەکەیان لەوەدایە کە هی Comrie زیاتر گشتی و تەنها ئاماژە بۆ پڕۆسەکان ناکات بەڵکو بۆ بارودۆخەکانیش (Comrie ١٩٧٦:٣) ئەوەکەی قومری ئاماژە دەکات بۆ بارودۆخ، ڕوداو و پڕۆسەکانیش.

Comrie (١٩٧٦:١٨. باشترین پێناسەی بۆ كاتەگۆری پێرفێكت و ئیمپێرفێكتیف كردووە "ئەسپێكتی پێرفێكتیف ئاماژەدەكات بۆ بارودۆخێكی تەواو لە گەڵ سەرەتا، ناوەڕاست و كۆتایی كە لە دانەیەكدا كورتكراوەتەوە" جگە لەوە "جەخت كردنەوە لەسەر سەرەتا و كۆتایی بارودۆخ وەك واتایەكی چاوەڕوانكراوی تری واتای پێرفێكتیڤە، بەو پێیە واتا تایبەتمەندیی كرۆكی ئەسپێكتی ئیمپێرفێكتیف جەختكردنەوەیە لەسەر، ناتەواوبوون، بەردەوامی بارودۆخێك لە بەردەوامی یان پرۆگرێسڤدا، و واتای ناكرۆكی ئاماژەكردنە بۆ بارودۆخە نەریتیەكان، ئەوەش لەوەوە هاتووە كە هەمیشە باس لە هەقیقەت دەكات، بە هەمان شێوە، زمانەوان Brinton (١٩٨٧)باوەڕی وایە كە لە زوربەی زمانەكاندا ئیمپێرفێكتف بەكاردەهینرێت تا نەریت دەربڕێت، (...) لە هەندێك زماندا ئیمپێرفێكتیف و پێرفێكتیف بەكاردەهێنن تا نەریت دەربڕن" جیاوازی ئەسپێكتی لە لای Comrie

دیاگرامی (٧)




**٢.٢ باری سەرنجی ئەسپێكتی**

زۆر كەس پێناسەی ئەسپێكتیان كردووە سەرجەم لەسەر زوربەی تایبەتمەندیەكانی ئەو كاتەگۆریە هاوڕان، لەوانە، Simith (١٩٨٣:٤٨٠)[١٠] و دەڵێت، "ڕێگای قسەكەر/نوسەر بۆ تێڕوانین لە بارودۆخی دونیای-هەقیقەت ... ڕێبازی قسەكەر/نوسەر بۆ بینینی بارودۆخ لە دونیای-هەقیقەتدا". ڕستەی ئەسپێكتی بارودۆخێك پیشاندەدات (ڕوداو، ستاتیف و هەروەها) لە باری سەرنجێكی دیاریكراوەوە. ئەو ڕستەیە هەڵبژاردنی ڕاو و بۆچونی قسەكەرە لەسەر بارودۆخەكە.

Smith جیاوازی لەنێوان "ئەكشنسارت و ئەسپێكت"دە دەكات و پێیان دەڵێت "بارودۆخی ئەسپێكتی" و "باری سەرنجی ئەسپێكتی" نوسەر ئەسپێكتی پێرفێكتیف و ئیمپێرفێكتیڤی دیاریدەكات لە بواری بیری "تاكی هەموویی"، "ناتەواوبوون"، خاڵی "كۆتاییەكان" وەك زمانەوانەكانیتر، جەخت لەسەر هەبوونی دوو ئەسپێكت دەكاتەوە، "پێرفێكتیف و ئیمپێرفێكتیف". باوەڕی وایە كە ئینگلیزی دوو ئەسپێكتی هەیە ئەسپێكتی سادە "ئەسپێكتی پێرفێكتیف"، و "ئەسپێكتی ئیمپێرفێكتیف". بەلایەوە جۆری بارودۆخەكان تەنها لە بواری بیرەكانی "هێز/ماوەدوری، داینامیكێتیەوە" دیاریناكرێن بەڵكو هەروەها لە بواری تایبەتمەندی خاڵی

[١٠] لە تیۆریەكەی خۆیدا زیاتر جەخت لەسەر ئینگلیزی دەكاتەوە بەڵام هیوای وایە بۆ هەموو زمانەكان بگونجێت، "لەگەڵ ئەوەشدا، من جەخت لە سەر ئینگلیزی دەكەمەوە، ڕێبازەكە دەتوانرێت گشتگیربكرێت.

کۆتاییەکانیشیانەوە" دیاریدەکرێن، چونکە واتای کاتەگۆری ئەسپێکتی پێرفێکتیڤ و ئیمپێرفێکتیڤێتی بە تایبەتمەندی خاڵی کۆتاییەوە دەبەستێتەوە، ئەو بارودۆخەی ئاماژەی بۆ دەکرێت بە ڕێگەیەکی دیاریکراودا.

Smith ئەوە ڕوندەکاتەوە کە "ڕستە ڕووداوییەکان لەگەڵ ئەسپێکتی سادەدا دەشێت وا وەربگیرێن وەك ئەوەی جەخت لەسەر بارودۆخی هاودەمی یان یەك لەدوای یەکی بکەنەوە" بە هۆی دەربڕینی"کاتێك"ەوە.

(١) باپیر ڕایکرد بۆ ژێر زەمینەکە <u>کاتێك</u> گوێی لە ئەلارمەکە بوو.

(٢) باپیر لە ڕاکردن وەستا <u>کاتێك</u> نازەنین لە ڕاکردن وەستا.

بەڵام ستەیتیڤ/جێگیرەکان لەو ڕستانەدا یان خوێندنەوەی ماوەدوری وەردەگرن یان جەخت لەسەر سەرەتای بارودۆخ دەکەنەوە.

(٣) باپیر توڕەبوو کاتێك نازەنین ئاوەکەی ڕشت.

بە هۆی مۆرفێمی ڕێزمانییەوە، بارودۆخی ئەسپێکتی بە هۆی کۆمەڵێك لە مۆرفێمی فەرهەنگییەوە دەردەبڕدرێن. "ئەرکی مۆرفێمی ڕێزمانی هەمیشە لە ڕستەوە پێشبینی ناکرێت، بەڵکو دەشێ بە شێوەیەکی سیمانتیکی بەشێکبێت لە یان پەیوەندی هەبێ بە پێکهێنەری ڕێزمانی یان بە بواری ڕێزمانی فراوانتر کە تیایدا ڕوودەدات". (Smith ١٩٩٠:٨)

لە زمانی کوردیدا وەك زمانی ئینگلیزی دیاریکەرەکان و نیشانەی تێنس مۆرفێمی ڕێزمانین. بە پێویستە ببن بە ئەندامی N′ و V′ ، بۆ نمونە، ئەوانە ئەرك دەبینن لە ئاستی سەرەوەی ڕستەی ئەو پێکهێنەرانەدا. دیاریکەرەکان بە شێوەیەکی سیمانتیکی پەیوەندیان بە N′ ەوە هەیە و باس لە تایبەتمەندی تایبەت، ڕون و ئاشکرایی، دیاریکراویی، چەندێتی بۆ هەموو ئەو ناوە پەیوەندیدار و سنوردارکراوەکان دەکەن و دەبنە ئەندامی بنیاتەکانیان. لە کاتێکدا نیشانەکانی تێنس و ئەسپێکت بە شێوەیەکی ڕێزمانی پەیوەندیان بە فریزە کردارەوە هەیە و وەك مۆرفێمی ڕێزمانی لەسەر فۆڕمی کارەکە دەردەکەون، و تێنس لە لایەکەوە ڕستەی تەواو لە چوارچێوەکەیدا بەخۆوە دەگرێت، لە لایەکەیترەوە لە سیمانتیکی وەچەپەیڕەوی شوێنی کاتێکدا ئەرکدەبینێت. گرنگی مۆرفێمە ڕێزمانیەکان لەوەدایە کە لە مەودایەکی فراوانی ئەرکیدا کاردەکەن، و ئەو بیرەی بە هۆی ئەوانەوە دەردەبڕێت لە زماندا بەڕێزمانیکراوە. لە کوردیدا، کاری ڕانەبردوو تەنها یەك بەهای هەیە بۆیە وەك نیشانەکراو مامەڵەدەکرێت، بەپێچەوانەی "ناڕابردوو" دوو بەهای هەیە، واتە ڕابردو و داهاتوو بۆیە وەك ئاڵۆز و نیشانەنەکراو مامەڵەدەکرێت. بۆیە بەهای ئەڵتەرناتیڤێك پشت بە چاوەڕوانکردنەکان دەبەستێت کە لە لایەن پەیڕەوەکەوە پێشکەش دەکرێت.

بارودۆخی ئەسپێکت بەهۆی نیشانە ڕێزمانیە جیاوازەکانەوە/inflections بەڕێزمانی نەکراوە. بۆیە جۆری بارودۆخ نیشانەیەکی ڕێزمانیی تاکی نییە، بەڵکو زیاتر ئەوانە بەهۆی زاراوە/وشە فەرهەنگییەکانەوە دەنوێنرێت، کە ئاماژە بۆ بارودۆخەکان دەکەن، لە هەڵبژاردنی ئەو کۆمەڵەکارەوە، قسەکەرەکان داوای جۆری بارودۆخی دیاریکراو دەکەن. بە پێی جۆری بارودۆخ قسەکەرەکان فۆڕمی دیاریکراو لە فەرهەنگدا هەڵدەبژێرن، دواتر ڕستەکان هەریەکەو جۆرێکی تایبەت لە بارودۆخ و دەستەیەکی جیا و دیاری ڕێزمانی و تایبەتمەندی سیمانتیکی بەخۆوە دەگرن. ئەوە، ئەوە دەگەیەنێت کە جۆری بارودۆخ لەسەر ئاستی کۆمەڵەی کار[١١] لە ڕستەدا

[١١] مەبەستمان لە کۆمەڵەی کاری ئەوەیە، کە هەر کردارێك لە فەرهەنگی کوردی یان زمانێکیتردا تۆمارکرابێت دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت بە مەبەستی نواندنی جۆرێك لەجۆرەکانی جۆری بارودۆخ، کە لە زۆر شوێن ناوبراون، بۆ نمونە، "چالاکی، جێگیر، دەستکەوت و بەجێهێنان"

جیاده‌کرێته‌وه. هه‌موو زمانه‌کان له‌و ڕووه‌وه وه‌ك یه‌ك نین، بۆ نمونه "هه‌ندێك زمان جۆری بارودۆخی زۆریان هه‌یه، هه‌ندێکیتر نا"، بۆ نمونه "له زمانی ماندارین دوو یان سێ پێرفێکتیڤی هه‌یه دوو ئیمپێرفێکتیڤ و باری سه‌رنجی بێلایه‌ن" (Smith ١٩٩٠:١٠-١١)

**٢.٢ هه‌ڵبژاردنی ئه‌سپێکت و جۆری بارودۆخ**

له هه‌ر ده‌ربڕینێکدا، قسه‌که‌ر ده‌یه‌وێت بارودۆخێکی ڕاستی به واتایه‌که‌وه گرێبدات، واته په‌یوه‌ندی له نێوان ده‌ربڕینه‌کان و دونیای ده‌ره‌وه‌دا هاوتاده‌کات، ئه‌وه‌ش به هۆی قسه‌کردن/نوسین و سه‌بارەت به فۆڕمێکی زمانی دیاریکراوه‌وه به‌ئه‌نجام ده‌گه‌یه‌نرێت، لێره‌دا دوو لایه‌ن حوکمده‌که‌ن که بریتین له قسه‌که‌ر و گوێگر، یه‌که‌میان زیاتر نزیکه له‌و بارودۆخه‌ی که له هه‌ڵبژاردنی ئه‌سپێکتیدا دیاریده‌کرێت، به‌و جۆره په‌یوه‌ندی له نێوان بارودۆخی ڕاستی و ڕسته‌یه‌کی دیاریکراو له لایه‌ن قسه‌که‌ره‌وه ناوه‌ندگیری ده‌کرێت. ئه‌و دیاگرامه‌ی خواره‌وه که له (Smith ١٩٩٠:١٢) ه‌وه وه‌رگیراوه په‌یوه‌ندیی ناڕاسته‌وخۆ له نێوان بارودۆخی ڕاستی و واتادا پیشان ده‌دات.




دیاگرامی ( ٨ ).

قسه‌که‌ره‌کان بارودۆخێکی ڕاستی پێشکه‌ش ده‌که‌ن وه‌ك نمونه‌یه‌ك بۆ جۆری بارودۆخێکی دیاریکراو و له باری سه‌رنجێکی دیاریکراوه‌وه. ئه‌وه‌ش به‌هۆی به‌کارهێنانی فۆڕمه زمانییه‌کان که په‌یوه‌ندییان هه‌یه له‌گه‌ڵ جۆری بارودۆخ و باری سه‌رنجی دیارکراوه‌وه.




دیاگرامی ( ٩ )

ئه‌کشنسارت زۆر جار "ئه‌سپێکتی فه‌رهه‌نگ"یشی پێده‌گوترێت، که به گشتی وه‌ك پرۆسه مامه‌ڵه‌ده‌کرێت، ده‌بێت به به‌شێك واته ڕێگه‌یه‌ك که به‌هۆیه‌وه بارودۆخه‌کان په‌یوه‌ست به کاته‌وه بنیات ده‌نرێن، له پاڵ هه‌ر ڕوداوێك، بارودۆخێك، کرده‌وه‌یه‌ك، که کارەکه ده‌ریده‌برێت، هه‌قیقه‌تێکی چاوه‌ڕوانکراو له ڕاستی و ڕاسته‌قینه‌دا به یه‌کێ له به‌هاکانییه‌وه، بۆ نمونه، به‌های ڕاستی یان به‌های درۆ ده‌بێت حزوری هه‌بێت[١٢]، وه‌ك گوترا، ئه‌سپێکتی فه‌رهه‌نگی و ئه‌سپێکتی ڕێزمانی دوو کاته‌گۆری لێکجیاوازن، یه‌که‌م، "تایبه‌تمه‌ندێتی سروشتیی چاوه‌ڕوانکراوه، له‌کاتێکدا ئه‌سپێکتی ڕێزمانی تایبه‌تمه‌ندی (ڕێزمانی یان فۆنۆلۆجیکیانه)پێزانینه. ئه‌سپێکتی فه‌رهه‌نگی

[١٢] که گوترا "ئازاد خه‌ڵکی ماوه‌ته" ده‌بێ "که‌سێك به ناوی ئازاد، شوێنێك به‌ناوی "ماوت"ه‌وه له واقیعدا هه‌بن، ئه‌و کات ده‌گوترێت به‌های ڕاستی هه‌یه، ئه‌گه‌ر نا، ئه‌وه به‌های درۆی هه‌یه، ئه‌وه له باسێکی تایبه‌تدا به ناوی "ناوه‌رۆك و مه‌رجی ڕاستی"یه‌وه خوا بکات ڕونده‌کرێته‌وه.

جێگیره، لەکاتێکدا ئەسپێکتی ڕێزمانی دەتوانێت بگۆڕدرێت بەپێی هەوەس و ئارەزوی قسەکەرەکەوە" Smith) (۱۹۹۰:۱٤.

**۲.۲.۱ ڕێبازە سەرەکی و ناوبەند پەیوەندییەکان**

(أ) باری سەرنجی قسەکەر له هەڵبژاردنی جۆری بارودۆخ و ناردنی بۆ بەرانبەر، کە ئەوە بە شێوەیەکی گشتی لە هەموو زمانەکاندا، بە ڕێزمانیکراوە، واتە Grammaticalizationە، ئەوە لە زمانی کوردی و ئینگلیزیدا بێگرفت ئەو دوو کاتەگۆرییە ناوبەند پەیوەندیدارانە بەهۆی نیشانە ڕێزمانییە شێوە گۆڕەکانەوە inflections دوو کاتەگۆری بە فۆڕم و ناوەڕۆك لێکجیا بەرهەم دەهێنرێن لە شێوەی پێرفێکتیڤیتی و ئیمپێرفێکتیڤی کە هەریەکەیان بە پێی بنیاتی سیمانتیکی خۆیانەوە بیر و تێڕوانینەکانی قسەکەر بۆ بەرانبەر دەگوازنەوە،

(ب) جۆری بارودۆخ، ئەسپێکت ئەوەی ڕاستکردۆتەوە، کە لە لێکۆڵینەوەی زماندا چیتر لە چوارچێوەی ئەو پێناسە باوەدا نامێنین کە وا باس لە کارەکان دەکرێت وەك ئەوەی کردنی کارێك، دانەپاڵ و سیفاتبێت بۆ کەسێك و ...، لێرە "بارودۆخ" بەکاردەهێنرێت، کە بەهۆیەوە دەتوانرێت سەرجەم کارەکان بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا، بۆ نمونە، کارە ستەیتیڤ و داینامیکیەکان دابەشبکرێن، دواتر هەر یەك لەو جۆرانەش دەکرێت بەسەر چەند وەچە بەشێکیتردا دابەشبکرێن، و بە مەبەستی نواندنی بارودۆی جیا جیا و لەدەقی جیا و بەمەبەستی جیا بەکاربهێنرێن، بەو پێیە لە پێکهاتەی کارەکاندا بەشی نا-کاری ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە پۆلێنکردنی جۆری بارودۆخ، ئەو پۆلێنکردنەش بۆ چوار پۆل پۆلێندەکرین و لەسەر بناغەی تایبەتمەندێتی سیمانتیکیەکانیان، بۆ نمونە، جێگیرەکان، چالاکیەکان، بەجێهێنان و دەسکەوتەکان، بۆ نمونە، سەیری دیاگرامی (۱) بکە

(۱۹۹۰:٦ Smith) سێ جۆری سەرەکی لە باری سەرنج جیادەکاتەوە،

(۱) باری سەرنجی پێرفێکتیڤ-Perfective viewpoint : جەخت لەسەر بارودۆخ دەکاتەوە وەك هەموویی بە خاڵی سەرەتا و کۆتاییەوە.

(۲) باری سەرنجی ئیمپێرفێکتیڤی Imperfective viewpoint جەخت لەسەر بەشێك لە بارودۆخەکە دەکاتەوە، کە نە خاڵی کۆتایی و نە سەرتا لەخۆناگرێت.

(۳) باری سەرنجی بێلایەنی نەرم Netural viewpoint، واتە ئەوانەی توانای خۆگونجاندنیان هەیە، ئەوانە خاڵی سەرەتای بارودۆخەکە لەخۆ دەگرن، و بەلانی کەمەوە دانەیەك لە قۆناغی ناوەکی بەهەند وەردەگرن. زانینی زمان واتای زانینی بەهای سیمانتیکی باری سەرنج و هاوبەشییەکانیەتی. دەتوانرێت ئەو پوختەیە بخرێتە پێش چاو،

(أ) هەموو زمانەوانەکان لەسەر ئەوەن کە ئەسپێکت بریتییە لەو ڕێگەیەی بەهۆیەوە قسەکەر/نوسەر سەیری ئەو کردەوە و ڕوداوانە دەکات کە لەدەوروبەری لە دونیای ڕاستەقینەدا ڕوودەدەن. لەو بارەوە Lyons باشی بۆ چووە کە دەڵێت "ئەوە چییە، هەردوك بەشێوەیەکی بابەتی و وەك ئەوەی بەهۆی قسەکەرەوە دێنە تێگەیشتن، هەمان بارودۆخ دەشێت پێشکەشبکرێت وەك ئەوەی پرۆسە یان ڕوداوبێت بەپێی ئەوەی ئایا قسەکەر خویخەریکدەکات بە بنیاتی کاتی ناوەوە یان نا" (Lyons ۱۹۷۷:۷۰۹

(ب) باری سەرنج لە دوو ڕووەوە سەرنجی لێدەدرێت، بۆ نمونە جیاوازی پێرفێکتیف/ئیمپێرفێکتیف کە بە شێوەیەکی باو لە بواری تەواوبوون و تەواونەبوونی ئەو کردەوە یان بارودۆخەی ئاماژەی بۆدەکرێت لێکدەدرێتەوە، ئەوە لەلایەن (Bache: ١٩٨٥:٦) ەوە، ئاماژەی بۆ دەکرێت، لە کاتێکدا (Lyons ١٩٧٧:٧٠٨) بە بارێکیتردا ئەوە لێکدەداتەوە، بۆ نمونە، لە بواری پێشکەشکردنی بارودۆخێك وەك ڕوداو یان وەك پڕوسەیەك.

**٢.٢.٢ بنیاتی بارودۆخەکانەکان :**

(أ) بارودۆخی سادە کە بارودۆخەکە بە تەواوی لەبەرچاودەگیرێت واتە بارودۆخەکە وەك خاڵی سەرەتا و کۆتایی پێشکەشدەکرێت، سەرەتا و کۆتایی دەچنە ناو یەکەوە "نامەکەی نوسی"

(ب) بارودۆخی نا-سادە کە قسەکەر لە ناوەوە سەیری بارودۆخەکە دەکات بێ سەرەتا و کۆتایی دیار " (وا)نامە دەنوسێت"

(ت) ئەو بارودۆخانەی کە بە تەواوی پێشکەش ناکرێن، بەڵکو زیاتر جەخت لەسەر بەشێکی تایبەت ئاستی-بناغەی بارودۆخەکە دەکاتەوە، بۆ نمونە، ئازاد دەستی بە خوێندنەوەکرد"، سەرەتای خوێندنەوەکە مەبەستە

(پ) بارودۆخی ئاڵۆز: ئەو بارودۆخانەی کە بنیاتی ماوەی نێوانیان هەیە بە تایبەت کاتێك ئەو بارودۆخانەی بەندن لەسەر بارودۆخیتر لە دەقدا. "کە هاتم نامەی دەنوسی"

**٢.٢.١ گرفت و ڕەخنەکان سەبارەت بە بنیاتی بارودۆخەکان**

پەیوەندی لە نێوان واتای کارەکان و جۆری دیاریکراوی بارودۆخ بەتەواوی تەواو نییە" (Bache ١٩٩٥:٢٣٠) هەندێك کار هەن کە بەتەواوی واتای جیاوازیان هەیە، کە پشت بە ڕستەی دەقی دەبەستن، لەبەرئەوە دەشێت سەربە زیاتر لەپۆلە کارێکبن، کە لە ژێر ناونیشانی ئەکشنسارتدا جێگەیان دەبێتەوە. "ئەوە لەبری بەکارهێنانە کە دەشێت ئاشکرا و ڕوون بێت و ئەگەر و تەنها ئەگەر بەهۆی گۆڕەرە کاتییەکان یان دەقی نا-زمانی دیاریکراوەوە جیابکرێتەوە". (Trauwein ٢٠٠٥:٣٧)، بۆ نموە

(ا) باپیر دەزانێت کە بەیانی کارەبا نابێت.

(ب) باپیر هەر ئێستا زانی کە بەیانی کارەبا نابێت.

(ت) نازەنین گرۆڵە هەڵدەکات.

(پ) باپیر لەناو ئەو جرۆجانەوەرەدا هەڵدەکات.

لە (ا)دا "زانین" ئاماژەیە بۆ بارودۆخ(ی زانین) واتە لە بیر و هۆشدا بوون و خوێندنەوەی ستەیتیف و ئەتێلیك وەردەگرێت، لە (ب)دا کاری "زانین" بەهۆی زیادەی زمانیتر و دەقی جیاوازەوە خوێنەوەی بەدەستهێنا و خوێندنەوەی تێلیك وەردەگرێت، لە (ت)دا "هەڵکردن" وەسفی چالاکی کردەوەی هەڵکردنی کرۆڵە یان پەت و داو دەکات کە کاتێك دەخایەنێت و بنیاتی بارودۆخەکەش وەك زنجیرەیەك لە هەنگاوی وەك یەك دێتە پێشچاو، بۆیە وەك کاری چالاکی و ئەتێلیك ڕەفتاردەکات، لەکاتێکدا بە هۆی جیاوازی پێکهێنەرەکانی ڕستەی (پ)وە هەمان فۆڕمی تێنسی (هەڵکرد) واتایەك و جۆری بارودۆخێکی تەواو جیاواز دەنوێنێت و واتای خۆگونجان و پشودرێژی بکەر دەدات، بۆیە خوێندنەوەی ستەیتیف و ئەتێلیك وەردەگرێت. "ماناگۆر modifier ئەرکی دیاریکردنی خاڵی کۆتایی کردەکە دەبینێت و وا دەکات کرداری (بۆ نمونە، ڕاکردن/هەڵکردن نوسەری بابەتەکە) لەو ڕستەیەدا وەك کاری تێلیك ڕەفتاربکات" (Dowty ١٩٧٠:٦٠).

**٢.٢.٢.٢ دیاریکردنی بیری پەیوەندیدار بە تەواوبوون و گەیشتنە ئەنجامێتیەوە**

ئەسپێکتی ئیمپێرفێکتیف زیاتر جەخت لەسەر بەردەوامێتی دەکاتەوە، خاڵی کۆتایی بارودۆخ پاشگوێدەخات، زمانەوان (١٩٦٦L٢١٩) Allen ئەوە بەشێوەیەکی دیار دەخاتە ڕوو و دەڵێت "خۆ بەهیچ لایەکدا ساغنەکردنەوە، سەبارەت بە تەواوکردن یان تەواونەکردن"، بە لای (٦-١٩٩٠:٢٤٥) Farahani ەوە لەبەرچاوگرتنی لێکدراو یان سروشتی ئاڵۆزی کاری ڕانەبردووی فارسی، واتای کرۆکی هەمانکاتێتی دەتوانرێت وا ببینرێت وەك ئەوەی بەرهەمی ئەو تێکەڵاوبوونەی واتای دوو لەو ڕەگەزە جەوهەریەی فۆڕمی ئەو کارەبێت، بە واتای نیشانەی "می-" و ڕەگی فەرهەنگی کارەکەیە و زیاتریش لەوە ئەو زانیاریەی بە هۆی هەر یەك لەو دوانەوە دەگەیەنرێت"، واتە، واتای ڕانەبردوی ئیمپێرفێکتیفیتی بەرهەمی تێکەڵاوبوونی واتای نیشانەی ئیمپێرفێکتیفیتی (می) کە بەرانبەر نیشانەی (دە-) کوردیە، کە هەردەم جەخت لەسەر بەردەوامێتی بارودۆخی باسکراو دەکەنەوە، و ڕەگی کارەکەش جەخت لەسەر بیری "دواتری" دەکاتەوە زیاتر لەوەی واتای دووەمی هەر یەك لەو دوو پێکهێنەرە گرنگەبێت، کەواتە ئەوە واتای کرۆکی ئەو دوو پێکهێنەرەیە، هەر لەبەرئەوە دەبینی، "هات" ئەسپێکتی پێرفێکتیف بە زیاردکردنی نیشانەی ئیمپێرفێکتیفی واتای بەردەوامێتی دەداتێ و کاتەگۆریەکەش لەگەڵیدا دەبێت بە ئەسپێکتی ئیمپێرفێکتیفیتف[١٣] یان پرۆگرێسف، و دەبێت بە "دەهات" لە "خەریك بوو دەهات"دا. و جوانترین پێناسەش بۆ کاری ئیمپێرفێکتیفیتی ئەوە پێناسەکەی (١٩٦٦:٢١٩) Allen ە کە دەڵێت "ئەوەی پەیوەندی بە تەواوبوون و نا-تەواوبوونەوە هەیە"

(١) هەرمێکان گەیون. ———گەرما هەرمێکان دەگەیەنێت.

(٢) ژورەکە پڕە لە ... ژورەکە پڕدەکرێت. (لە خەڵك)

کارە ستاتیڤەکات

(١) مارەکە لە کونەکەدایە.

(٢) باپیری خانوی جوانی هەیە.

(٣) لەسەر کارەکەی خۆی ماوە.

(٤) پشیلە حەز لە مشکدەکات.

نەگۆڕی و جێگیری کارە ستاتیڤەکان بەشێکە لە سیمانتیکی فەرهەنگیەکانیان بە مەبەستی وێنە کێشانی شێوازی بارودۆخی جێگیر و نەگۆڕ بەکاردەهێنرێن، ئەسپێکت بە هەمان شێوەی، تێنس لە بنەڕەتا سیستێمێکی ڕێزمانیە، پەیوەست بە کات، فەرقەکە لەوەدایە کە لە بواری ئەسپێکتدا قسەکەر دەشێ ئەو ڕێگەیە هەڵبژێرێت کە چۆن باس لە دیوی ناوەوەی کاتی سروشتی بارودۆخەکان بکات. کارە ستەیتیڤەکان ڕێگە بە قسەکەرەکان دەدەن تا بارودۆخەکە بە شێوەیەکی نەگۆڕ و جێگیر ببینن و بەکاریبهێنن وێنای بکێشن، بێ گۆڕان و بنیاتی ناوەرۆکیی، بۆیە زەحمەتە قسەکەر بتوانێت جەخت لەسەر سەرەتا، یان کۆتایی بارودۆخەکان بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر ڕواوەکان لە ڕابردووشدابن.، بۆ نمونە

(٥) باپیر حەزیکرد بەسەر چیاکەدا سەرکەوێت.

[١٣] ئەگەر بارودۆخەکە لە تێنسی ڕابردوودا بوو، ئەوە قسەکەر وێنەی بارودۆخەکان وەك ڕوداوێکی تەواو و داخراو وێنەدەکێشێت گەر لە نا-ڕابردوودا بوو، ئەوە دەشێت وەك پرۆسەیەکی بەرەو پێشچوون/ ناتەواو نەگەیشتوو بە ئەنجام وێنا بکێشێت.

له حەزكردن"دا وا تێناگەین كه بكەر جەخت له سەر كۆتایی بارودۆخەكه بكاتەوە، چونكه ئەوە تەنها خواسته و تەنانەت هێشتا نازانرێت ئایا سەركەوتن ڕوودەدات یان نا.

(أ) ئەوە باپیر بوو، كه بەسەر چیاكەدا سەركەوت. كواتایی بارودۆخ پیشاندراوە.

(ب) كوردی دەزانم I knowing Kurdish

(ت) من وا كوردی دەزانم* I am knowing Kurdish "نەگونجاو)

ئەگەر (ب) لە ئینگلیزیدا ڕێزمانیبێت، لە كوردیدا ئەوە بە تەواو دیارنیە، كەواتە "دە-" وەك وترا واتای بەردەوامێتی دەدات نەك پرۆگرێسف، بەڵگەی زیاتریش ئەوەیە ناتوانریت " نیشانەی "وا" كە یەكسانە بە-'' ing'' بەكاربهێنرێت بەبێ ئەوەی واتای ڕستەكە نەشێوێت. كارە ئەسپێكتیەكان وەك ئاماژەكەر ڕەفتار دەكەن، هەر یەكەو ئاماژە بۆ دانەیەك یان یەكێكی تر لە پارچەی ڕوداوەكان دەكات، واتە كارەكە ئاماژە دەكات بۆ بەشێكی دیاریكراو لە بارودۆخەكان و ڕوناكی دەخاتە سەر خاڵێكیی دیاریكراو لە بارودۆخەكە.

بارودۆخ كورت بێت یان درێژ كارناكاتە سەر واتای "دە-" و گرفتی بۆ دروستناكات، دەشێ كورتخایەن بێت و وا باسبكرێت وەك ئەوەی درێژبێتەوە بە هەر دوو لای كاتی دیاریكراودا. گەرچی نەگونجاوێتی چاوەڕوانكردن یان چاوەڕوان نەكردنی بەردەوامی ئەو بارودۆخەی بە هۆی فۆڕمی ئیمپێرفێكتەوە باسبكرێت، پشت بە سروشتی دونیای ڕاستی پێش خۆیەوە دەبەستێت، زیاتر وەك لەوەی پشت بەواتای نیشانەی ئیمپێرفێكتیفی "دە-" ببەستێت. بارودۆخی باسكراو دەشێت بەهۆی فۆڕمی پرۆگرێسیفەوە بێت بۆ نمونە " وا A تۆپەكە بۆ B هەڵدەدات"، هەڵدان واتای "تێهەڵدان"-ە و زۆر كورتخایەنە كه دیوی ناوەوەی بە شێوەیەكی ئاشكرا دیارنیە، ئەوە لە چاوتروكانێكدا ڕوودەدات، یان "وا ناوت دەنێم بلقاسم"، ناونان دووبارە كورت خایەنە، ئەوانە هەردوو لەسەر بنەمای سیمانتیكی "دە-" دەخرێنە پێش چاو، ڕستەی جێبەجێكەرەكان لەگەڵ ئەوەشدا كە ئەو كردەوەیەی ئاماژەی بۆ دەكرێت تەواودەبێت لەگەڵ دەربڕینی ڕستەكەدا، هیچ گرفت بۆ باسكردنی نیشانەی ئیمپێرفێكتی "دە-" دانانێت، چونكە فۆڕمی ئیمپێرفێكتیف [١٤]"ملكەچ نیە لە بواری تەواوبوون و تەواونەبووندا Allen (١٩٦٦:٢١) بۆ ئەو بارودۆخەی دیاریدەكرێت، ڕستەی "باپیر هەواڵەكەی زانی" ئاوەڵكار وەردەگرێت، بۆ نمونە، "دوێنێ باپیر هەواڵەكەی زانی" یان دەكرێت بۆ ڕانەبردوویش بێت، "باپیر ئێستا هەواڵەكەی زانی" واتە تا ئەم كاتە لەو هەواڵە بێئاگا بووە، ئاوەڵكاری "ئێستا" تا ڕادەیەكی زۆر گەرچی لە دووتوێی بنیاتی سیمانتیكی خۆیدا خوێندنەوەی كاتی هەڵبگرێت، بەڵام لە كوردیدا دەتوانرێت لە ڕستەدا بەمەبەستی دانانی سنور لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا بەكار بهێنرێت، و تا ڕادەیەك گونجاوە لەگەڵ هەردوو كارە ستاتیف و داینامیكەكاندا، گەرچی لێكدانەوەی كاتی وەربگرێت، جگە لەوە "ئێستا" لە گەڵ كارە چالاكی و بەجێهێنانەكاندا خوێندنەوەی پرۆگرێسف دەدات بە ڕستەكە و جێگەی نیشانەی "ing-"ی ئینگلیزی بۆ كوردی دەگرێتەوە، ئەوە لە ئینگلیزیشدا دەتوانێت لەگەڵ "زانین بەكاربهێنرێت، ئەوەی لەگەڵ زانین گوترا تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ گاری "ڕاكردن"دا. دیاگرامی (١٠)

[١٤] is noncommittal with respect to complertion or non-completion

## ٣.٠ جۆری بارودوخ




هەمیشە، ناوی ئەسپێکتی فەرهەنگی و (١٩٧٦) Vendler پێکەوە دێن، کە توانیویەتی ئەو بابەتە لەژێر ناوی جۆری بارودۆخ جیابکاتەوە، لێرەوە ئەو کلۆزەی کە تیایدا ئەو کارانە دەبنە سەرە، بەسەر چوار جۆردا دابەش دەبن لە بواری فیچەرە ئەسپێکتیکاندا. دیاگرامی (١١)

| جۆری بارودۆخ | جێگیر/داینامیك | ماوەدرێژی/چرکەساتی | تێلیك/ئەتێلیك |
|---|---|---|---|
| بارودۆخ | جێگیر | ماوە درێژی | ئەتێلیك |
| چالاکی | داینامیك | ماوەدرێژی | ئەتێلیك |
| دەستکەوت | داینامیك | کورت خایەن | تێلیك |
| جێبەجێکردن | داینامیك | ماوە درێژی | تێلیك |

بە دڵنیاییەوە، ئەگەر وا بیربکەینەوە کە ئەوە فۆڕمی تێنسەکەیە بەتەنها بڕیار لەسەر جۆری بارودۆخی ڕستیلەکە دەدات، هەڵەیە، چونکە پێگهێنەری تری ڕستیلەکە لەوکارەدا هاوبەشن، بۆ نمونە، بەرکاری ڕاستەوخۆ، بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵکارەکانیش هاوکارن لە بڕیاردان لەسەر تایبەتمەندێتی ئەسپێکتی ڕستیلەکە بە هەموویەوە، لە کوردیدا بەشی نا-کاری لە کاری نا-سادەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە گۆڕینی یەك لەو کاتەگۆریانە بۆ یەکێکیتر:

(أ) سەماکردن باسی بارودۆخێك دەکات کە تایبەتمەندی چالاکی بەخۆوەدەگرێت. (بەرکاری ناوێت-ئەتێلیك).

(ب) دروستکردن باس لە بارودۆخێك دەکات کە تایبەتمەندی بەجێهێنان بەخۆوەدەگرێت. (بەرکاری دەوێت-تێلیك).

(ت) تام/بۆنکردن باس لە بارودۆخێك دەکات کە تایبەتمەندی ستەیتیف بەخۆوەدەگرێت (بێ خاڵی کۆتایی-ئەتێلیك)

(پ) ونکردن باس لە بارودۆخێك دەکات کە تایبەتمەندی دەسکەت و کورتخایەنی هەیە. (خاڵی کۆتایی-ئەتێلیك)

(ج) باپیر جەدوەلی تاقیکردنەوەکانی بینی. (بارودۆخ stative ).

(ح) باپیر یاری تۆپی پێ دەکات (چالاکی activity)

(خ) کاروانەکە سەعات ١٢ گەیشت (دەستکەوت achievement)

(د) باپیر بە ٣٠ دەقیقە گەیشتە ماڵەوە (بەجێهێنان accomplishment

(ت) و (ج) ستەتیڤن، چونکە (۱) "تام/بۆنکردن و زانینین و بینین" هاوبەشی لەناوەرۆکدا ناکەن و بۆ ماوەیەکی دورودرێژ دەمێننەوە بێ ئەوەی گۆڕانیان بەسەربێت و ئەتێلیکن، (۲) ماوە درێژە چونکە بۆ هەمیشە دەمێننەوە و دەبنە بەشێك لە بکەر، (۳) ئەتێلیکن چونکە پێشبینی کۆتایی بارودۆخەکە لاوازە، (ا) و (ح) بارودۆخی چالاکین لە ژێرکۆنترۆڵی بکەردان، ئەتێلیکن، ماوەدرێژن، دێنە کۆتایی لە هەر چرکەساتێکدابێت، (ب) و (د) بارودۆخی بەجێهێنانن و تێلیکین، (پ) و (خ) بارودۆخی کورتخایەن و بارودۆخی دەستەوتی تێلیکین.

**۳.۱ کارە ستەیتیڤەکان**

بەلای (Lyons ١٩٧٧:٧٠٥) ەو بارودۆخەکان دەبن بە دوو بەشەوە، بۆ نمونە، بارودۆخی جێگیر-static و دینامیك "بارودۆخی جێگیر دانەیەکە وا دێتە تێگەیشتن وەك هەبوون، لەبری ڕودان، ئەوانە وادێنەبەرچاو وەك ئەوەی هاوتوخم، بەردەوام و نەگۆڕبن لە مەودای بەردەوامیەکانیاندا، لە ژێر کۆنترۆڵی بکەردا نین، "بارودۆخی داینامیکی لە لایەکی ترەوە، شتێکە ڕودەدات — دەشێت چرکەسات، یان بەردەوام بێت، زەرورنیە نە هاوتوخم یان بەردەوام بێت، بەڵام دەشێت چەند ڕوخسارێکی کاتی هەبێت، و لە هەمووی گرنگتر، دەشێت لە ژێر کۆنترۆکی بکەردا بێت یان نا".

ستەیتیڤەکان بەهۆی دەقەوە دەناسرێنەوە و بەردەوامییەکانیان بە هەردوو لای خاڵی کاتەکەدا درێژدەبنەوە، جێگیرەکان باسی ڕوداوێك دەکەن کە جێگیر، بەردەوام و هاوتوخمن بەدرێژایی کات، و هاوبەشی لە گۆڕانی ناوەکی و کردەوەکاندا ناکەن. هەستناکرێت ئەو کارانە هەنگاوی یەك لەدوای یەك بەخۆوەبگرن کاری ستاتیڤی نمونەی یەکەمی توخمی خۆیی وەکیەکن، بە پێچەوانەوە، کارە داینامیکەکان هاوبەشی لەگۆڕانی ناوەکیدا دەکەن، بۆ نمونە،" گەشەکردن grow " یان کردەوە "خواردن"، جیاوازی لە نێوان ئەسپێکتی ماوەدوری و چرکەساتیدا، بۆ ئەوەیە کە ئایا ڕوداوەکە تارادەیەك کوتایی پێهاتووە یان نا،

**۳.۱.۱ تایبەتمەندییە گشتییەکانی کارە ستەیتیڤیەکان**

(أ) بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەسپێکتی پرۆگرێسڤدا ناگونجێن، گەر دەریش بکەون، ئەوە وەك فۆڕمێکی نەخۆش و لاواز دەبینرێن.

(ب) زمانەوانەکانی وەك (Comrie ١٩٨١: Quirk et al ١٩٧٢ و زۆری تریشن، وای دەبینن کە جۆری دەق، جۆری پێکهێنەری دەربڕینەکە، نیەت و تێڕوانینی قسەکەر و هەروەها لەو بوارەدا دەبێت بەهەند وەربگیرێن، سەبارەت بەوەی کارەکە خوێندنەوەی ستەیتیڤی هەیە یان نا.

(ت) بە زەورەرەت بۆ لێکدانەوەی ئەو کارانە دەبێت تایبەتمەندیە سیمانتیکیەکانیان وەك سەربەخۆ لە دەق وەربگیرێن.

(پ) بە پێی پێناسەی پرۆگرێسڤ، کە نمونەی بارودۆخی ماوە درێژن و وەك پێشکەشکەری بارودۆخی گەشەکردوو لە کاتدا، لەگەڵ بارودۆخی ستەیتیڤی هاوتوخمی جێگیر، واتە بە دوو بنیاتی سیمانتیکی جیاوازەوە زەحمەتە پێکەوە لە دەربڕینێکدا کۆببنەوە. ئەسپێکتی پرۆگرێسڤ بەشێوەیەکی نەریتی پەیوەندی بە سیمانتیکی کارەکەوە هەیە.

(ج) دەتوانرێت بنیاتی جیاوازیی کارە ستەیتیڤیەکان قبوڵبکرێن مادام دەق لەبەرچاودەگیرێت.

(ح) لەگەڵ فۆڕمی پڕۆگرێسف دەرناکەون، ئەگەریش دەربکەون بەلانی کەمەوە ئەوە بە پێی جور و بنیاتی سیمانتیکی زمانی ژێرلێکۆڵینەوە لێکدانەوەی پڕۆگرێسف وەرناگرن، چونگە چالاکی پێشکەشناکەن، و زیاتر بەهۆی دەقەوە دەناسرێتەوە.

(خ) لێرەوە دەبێت هەڵوێستەیەك لەسەر بنیاتی سیمانتیکی "دە" وەك نیشانەی بەردەوامی بکەین، ئایا واتای پڕۆگرێسفێتی بەشێکە لە واتای ئەو نیشانەیە یان نا، ئەوە لە واتاو ئەرکدا دەردەکەوێت، کە لەگەڵ قەدی تێنسی ڕابردوودا واتای پڕۆگرێسف و نەریت هەردووك پێکەوە لە دەربڕینێکدا کۆدەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ تێنسی ناڕابردوودا ئەو کارە ناکات، کە وەك تایبەتمەندی کوردی دەزانرێت.

(د) بەلای (Kakietek (١٩٩٧:٣٥ ستەیتیڤەکان کاتەگۆری جیا نین، کە لەگەڵ فۆڕمی پڕوزگرێسڤدا نەگونجاوە، دەبێت سەرنج لە ڕەفتاری ئەو کارانە بدەین لەکاتی بەکارهێنانیان لەدەقدا

(ژ) کارە ستەیتیڤەکان ناتوانن وەك کارە کردەوییەکان لەگەڵ ئەسپێکتی پڕۆگرێسڤدا ڕوبدەن، چونکە، ناوەرۆکی سیمانتیکی و فەرهەنگی کارە کردەوەیەکان کراوەیە بۆ گۆڕان، لە چرکەساتێکەوە بۆ یەکێکیتر، لەکاتێکدا ستەیتیڤەکان، لە هەرحزەیەك و بەشێك لە بارودۆخەکە هاوبەشی لە هەمان ناوەرۆکی فەرهەنگیدا دەکات، زمانەوانەکانی وەك(Smiecinska ٢٠٠٢, Comrie (١٩٧٦), J٠٠s (١٩٦٤) ota ١٩٦٣) لەسەر ئەوەن کە لێکسیمێکی دیاریکراو ماوەیەکی نادیاریکراو دەردەبڕێت، و بەدەگمەن لە پروگرێسڤدا بەکاردەهێنرێت، بۆیە، نەك تەنها دەق بەڵکو هەروەها ناوەرۆکی سیمانتیکی دەورێکی گرنگ دەبینێت لە شێوەی ئەسپێکتیدا.

(ر) ڕوودانی کاری ناپڕۆگرێسف لە ئەسپێکتی پڕۆگرێسڤدا، دژ بە ژمارەیەك هۆکار ڕەفتاردەکەن، بۆ نمونە، تێنس، بنیاتی ′V، ڤوتبیەت، جۆری بنیاتنان، شێواز و جۆری ئەدەبی، ... ئەوانەی وا ناسراون وەك ئەوەی نا-پڕۆگرێسڤبن بەتەواوی ڕێگە لەوە ناگرن کە لە فۆڕمی پڕۆگرێسڤدا ڕوونەدەن، هەندێك لە زمانەوانەکان دەڵێن کۆمەڵێك لەکارە ستاتیڤەکان لە پڕۆگرێسڤدا ڕوودەدەن، تەنانەت لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکانیشدا.

(ز) کاری "+ ستەیتیڤ" لە دەقی ستەیتیڤدا بەکاردەهێنرێت. بەچاوپۆشین لەوانەی باوەڕیان وایە، کە هەرکارێك دەتوانێت بەکارهێنانی "ستەیتیف و داینامیکی"یشی هەبێت، بەپێی دەقی دیاریکراو، و هیچ بیانویەکیش نابینن سەبارەت بە جیاکردنەوەی پۆلی کارە ستەیتیڤەکان.

(س) تایبەتمەندیی جێگیربوون، هاوتوخمی، نەگۆڕ، نەبوونی بنیاتی ناوەکی، ئەوە بەسن تا بزانین کارێك ستاتیڤە یان نا، بەلای (١٩٧٨) Dowty یەوە کەسێك ڕەنگە لەتوانایدا نەبێت بریار لەسەر پۆلێنکردنی کارێك بدا، کە لە ڕستەیەکدا پێشکەشکراوە، یان بزانێت ئەوە چ جۆرە بارودۆخێکە، ئەوە، ئەوە لێکدەداتەوە کە بۆچ ڤوتابخانە زمانیەکان لە تایبەتمەندیە سینتاکتیکیەکان دەکۆڵنەوە، کە ئاسایی جیاوازی لە نیوان کارە ستەیتیف ونا-ستاتیڤەکاندا دەکات.

(ش) بە لای (Galtton (١٩٨٤:٧١ ەوە، کارە-جێگیرەکان state-verbs تێنسی بەردەوامیان نیە، چونکە واتاکانیان بەشێوەیکی زەروری پێشوەڤت لە سروشتدا بەردەوامن، کەواتە تێنسی بەردەوام دەبێت زەرورنەبێت، و زیادەیە، لەکاتێکدا کارە-دەسکەوتەکان تێنسی بەردەوامیان نیە چونکە واتاکانیان، وەك ئەوەی دەیکەن بیری چرکەساتی دەگرنەوە، و لەگەڵ بەردەوامێتیدا نەگونجاون".

(ص) Vendler پێوانەی تێنسی بەردەوامیتر دەخاتە ناوەوە تا حاڵەتەکەی فراوانبکات، نمونەی دیار کە پێی دەگوترێت "پێوانە-بکەر" بۆ جیاوازی لەنێوان "ئایا دەزانی کە ئەو هیشتا نەخۆشە؟" "بەڵێ، دەزانم" و

"ئایا ڕادەکەیت؟" "بەڵێ دەیکەم" بەکاردەهێنێت. بەشێوەیەکی ڕون و ئاشکرا ئەو پێوانەیە ناتوانرێت بەکاربهێنرێت لە حاڵەتی نا-زیندەوەردا پەیوەست بە بەکارهینانی "do - کردن" لێرەدا پێوانەیەك هەیە کە دەشێت پێی بگوترێت "بەئاگاییەوە".

(١) باپیر بە شێوەیەکی بەئاگاییەوە پرسیارەکەی زانی "جێگیر-نەگونجاو"

(٢) باپیر بە شێوەیەکی بەئاگاییەوە پاڵی بە عەرەبانکەوەنا "چالاکی-گونجاو"

(٣) باپیر بە شێوەیەکی بەئاگاییەوە بازنەکەی بۆیەکرد "بەجێهێنان-گونجاوە"

(٤) باپیر بە شێوەیەکی بەئاگاییەوە قەلەمەکەی دۆزیەوە "دەسکەوت نەگونجاو"

### ٣.١.٢ ئەو تایبەتمەندییانەی کارە ستەیتیڤەکان پێکەوە گرێدەدەن:

(١) ستەیتیڤەکان ئاسایی لەگەڵ پرۆگرێسڤا نایەن. "وا وەڵامەکە دەزانێت؟"

(٢) تەنها نا-ستەیتیڤەکان لەگەڵ "زۆرلێکردن" و "ڕازیکردن"دا دەگونجێن "باپیری ڕازیکرد وەڵامەکە بزانێت؟*[15]".

(٣) تەنها نا-ستاتیڤەکان لەگەڵ فەرمانیدا دەگونجێن "وەڵامەکە بزانە!؟"

(٤) تەنها نا-ستەیتیڤەکان لەگەڵ ئاوەڵکاری چۆنیەتیدا دەگونجێن، "بە پەلە هەواڵەکەی زانی؟"

(٥) تەنها نا-ستەیتیڤەکان لەگەڵ دەربڕینە زایفەکاندا ڕودەدەن "ئەوەی باپیرکردی ئەوە زانینی هەواڵەکەیە؟"

(٦) ستەیتیەکان لە ژێرکۆنترۆڵی بکەردا نین "چیتر هەواڵەکە نازانێت/ چی تر جوان نابێت "

(٧) = لە گەڵ کاری وەستان، دەستپێکردن و ... ناگونجێن. "وەستا هەواڵە بزانێت/ دەستی کرد بە باوەڕبوون بە.."

(٨) = دەبنە سیفەت بۆ بکەر. "باپیر باوەڕدارە/نازەنین زانایە/جوانە/دەوڵەمەندە..."

(٩) بڕێ لە کارە ستەیتیڤەکان جەخت لە سەر سەرەتا دەکەنەوە. "هەواڵەکەی زانی"، چوونە ناو بارودۆخی تازەوە.

### ٣.١.٣ کارە ستاتیڤەکان و بیرو ڕای زمانەوانەکان لەسەریان

(أ) بە ڕای (Comrie ١٩٨١: Quirk et al ١٩٧٢) وە، ستەیتیڤی پرۆگرێسیڤ بە پێی جۆری کارەکە و ئەو دەقەی تیایدا بەکاردەهێنرێت مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، کە لەهەمان کاتدا تایبەتمەندی سیمانتیکیەکانیان پێشاندەدات، و دەشێت وەك سەربەخۆ لە دەق مامەڵەبکرێت.

[15] ئەو ڕستانەی سەرەوە وا دەردەکەون وەك ئەوەی نا-کوردی و ناڕێزمانییبن، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە لەگەڵ تایبەتمەندی کارە جێگیرەکاندا ناگونجێن، هێنانەوەی ئەو ڕستانەش لە بنەڕەتدا هەر لەبەر ئەوەیە، تا ئەو نەگوندانە پیشانبدەین. واتە بە مەبەستی پیشاندانی تایبەتمەندی کارە جێگیرەکانە. تکایە ئێمە زۆر جار بە جێگیر یان ستەیتیڤ ناوی جۆرێکی دیاریکراو لە (کردار یان) جۆری بارودۆخ دەبەین ئەوە زۆر جار شوێنەکە وا پێویستدەکات یان بەلامانەوە گرنگ نییە کامیان بێت.

(ب) پڕۆگرێسڤ نمونەی بارودۆخی ماوە درێژە و لەکاتدا گەشەدەکات، و دەشێت بنیاتی جیاواز لەگەڵ کارە ستەیتیڤەکان قبوڵبکرێن مادام دەق لەبەرچاودەگیرێت.

(ت) ئەسپێکتی پڕۆگرێڤ-بەشێوەیەکی نەریتی پەیوەندی بە سیمانتیکی کارەکەوە هەیە، و ئەو ماوە دووریەی دەریدەبڕن باو یان گشتی نیە تا لەگەڵ کارە ستاتیڤەکان بەکار بهێنرێن بە بەراود بە کارە داینامیکیەکانەوە، ئەوانە ڕەگەزی بزاوتنیان تیادایە، بۆیە لەگەڵ ستاتیڤەکاندا ڕێك ناکەون. Comrie ۱۹۷٦, Lakoff ۱۹۷۰, Leech ۱۹۷۱ لیستێك لە دەربڕین دروستدەکەن بە واتای ئەوەی لەو کارە ستەیتیڤانەی کە لە گەڵ فۆڕمی پڕۆگرێسڤدا دەردەکەون.

(پ) جیاوازیی لەنێوان ستەیتیڤ و کردەویەکان لەوەدایە کە فۆڕمی پڕۆگرێسڤ تەنها لەگەڵ کارە کردەوویەکاندا گونجاوە، چونکە، ناوەڕۆکی فەرهەنگیەکانیان کراوەیە بۆ گۆڕان لە کاتێکەوە بۆ یەکێکیتر، لەکاتێکدا ستەیتیڤەکان لە هەر لەحزەیەك هاوبەشیدەکات لە هەمان ناوەڕۆکی فەرهەنگیدا (۱۹٦۳) ota دەڵێن لێکسیمێکی دیاریکراو ماوەیەکی نادیاریکراو دەردەبڕدێت، و بە دەگمەن لە پرۆگرێسڤدا بەکاردەهێنرێت، نەك تەنها دەق بەڵکو هەروەها ناوەڕۆکی سیمانتیکی دەورێکی گرنگ دەبینێت لە شێوەی ئەسپێکتیدا. و بەلای Kakietek (۱۹۹۷)ەوە "زوربەی زۆری ستەتیڤەکان کاتێك بەکاردەهێنرێن لە بارودۆخێکی گونجاودا بە تەواوی ئازادن تا فۆڕمی پڕۆگرێسڤ وەربگرن و ناتوانرێت وا لەبەرچاوبگیرێن وەك ئەوەی کاتەگۆریەکی سینتاکتیکی دوورەپەرێز بنیاتبنێن"،

بەلای Comrie (۱۹۷٦) ەوە "کارە ستەیتیڤەکان فۆڕمی پڕۆگرێسڤیان نییە، چونکە ئەوە هاوبەشی لە ناکۆکی ناوەکیدا دەکات، چونکە ستەیتیڤیتی(جێگیرێتی) کارەکە و نا-ستەیتیڤێتی کرۆکین بۆ پڕۆگرێسڤ" ئەوە لە لای Lakoff (۱۹۷۰) جەختی لەسەرکراوەتەوە، پۆلێنکردنی کار کاتیك کە بەشێوەیەکی سیمکانتیکی کاری ستەیتیڤن هەروەها وا لەبەرچاودەگیرێن کە بەشێوەیەکی سینتاکتیکی ستەیتیڤبن. و بەو جۆرە دەبێ نیشانەکراوبن وەك "+ ستەیتیڤ" وەك ئەوەی کە بەرانبەر بە کارە پرۆسەکان بووەستنەوە کە نیشانەی "-ستەیتیڤ" وەردەگرن، هەر لەبەر ئەوەیە کە ڕستەیەکی وەك ئەوەی خوارەوە نا ڕێزمانیە:

(۱) باپیر وا خەریکی زانینی پرسیارەکەیە یان باپیر وا وەڵامەکان دەزانێت. "نە گونجاوە"

ئەوە دەدرێتە پاڵ ئەو هەقیقەتەی کە کاری "+ ستاتیڤ" لە دەقی "– ستەیتیڤدا" بەکاردەهێنرێت.

زۆریتر هەن کە باوەڕیان وایە هەرکارێك دەتوانێت بەکارهێنانی ستەیتیڤ و داینامیکی هەبێت، ئەوەش پشت بە جۆری دەق دەبەستێت و هیچ بیانویەکیش نابینن سەبارەت بە جیاکردنەوەی پۆلی کارە ستەیتیڤەکان. Leech et el (۲۰۰۲) هەندێك کاری "ناپڕۆگرێسڤ" جیادەکاتەوە وەك ئەو کارانەی ئاماژە بۆ ستەیتیڤ یان کردەوەکان actions لەبری شتێکیتر لە پڕۆگرێسڤدا دەکەن. و ئەو کارانە بەسەر چوار جۆری کاتەگۆری کاریدا دابەشدەکەن.

### ۳.۱.٤ تاقیکردنەوە و ناسینەوەی کارە ستەیتیڤەکان

۳.۱.٤.۱ ئەو کارانەی تایبەتن بە هەستپێکردن و تێگەیشتن perceptive verbs: بۆ نمونە، هەستکردن، گوێلێبوون، بیستن، بینین بۆنکردن، تامکردن و ... هەندێك ئەندامی ئەو کاتەگۆریە پێکدەهێنن کە

هەستکردنێکی فیزیکی پێشاندەدەن. ئەو کارانە لە لای Palmer دەبن بە "کارە ڕەگیەکان یان سەرەتایی primitive verbs"، لەسەر ئەو بنەمایەی کە تەنها فسەکەر دەتوانێت هەستیانپێبکات.

٣.١.٤.٢ کارە پەیوەندیدارەکان: بۆ نمونە، پەیوەندی پێوەبوون، پێکهاتن، تێدابوون، پشتبەسن بە..، هاواتابوون، پێویستبوون، خاوەنداڕێتیکردن، مانەوە، و لێکچوون، وا دەرکەوتن، مەیلکردن....، ئەو گروپانە یەکتر تەواو ناکەن، زیاتریش لەوە، دەکرێت لە دەقی جیاوازدا بەکاربهێنرین بە مەبەستی خوێندنەوەی جیاواز، جێگیر یان دانامیك. وەرگرتنی پێوانەی سیمانتیکی، ڕێگە بەوەدەدات کە زوربەی زۆری کارە ستەیتیڤەکان لەگەڵ هەردوو ستەیتیف و دایناميكیدا ڕوبدەن، چونکە بەکارهێنانی ستەیتیڤی و دایناميكیان هەیە و بەهۆی پێوانەی سیمانتکی لەبری ڕوخساری سینتاکتیکی دەناسرێنەوە و دیاریدەکرێن.

٣.١.٤.٣ ئەو کارانەی ئاماژە بۆ بارودۆخی مێشکی یان هەستپێکردنەکان perceiving دەکەن، بۆ نمونە، تێگەیشتن، بەئاگابوون و زانین، و هەروەها

٣.١.٤.٤ ئەو کارانەی ئاماژە بۆ سۆز، هەڵوێست/ڕێباز و بارودۆخی زیرەکی دەکەن. بۆ نمونە، باوەڕکردن، ڕێزگرتن، ئارەزوکردن، ڕقلێبوون، حەزلێنەکردن، گومانکردن، لەبیرچوونەوە، ڕقلێبوون، بیرلێکردنەوە، بەخەیاڵداهێنان، زانین، خۆشەویستی، خەزلێکردن، واگەیاندن، بەسەردا فەزلکردن، بەبیرهێنانەوە، پێشنیارکردن، تێگەیشتن، ویستن، ئارەزووکردن و هەروەها. ئەوە ئەندامن لەو کاتەگۆریەی سەرەوە.

٣.١.٤.٥ ئەو کارانەی ئاماژە بۆ پەیوەندی یان بارودۆخی هەبوون دەکەن[١٦]: ئەو ڕێگا/پرۆسەیەیە کە دوو بیر، شت، خەڵك پێکەوە دەبەستنەوە، بۆ نمونە، سەر بە فڵان بوون، دڵەڕاوکێبوون، لەبەرچاوگرتن، پێکهاتن، لەخۆگرتن، گرتنەوە، لێکدان، خاوەنداریگرتن، هەبوون، پێشکەشکردن، نوێنەریکردن، لێکچوون، پەیوەندی لەنێوان بونەوەر و وەسفەکان (بۆ نمونە، بوون، وادەرکەوتن، دەرکەوتن).

٣.١.٤.٥ ئەو کارانەی ئاماژە بۆ هەستکردنی ناوەکی دەکەن: هەستکردنی فیزیکی یان هەستکردن کە لە سەرەنجامی شتێکەوە یان لەبەرکەوتنی لەشەوە هاتووە. ئەو کارانە بەلای Leech ەوە دەبێت کەمتر نا-پرۆگرێسف بن، وەك ئەوەی لە زوربەی زۆری حاڵەتەکان فۆڕمی پرۆگرێسف بە تەواوی گونجاون لەگەڵ هاوڕێ سادەکانیاندا ، بۆ نمونەی ئەو کارانە وەك: ئێشان، هەستکردن، خوران، بریندار بوون.

**٣.٢ ئەو کارانەی خوێندنەوەی دەسکەوت-achievements وەردەگرن:**

ئەوانە جۆریکی تایبەتن لە تێنس و بەوەدا لە فۆڕمی تێنسێکیتر جیادەکرێنەوە کە لە چرکەساتێکی تاکدا ڕودەدەن، ئەوانە لە لایەن Yasuko (٢٠٠٥) ەوە لە ئەنجامی پیاداچونەوە بە کارە دەستکەوتەکان کە لە لایەن Dowty (١٩٧٩) ەوە باسکراون، خراونەتەڕوو، بۆ نمونە،

٣.٢.١ **cognitive verbs** واتە کاری زانین یان هەستپێکرن/درککردن، ئەوە بە Verbs of inert cognition واتە کارە سستەکانی زانین و هەستکرد لە لایەن Leech (١٩٧١:١٩) ەوە ناوبراون، بۆ نمونە، گەیشتن، مردن، کەوتن، نیشتنەوە، ونکردن، بەجێهێشتن، ناوبراون، ئەوانە پرۆسەیەکی مێشکین بۆ وەرگرتنی زانیاری و تێگەیشتن بە هۆی بیرکردنەوە، ئەزمون و هەستکردنەوە پیشاندەدرێن، ئەوانە وەك کاری تێپەڕ مامەڵەدەکرێن، بۆ نمونە دۆزینەوە، یان دیاریکردنی هەبوونی شتێك، وەك دیاریکردن و گەشفکردنی چارەی

[١٦] لەو دابەشکردانەدا سود لە (١٩٧١:١٧-٢٠) Leech وەرگیراوە.

نەخۆش، دۆزینەوە وەك ونكردنی شتێك و دووبارە دۆزینـەوە، كەشـفكردن، سـەرنجدان، تێگەیشـتن، جیاكردنـەوە، دیاریكردن، بینین، گەواهیدان، و لەبیرچوونەوە، هێواخواسـتن و بەخـەیاڵیخۆدا هێنـان، مـردن و تەواوكەرەكنیشـان ئەوانەن:

٣.٢.٢ وەرگـرتن و ونكـردن **Acquisition and loss** (وەك كـاری تێپـەڕ مامەڵـەدەكرێن). بەدەسـتهێنان، وەرگرتن-، ونكردن-، بردنەوە.

٣.٢. گەیشتن و بەجێهێشتن: (وەك تێپەڕو/تێنەپەڕ مامەڵەدەكرێن). گەیشـتن، نیشـتنەوە، گەیشـتن، بەجێهێشـتن، جیابونەوە لە.

٣.٢.٣ دەرکەوتن، هاتنەبەرچاو، ونبوون (وەك كاری تێنەپەڕ مامەڵەدەكرێن) ڕودان، دەركەوتن، مردن،

٣.٢.٤ گۆڕانی چەندێتی (وەك كاری تێنەپەر مامەڵەدەكرێن)، بەرزبوونـەوە، نزمبوونـەوە، سـەركەوتن، سـەرەوژێر بوونەوە، سەركەوتن، نقومبوون، كەوتن، دڵۆپەكردن،

٣.٢.٥ گـۆڕانی بـارودۆخ: بـارودۆخی لكـاو (وەك تێنەپـەڕ مامەڵـەدەكرێن)، شـكان، تێكنـان، تێكشـكاندن، درزبـردن، تەقینەوە، هورەبەردان.

٣.٢.٦ گـۆڕانی بـارودۆخ (بـارودۆخی نـاپەیوەندیـدار) و وەك كـاری تێنەپـەڕ مامەڵـەدەكرێن، بـۆ نمونـە، كوڵـان، گەرمبوون، تەسكبوون، لاوازبوون.

**٣.٣ كارە داینامیكیەكان:**

دەتوانن ئاسایی لە فـۆرمی پرۆگرێسـڤدا ڕووبـدەن، لـەژێر كـۆنترۆڵی بكـەردان و بەپێچـەوانەی كـارە سـتاتیڤەكانەوە ڕەفتاردەكەن، و بە تایبەتمەندێتی:

(أ) ڕوداوی ئەتێلیكین و دەشێت ڕوداوی تێلیكیش لە خۆبگرن.

(ب) لە ماوەیەك لە كاتدا بەردەوام دەبن.

(ت) ڕوداوی یەك چركەیی بارودۆخین.

(پ) توانای دابەشكردنیان نیە بۆ هەنگاوەكانیان و بە هەموویان پێكەوە بارودۆخەكە پێكدێنن،

(ج) هەمان بنیاتی سروشتیان هەیە وەك هەموویی یان بە سروشتی جیاوازەوە.

(ح) سەرەنجامی بارودۆخی نوێ بەرهەمدێنن، بۆ نمونە، گەیشتنە لوتكە بردنەوەی پێشبڕكێ و

(خ) هاوبەشی لە گۆڕانی ناوەكیدا دەكەن و هەروەها. . (١٩٨٥:٢٠٠) Quir et al

(د) لە ژێر كۆنترۆڵی بكەردان

كاتێـك بـاس دێتەسـەر كـارە داینامیكیـەكان یەكسـەر ئەسـپێكتی پرۆگرێسـڤ بـەبیردا دێـت، لێـرەدا جۆرێـك لـە تێكەڵبوون ڕودەدات سـەبارەت بـەوەی كـە دەبێـت ئـەوە بـەهۆی نیشـانەی ئیمپێرفێكتیڤیتی "دە-" ەوە بێـت یـان چی؟، بۆیە، سـەبارەت بـە سروشـتی كۆبونـەوەی نیشـانەی ئیمپێرفێكتی "دە-" لەگـەڵ كارە سـتاتیڤەكان، جێگـەی لەسەروەسـتانە، چـونكە دەبـینی ئـەو نیشـانەیە تەنانـەت لەگـەڵ كـارە كـورت خایەنەكانیشـدا ڕوودەدات، لەگـەڵ ئەوەشدا كە زەحمەتە كارە كورتخایەنەكان وا ببینرێن وەك ئەوەی وەسفی بارودۆخێك بكەن كـە لـە گەشـەكردندا بێت. كەواتـە، بـیری گەشـەكردن بەشـێكنیە لـە واتـای نیشـانەی ئیمپێـرفێكتی "دە-" بـەڵكو ئـەوە زیـاتر بەشـێكە لەواتا و بنیاتی سیمانتیكی كارە داینامیكیەكان، جگە لەوە، كارە داینامیكیـەكان ئامـاژە بـۆ بارودۆخێـك دەكـەن كـە

بەزەرورەت هاوبەشی لە گۆڕان دەکەن، ئەوەش وا دەکات واتێبگەین کە بارودۆخەکان لە حاڵەتی پڕۆگرێسڤدان. ئەو بیرە لەوەوە هاتووە کە نیشانەی "دە-" بەیەکسانی لەگەڵ کارە دینامیك و ستاتیڤەکانیش کۆدەبێتەوە و وەرگرتنی ئەو هەقیقەتەی کە "گەشەکردن" بەشێکە لە واتای کارە داینامیکیەکان، ئەوە وامان لێدەکات بگەینە پێناسەیەك بۆ "نیشانەی ئیمپێرفێکتی دە-" کە دەکرێت بگوترێت "ئەوەیە کە دەبێت دەربڕینی بارودۆخێکبێت کە ئاماژەی بۆکراوە وەك ئەوەی بەردەوام بێت". (Farahani ١٩٩٠:٣١٠)

کارە داینامیکیەکان ئەو بارودۆخانە دیاریدەکەن کە ڕودەدەن، و لەسەر بنەمای ئەکشنسارتەکەیان پۆلێندەکرێن، بارودۆخە کورتخایەنەکان لە کاتدا درێژنابنەوە، تەنانەت بۆ ماوەیەکی کورتیش، بۆیە ئەوانە بنیاتی ناوەکی لەخۆناگرن، ماوەتەوە سەر ئەوەی ئایا ئەو بارودۆخە کورتخایەنانە چرکەساتین یان نا؟ Comrie ١٩٧٦: ٤٣-٣٢ وەڵامی ئەو پرسیارەدەداتەوە و دەڵێت، زوربەی زۆری بارودۆخە چرکەساتیەکان کە زیاتر بەهۆی کارە داینامیکیەکانەوە ئاماژەی بۆدەکرێت، بە هیچ جۆر چرکەساتی نین، بەڵکو لە بری ئەوە دەگوترێت کە بارودۆخێکی زۆر کورتن. ئەوانە ئاسایی وەك چرکەسات دێنە بەرچاو، بۆ نمونە: کەسێك لە دەرگا دەدات، یان کەسێك دەپژمێت ئەوە ئاماژەیە بۆ ڕوداوێکی تاك، لە بری زنجیرەیەك لە کۆکین یان لەدەرگادان، و لەبەر ئەوە دەتوانرێت وا بزانرێن وەك ئەوەی ماوە درێژبن، هەرکاتێك پێویست بە وەها بیرێك هەبێت، بەڵام بە تەکنیکی تازە slow motion films کاتێك فلیمەکە هێواش دەکرێتەوە، دەبینی کە کورتخایەنە نەك چرکەساتی. "ئەوە دەشێ زیاتر گونجاوبێت کە ئەکشنسارتێن[17] لە بنەڕەتەوە دەرونی یان کەسی لەبەرچاوبگیرێن لە بری ئەوەی کاتەگۆریەکی بابەتیبن (Bache ١٩٨٢:٦٧) لە (Farahani ١٩٩٠:٢٣٤) ەوە. سەرنج لە دیاگرامی دیاگرامی (١٢)




### ٣.٤ بارودۆخی ئەسپێکتی: جیاوازی کرۆکی لە نیوان ئەسپکت و جۆری بارودۆخ

هەردوو باری سەرنج و جۆری بارودۆخ ناوبەدند پەیوەند و تێکەڵاون، لە هەر زمانێکدا ئەوە ڕاستە کە جۆری بارودۆخ بڕیار لەسەر باسکردن لە بارودۆخ، سروشتی یەکگرتن، تێکەڵاوبوون و جۆری تێکەڵاو بوون دەدات،

[17] ئەکشنسارتێن لەلایەن زۆر لە زمانەوانەکانەوە دیارکراوە، بۆ نمونە، ١٩٨٥:١٠٩ Bache وەك ئەوەی تایبەتمەندێتی پرۆسەکی پراکتیکی provedural بارودۆخێك کەئاماژی یۆ کراوە، بەلای (Dahil ١٩٨٥:٩ وە "واتای سروشتی ئەسپێکتی کارەکان"-ە، و بەلای (Farshni ١٩٩٠L٢٣٤ ەوە بەشێك لە واتای کارەکان کە بەهۆیەوە ئاماژە دەکەن بۆ جۆرێك لە بارودۆخ زیاتر لە یەکێکبتر" کەواتە ئەکشنسارت ڕاستەوخۆ

ئەو تێکەڵاوبوون و گونجاندنە تایبەتن بە زمانێکی دیاریکراو، ئەوانە لە زمانەکاندا چونیەکنین، بۆ نمونە، پڕۆگرێسف لە کوردیدا جۆریك لە ڕوخسار بەخۆوەدەگرێت کە جیاوازە لە زمانێکیتر، ئەوە تەنها و تەنها لەڕوی فۆڕمەوەیە، دەنا وەکیتر سەرجەمی کردەی پڕۆگرێسف لە هەموو زمانەکاندا بەپێی سیستێمی ئەسپێکتی دەردەبڕدرێت کە پێیدەگوترێت ئیمپێرفێکت، لەگەڵ ئەوەشدا، کە هەردوو ئەسپێکت و ئەکشنسارتێن خۆیان بە سیمانتیکی کاتی دەربڕینەکانەوە خەریکدەکەن، کە لە بواری ماوەی کاتدا بە فۆڕمکراوە لە لێکدانەوەی ئەو بارودۆخەی بەهۆی دەربڕینەکانەوە دەردەبڕدرێن، و لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زانایانی بواری ئەسپێکت هەردوو زاراوەکە لە ژێر ناونیشانی یەك زاراوەدا پیشاندەدەن، کە پێی دەگوترێت "ئەسپێکتێتی"، بۆ نمونە، کێلگە و مەودای ئەسپێکتێتی aspectuality کە بە هۆی ناوبەندپەیوەندی و کارلێککردنی زمانی دیاریکراوی بەهێز لەنێوان فەرهەنگ و ڕێزماندا دێتەدی، دەبینی derication کە هێشتا هەریەکە و بەئاراستە و تایبەتمەندی جیاوە کاردەکات و بە تەواوی ناچنە سەریەك، ئێمە بەکورتی پوختەی جیاوازی لە نێوان ئەو دووانەدا دەخەینە پێش چاو:

| ئەکشنسارت (جۆری بارودۆخ) | ئەسپێکت (باری سەرنج) |
| --- | --- |
| وشەیەکی ئەڵەمانییە بە واتای جۆری بارودۆخ بەکاردێت. و بەواتای لە وەسفی دونیای دەوروبەردا. | بە هەمان واتای وشەی vid ڕوسیەوە باری سەرنجی قسەکەر لەسەر دەوروبەردێت. |
| ڕێبازێکە کە جەخت لەسەر کردەوەیەك یان بارودۆخێك بارودۆخەکان دەکاتەوە کە گەشەدەکات یان بەردەوام دەبێت لە بارودۆخێکی ئایا قسەکەر دیاریکراودا. یان لە ناوەوە | سیستەمێکە زیاتر گرنگی بە ناوەرۆکی دەدات و خۆی بەوەوە خەریك دەکات کە لەدەرەوە سەرانج لە بارودۆخەکان دەدات |
| تێڕوانینیکی بابەتیە واتە سەرچاوەی خۆی لەفەرهەنگەوە تێڕوانینی کەسی هەڵدەگرێت. | بابەتێکی کەسیە و بناغەی خۆی لەسەر دامەزراندووە |
| بارودۆخەکان بەسەر چوارجۆر کاتەگۆری جیاوازدا بەپێی بەسەر دوو لایەندا زنجیرەیەك لە تایبەتمەندی دیاراکراوەوە دابەشدەکات. | تێڕوانینی کەسیەو بارودۆخەکان دابەش دەکات کە بریتین لە پێرفێکتیڤ و ئیمپێرفێکتیڤ. |
| جۆری بارودۆخ تێڕوانینە لە سروشتی یەکگرتن و Grammaticalization بە زاراوە lexicalization کراوە و لە بنەڕەتا دەردەبڕدرێت و بناغەی کردەوەیەکی مۆڕفۆلۆجیە لە سەر بنەمای وشە ڕۆنان | ئەسپێکت بە ڕێزمانیکراوە . و بەهۆی نیشانە ڕێزمانیەکانەوە لەسەر inflectional دادەنێت. |

derivational

کردەوەکە لە نامەیەکی جۆری بارودۆخدایە بە
گوێکردەگات بە
تایبەتمەندی دیارکراوەوە.
تا ڕادەیەکی زۆر لە هەموو زمانەکاندا وەك
یەکەو بناغەی هاوبەش لە نێوانیاندا پەیڕەودەکرێت
دیاریکراویشدا
بناغەی هاوبەش لەنێوانیاندا پەیڕەوەدەکرێت.
جاریش هەیە دەڤیە.
هەندێکجار واتای شاراوەی بەندێکی فەرهەنگی
بنیاتی .
ئەسپێکتی ئەکشنسارتدایە.
دیاریدەکات کە جیاوازی لە نێوان داینامیك و
و بارودۆخەکانیش دەگرێتەوە و بەسەردوو لایەن
تێلیك و ئەتێلیدا دابەشدەبن.
ئەکشنسارتێن ئاماژە بۆ دوو لایەن دەکات (ا) لە زانستی
پێمان دەڵێت
زمانی گشتیدا بۆ ئەسپێکتی فەرهەنگی و (ب) لە
هێلێنیستیکی زمانی یۆنانی بۆ پڕاگماتیکی ئەسپێکت.
ئاوەڵکارەکان هاریکارن لە دیاریکردنی "جۆری بارودۆخ "
بارودۆخ بە پێی تایبەتمەندیە کاتیەکانەوە پۆلێن دەکرێت.
بارودۆخەکان

ئەکشنسارت گرنگی دەدات بە پرۆسەی تایبەتمەندێتی
لە گەڵیدا
بۆ نمونە، بنیاتی بار یان ڕووی درێژکردنەوەی کات، ڕێبازی
گەشەکردن، کە دەدرێنە پاڵ بارودۆخێکی دیاریکراو
هەیە لە
بە هۆی فـك یەوە ئاماژەی بۆدەکرێت
بارودۆخەکە
بەکارهێنانی ئەکشنسارت هاوتابە بە واتای سروشتی.
قسەکەر.

کردەوەکە لە جۆری تێڕوانینێکی دیارکراودا بە
تایبەتمەندی دیارکراوەوە.
تا ڕادەیەك زۆر پەیڕەوی ئەسپێکتی لەهەموو زمانەکاندا
وەك یەك نایەتەوەو تەنانەت لە ناو زمانێکی.
جارهەیە پێشگر و پاشگر ڕۆڵ دەبینێت و
بەشێك لە سیستێمەکە لە ژێر کاریگەری سیستێمی
بنیاتی .ڕێزمانی و تایبەتمەندێتی سیمانتیکی
ئەسپێکت هەمیشە ئاماژە بۆ دوو لایەن دەکات و
کام بنیات ستەیتیڤە و کامیشیان داینامیکە.
ئاوەڵکارەکان لە "باری سەرنج"دا بێلایەنن.
باری سەرنج تێڕوانینەکان لە سەربنەمای
پێشکەشدەکات.
ئەسپێکت ڕەنگدانەوەی چەقی بارودۆخە کە
بارودۆخ پێشکەشدەکرێت (Bach ١٩٨٢:٦٠)
هەندێك جار قسەکەر "هەڵبژاردنی کەسی
نێوان دوو ڕێگای جیاوازدا بۆ پێشکەشکردنی
بەکار هێنانی ئەسپێکت هاوتایە بە نیەتی

| | |
|---|---|
| زاراوە لە ئەگشنسارتدا بناغەیە و جۆری بارودۆخ دەکەن دیاریدەکات | پێشگر و پاشگر بناغەن و ئاماژە بۆ ئەسپێکت |
| جۆری بارودۆخ بە زۆری تایبەتمەندێتی کار و ڕێزمانیە | باری سەرنج بە زۆری تایبەتمەندی نیشانەی |
| بەشی کارییە، هەندێك جاریش نیشانەی وشە هەیە نەك بەشی | هەندێ جاریش فۆڕم و واتای پڕاگماتیکی دەوری |
| دارێژ لە کاری نا-سادەدا ڕۆڵ دەبینێت. | ناکاری لە کاری نا-سادەدا. |
| جۆری بارودۆخ لەژێر دەسەڵاتی قسەکەردانیە نامە بۆ | باری سەرنج لەژێر دەسەڵاتی قسەکەردایە و ناردنی |
| وشەی دیاریکراو لە فەرهەندگەوە بە مەبەستی دەکرێت دیاریکراو بەکار دەهێنرێت | بەرانبەر بەهەمان وشە بە دوو باری سەرنجی جیا |
| پێکهێنەرەکانی تری دەربڕینێکی دیاری کراو ناکاتە سەر | پێکهێنەری تری دەربڕینێکی دیاریکراو کار |
| بۆ نمونە، ئاوەڵکار- بەرکار یان بەشی ناکاری لە فۆڕمی کاری ناسادەدا جۆری بارودۆخ لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکیتر دەگۆڕن. | باری سەرنجی قسەکەر. |

جیاوازی لە نێوان ئەسپێکت و ئەکشنسارتدا دیاریدەکرێت نەك لەبواری "کەسێتی"دا بەرانبەر "بابەتێتی" بەڵکو زیاتر لەبواری ئەوەی کە دەشێ بابەتێتی-ڕواڵەتی یان ڕواڵەتی=بابەتێتی" بێت، و هەردوو لا دوواجار لە ژێر ناوی ئەسپێکتیتیدا کۆدەبنەوە .

### ٣.٥ .پوختەیەکی سەرەنجامی

(١٩٨٥:١٩٥) Roger Brown لە Smith xvii باوەڕی وایە، کە کاتەگۆریەکانی ئەسپێکتی بەتەواوی پشت بە زمان نابەستن، بەڵکو زیاتر بناغەیان لە سەر توانای مەعریفی و ڕادەی تێگەیشتنی مرۆڤەکان بۆ بارودۆخی باسکراو داناوە، بۆ نمونە، مرۆڤکان بەهۆی هەستکردن و توانای درککردنیانەوە جیاوازی لە نێوان جۆری بارودۆخی جەوهەری و نا-جەوهەری دەکەن. هەروەك چۆن دەتوانن ئەو ناوانەی دەبژێردرێن و ئەوانەش نابژێردرێن لێکهەڵاوێرن. واتە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی درکی جیاوازیی ئەسپێکتی دەکەن، بۆ نمونە، چالاکی، داینامیك و ستەیتیفیەکان. Smith باوەڕی وایە کە لە وشە و شتەکاندا هەندێك بیر بەبێ زمانیش فۆڕم دەکرێن، بەتایبەتی، بیری بۆشاییەکان، کات، هۆکاری، و شتە هەمیشەییەکان.

ئەسپیکت شیتەڵییە[18] parameter و بە هۆکاری گۆڕانی بەها بە شێوەیەکی جیا جیا لە ناو زمانەکاندا دەزانرێت. ڕوداوەکان لە مەودای گۆشەنیگای ڕێزمانیەوە پێشکەشدەکات، واتە پێرفێکتیف و ئیمپێرفێکتیف. بە ناوبەند پەیوەندیەکی پتەوەوە لە نێوان باری سەرنج و بنیاتی بارودۆخی کە بە هۆی زاراوەیەکەوە پێشکەشدەکرێت، لەوەدا هاوبەشن کە زانیاری سەبارەت بە سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتایی و ماوەی دووری بارودۆخەکان پێشکەشدەکەن. ئەوە پشتگیری ئەوە دەکات کە سیمانتیك حوکمی بنیاتی سیمانتیکی کاتی بارودۆخەکان دەکات، و زمانەکان هەمان سیستێمی ئەسپێکتیان نییە، چونکە لە ئاراستەی سیستێمەکەدا جیاوازن.

لە زمانی کوردیدا وەك زمانی ئینگلیزی دیاریکەرەکان و تێنس مۆرفیمی ڕێزمانین. پێویستە بن بە ئەندامی NP و VP بۆ نمونە، دیاریکەرەکان بە شێوەیەکی سیمانتیکی پەیوەندییان بە NP ەوە هەیە. ئەوانە هەر یەکە و بە نۆرەی خۆی باس لە تایبەتمەندیی تایبەت، ڕوون و ئاشکرایی، دیاریکراوێتی، و چەندێتی بۆ ئەو NP ەکان دەکەن. تێنس وەك مۆرفیمی ڕێزمانی فرێزی کاری دەردەکەوێت. بە شێوەیەکی سیمانتیکی، تێنس ڕستەی تەواو لە چوارچێوەکەیدا بەخۆوە دەگرێت. مۆرفیمە ڕێزمانیەکان لە مەودایەکی فراواندا کاردەکەن، لە بواری تێنس و ئەسپێکتیشدا ئەوانە ڕۆڵیان دیارە، ئەو بیرەی بە هۆی مۆرفیمە ڕێزمانیەکانەوە دەردەبڕێت لە زماندا هەمیشە وادەبینرێن وەك ئەوەی بەڕێزمانکراون، تێنس نمونەیەکیترە، کاری ڕابردوو تەنها یەك بەهای هەیە بەپێچەوانەی ناڕابردووەوە، واتە بەیارمەتی کەرەستەی زمانی زیادە، بۆ نمونە، ئاوەڵکارە کاتیەکان داهاتوش دەگەیەنێت هەردوو مەودای ڕانەبردوو و داهاتوش دەخاتە ژێرڕکێفی خۆیەوە،

جۆری بارودۆخ نیشانەیەکی ڕێزمانیی تاکی نییە، چونکە بەهۆی مۆرفیمە ڕێزمانییەکانەوە بەڕێزمانی نەکراوە، بەڵکو زیاتر ئەوانە بەهۆی مۆرفیمی فەرهەنگی کۆمەڵێك کارەوە دەردەبڕدرێن کە ئاماژە بۆ بارودۆخەکان دەکەن، بە هۆی ئەو کۆمەڵەکارەوە، قسەکەرەکان باس لە جۆرێك لە بارودۆخی دیاریکراو دەکەن. ئەرکی کارەکان زیاتر لە ڕستەدا دیاریدەکرێن، سەبارەت بەوەی چ جۆرێك لە بارودۆخ باسدەکەن، بەهەمان شێوە، ڕستەکانیش بەنۆرەی خۆیان دەستەیەکی دیاری ڕێزمانی و تایبەتمەندی سیمانتیکی بەخۆوە دەگرن. کەواتە ئەوە ئاستی کۆمەڵەی کار و ڕستەیە کە دەبنە بناغە بۆ جیاکردنەوەی جۆری بارودۆخ. گەرچی "دەتوانرێت ئەکشنسارت لە ئەسپێکت جیابکرێتەوە،(زۆر بەدیقەت ئەسپێکتی ڕێزمانی)، لەگەڵ ئەوەشدا، جیاوازی لە نێوان هەر دوو بیرەکاندا واتای خۆی هەیە و بێبایەخ نییە (tobin ۱۹۹۳:۳). لێرەدا جیاوازیەکان خۆیان لەوەدا دەبیننەوە کە ئەسپێکتی ڕێزمانی گرنگی دەدات بە باری سەرنج کە لێیەوە بارودۆخەکە دەبینرێت. بە پێچەوانەوە ئەکشنسارت، ئاماژەدەکات بۆ بنیاتی کاتی سروشتی بارودوخێك وەك ئەوەی کە بەهۆی تێنسی کارەکەوە (کە لە فەرهەنگەوە وەردەگیرێت) یان دەقەکەوە دیاریدەکرێت. کاتەگۆری تێنس بەنۆرەی خۆی بارودۆخی کاتی کردەوەیەك وەسفدەکات پەیوەست بە چرکەساتی دەربڕینەکە یان هەندێك کاتیتر کە دەقەکە

---

[18] ئەو زاراوەیە لە تیۆری پێکەوەبەستنی-بەرهەمهێناندا generative-binding theory بەکاردەهێنرێت تا جیاوازیەکان دیاریبکات کە دەستورەکانی ڕێزمان لە نێوان زمانە جیاوازەکاندا ئاشکرادەکەن. لەم دواییانەی GB دا ئەوە پێشنیارکراوە کە لێرەدا یاسای ڕێزمان بە تێگەیشتنی نەریتی نین، بەڵام تەنها دەستور و ڕێسا هەن کە دەتوانن فۆڕمی نەختێك جیاواز لە زمانی جیاوازدا وەرگرن و بەرهەمبێنن، بۆ نمونە، پاڕامێتڕی سەرە شوێنی سەرە لە مەودای فرێزدا دیاریدەکات (بۆ نمونە، head-first لە ئینگلیزیدا و سەرەی-دوا لە یابانی) (Crystal ۱۹۹۲:۲٤۹)

دیاریدەکات. لە کۆتایشدا، هەریەك لەوانەی باسکران لە نزیکەوە ناوبەندپەیوەندن. سەرنج لەو ڕستانەی لای خوارەوە بدە:

| نە گونجاو | گونجاو |
|---|---|
| (١) باپیر وەستا/دەستیکرد بە زانینی وەڵامکان | باپیر وەستا/دەستیکرد بەڕاکردن |
| (٢) باپیر وەستا/دەستیکرد بە دۆزینەوەی قەڵەمەکەی \؟؟ | بوەستە کەر مەبە، گوێڕایەڵبە. دەبی بە ئەلکحولیست |
| (٣) بوەستە لەوەی نەخۆشبی یان هەشت پێ درێژ بە، | دەستی کرد بە سەماکردن لە سەماکردن وەستا. |
| (٤) باپیر دەستی کرد بەوەی شێت یان وەستا شێت بێت. | باپیر وەستا/دەستیکرد بەیاری |

کارەکانی "دەستپێکردن" و "وەستان" ناتوانن پێوانە بن، چونکە لە ڕستەکەدا فۆڕمی پڕۆگرێسڤیان نیە. کەچی دەبینی لە ئینگکلیزیدا هەندێك جار دەشێ کەسێك بتوانێت ئەوە لێکبداتەوە کە بۆچ فرێزەکانی وەك "knowing that... and "finding her sister بەتەواوی گونجاون، پوختەی قسەکان:

(أ) ئەگەر کارێك پۆزەتیڤ بوو لە بواری continuous tense criterion CTC واتە پێوانەی تێنسی بەردەوام پاشان ئەوە سەر بە دەستەیەکە لە کاری چالاکی یان کاری بەجێهێنان .

(ب) ئەگەر کارێك سەربە دەستەیەك کاری چالاکی و بەجێهێنان بوون دواتر ئەوانە پۆزەتیڤن لە بواری CTC ەوە. Vendle جیاوازی لە نێوان کارە چالاکی و بەجێهێنانەکاندا دەکات، لەو بوارەدا دوو جۆر پێوانەی زمانی جیاواز دیاریدەکات، بۆ نمونە، (ا) ئەوانەی لەسەر بنەمای پێکەوە ڕودان دامەزراون، کە پێی دەڵێت، پێوانەی لەگەڵ گونجان FIT-criterion و (ب) ئەوانەش کە بناغەیان لەسەر واگەیاندن دامەزراندووە.

### ٤.٠ ڕۆڵی ئاوەڵکارە کاتییەکان

### ٤.١ ئەکشنسارت و ئاوەڵکارە کاتییەکان

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەکشنسارتێن، ئەوەیە، کە بە وردی لەگەڵ ئاوەڵکارە کاتیەکاندا ڕێکدەکەوێت، و لە نزیکەوە ناوبەند پەیوەندیەکی وا پتەو لەنێوانیاندا دروستدەبێت، کە بەهۆیانەوە دەتوانرێت جۆری بارودۆخی باسکراو دیاریبکرێت، ئاوەڵکارەکانیش، دەکرێن بەچەند بەشێکەوە، و ڕۆڵی گەورەدەبینن سەبارەت بە دیاریکردنی کاتەگۆری دیاریکراو لە چوارچێوەی سیستێمی ئەکشنسارتدا. سەرەتا ئەو هاوکێشنەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

(١) "تا tx"، لە tx بۆ ty "، لە tx ەوە. t = بە کات / x = خاڵی کاتیکی دیاریگراو / y = دوبارە کاتی دیاریکراوە

(٢) لە کاتی X دا، بۆ کاتی X ،

(٣) لە پێش ئەوەدا، هێشتا و دەبن بەو بەشانەی لای خوارەوە

٤.١.١ چالاکیەکان activities ئەو کارانە بە زۆری لەگەڵ ئەو ئاوەڵکارە کاتیانەدا گونجاون کە لە فۆڕمی "بۆ ماوە دوری کاتی for-adverbial / X" دا دەگونجێن، کە ئاماژە بۆ ماوە دووری و بەردەوامی ئەتێلیکی دەکەن بە درێژایی درێژبوونەوەی بارودۆخی باسکراوەوە، بۆ نمونە،

(١) باپیر بۆ ماوەی سێ سەعات نوست.

(٢) باپیر بۆ ماوەی پێنج کاژێر ڕایکرد.

لە (٢)دا، سەرنجی ئەوە دەدرێت کە یەکەم باپیر چەندی ڕایکردبێت هێشتا نەگەیوەتە خاڵی کۆتایی و دەکرێت زۆر لەوە زیاریش ڕابکات، دووەم، لەهەمانکاتدا ئەگەر باپیر لە هەر خاڵێکی دیاریکراو لە ماوەی کاتی X دا لە ڕاکردن بووەستێت ناتوانی بڵێی باپیر ڕاینەکردووە، ئەوە دانەیەکە لە تایبەتمەندیەکانی بارودۆخی ئەتێلیکی.

٤.١.٢ بەجێهێنان accomplishment: بە شێوەیەکی نەریتی (وەك تێلیك) مامەڵەدەکرێت و لەگەڵ ئاوەڵکارەکانی in-adverbials واتە "لە ماوەی کاتی Xدا" گونجاون. لە نمونەکەدا، ماوەی زەمەنی و خاڵی کاتی پەیوەندیدار کە لەحزەکە دیاریدەکات کاتێك کردەوەکە دەگاتە کۆتایی جەختی لەسەرکراوەتەوە و چرکە ساتەکە دیاریدەکات کە کردەوەکە تیایدا تەواو دەبێت و بەردەوام نابێت و مەبەستیش بەدەست دێت

(٣) لە دوو سەعاتدا نامەکەی نوسی. نامەکە ئامادەیە بۆ ناردن

(٤) باپیر لە کاژێر ١ بۆ ٢ نامەیەکی نوسی = = = = = = = =

٤.١.٣ دەسکەوتەکان achievements: ئەوانە زیاتر بە هۆی ئاوەڵکارە کورتخایەن و چرکەساتیەکانەوە دیاریدەکرێت، کە زیاتر لەگەڵ ئاوەڵکارێك لە شێوەی "لە کاتی x دا-at x time"، دەگونجێن.

(٥) لە کاتژمێر حەوتی دوای نیوەڕۆدا کلیلەکەم دۆزیەوە.

ئاوەڵکارگەلێك هەن کە شێوەی وەك "تا A جێبەجێبکەیت پێویستت بە ماوەی کاتی Y هەیە، وەردەگرن

(٦) سەعاتێکی برد تا پەنجەرەکەم بۆیەکرد.

(٧) بە دوو سەعات نامەکە تەواو دەکات

کاتێك ماوەی کاتەکە تەوا دەبێت لەگەڵیا کردەوەی A یش تەواو دەبێت، واتە لە سەرەتای ماوەی Y ەوە دەستدەکرێت بە جێبەجێکرنی A ، پێکەوە دەستپێدەکەن و پێکیشەوە کۆتاییان دێت. دیارە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوانە تەنها ڕێگە بە لێکدانەوەی ماوەدورودرێژی و تێلیکی دەدەن.

(٨) سێ سەعاتی برد تا کانیەکە پڕبوو لە ئاو.

٤.١.٤ ستەیتیڤەکان Statives: ئەوانە کەمتر لەگەڵ ئاوەڵکارە کاتییەکاندا ڕوودەدەن، چونکە ماوەی کاتی ڕودان و بەردەوامی لە خودی بنیاتی سیمانتیکیەکانیادا تۆمارکراوە، ئەو جۆرە بارودۆخانە ئەبەدین و ماوەی کاتی بەردەوامیان بەزەحمەت دەپێورێت، بۆ نمونە،

(٩) باپیر زانی کە لەندەن شارە.

بارودۆخی "زانین" بۆ باپیر هەمیشەییە، چونکە لە بنەڕەتا سەرجەم ڕستەکە وەسفی هەقیقەتێکی کردووە کە ناکرێ نکولی لێبکریت و بە درێژای تەمەنی باپیر ئەو زانیاریە لەگەڵی دەمێنێتەوە.

(١٠) باپیر نەیزانی کە لەندەن شارە.

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی بارودۆخی باسکراو بەهۆی ئەو کارە ستەیتیڤانەوە[19] تەنانەت لە کاتی نەرێکرنیشیاندا بەهای ڕستی بارودۆخی باسکراو "کە لەندەن شارە" ناگۆڕدرێت، واتە باپیر بزانێت و نەزانێت ئەوە لەندەن هەر شارە و بەشاریش دەمێنێتەوە.

[19] ئەوانە کارە هەقیقیەکانیشیان پێدەگوترێت، لە بەر دوو هۆکار یەکەم لە هەردوو باردا نەرێ و ئەرێ هەقیقەتی باسکراو هەروەك خۆی دەمێنێتەوە، بۆ نمونە تۆ بزانی یان نەزانی کە "پیرەمەگرون چیایە"، یان تۆ باوەڕت بە ئیسلام هەبێ یان نا، ئەوە ئیسلام هەر ئیسلامە. دووەم، لە بەر هۆکاری یەکەم ئەو

**٤.٢ پەیوەندی لەنێوان تێنس، ئەسپێکت و ئەکشنسارتدا.**

- ئەسپێکتی ڕێزمانی جەخت لەسەر باری سەرنج دەکاتەوە کە لەوێوە بارودۆخەکە سەیردەکرێت.
- ئەگشنسارت ئاماژە بۆ دیوی کاتی ناوەوەی بارودۆخەکان دەکات وەك ئەوەی لەلایەن یان بەهۆی بەشی کاری(بەتایبەت کار) و دەڤەوە دیاریدەکرێت.
- کاتەگۆری تێنس باسی بارودۆخی کاتی دەکات و کاتی ڕوداوەکان پەیوەست بە کاتی دەربڕینەکە، واتە کاتی قسەکردن یان هەندێك خاڵی کاتیتر لەکاتدا دادەنێت.

دیارە، ئەو سێ کاتەگۆرییە هەموو پێکەوە ناوبەندپەیوەندن، بۆ نمونە، بەشێوەیەکی دابەشکردنی سنوردارکراوە لەگەڵ جۆرێکی تایبەت لە کاتەگۆری ئەکشنسارت. کتێبەکەم لە سەعاتێکدا خوێندەوە.و وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە:

(١) لۆجیکی مۆرفۆلۆجی تێنس (لە کوردیدا) چیە؟

(٢) جیاوازی ناوەکی سیمانتیکی لە نێوان ئەو ڕستانەدا چیە؟ تێنسی ڕانەبردوو، ڕابردوو و داهاتوو

(اا) باپیر <u>وا</u> دانسدەکات: وا خۆێننەوەی پڕۆگرێسف دەدات بە دەربڕینەکە He is dancing

(اب) باپیر <u>دانسیدەکرد</u> ڕابردووی پڕۆکرێسف، نەریتە، واتای دانسکەر دەدات He was dancing

(ات) باپیر <u>دانسدەکات</u> ڕانەبردووە، خوێندنەوەی نەریت وەردەگرێت He dances

(اپ) بەیانی <u>دانسدەکات</u> " داهاتووە خوێندنەوەی موود وەردەگرێت He will dance

جیاوازی لەنێوان ئەو ڕستانەدا گرفتنی هەردوو "کات" و "فۆڕم" –ە کە دەویسترێ شیکاری بۆ "دانسکردن" بکرێ، لە (اا) دا بابەتەکە لە کاتی ئێستادا بەردەوام دەکات و "وا" لە بری "-ing" بەکاردەهێنرێت، لە (اب) دا بەشی کاری جگەلەوەی بابەتەکەی بەردەوامکردووە لە کاتێکی پێش کاتی ئێستادا، خوێندنەوەی نەرێتیشی داوەتێ، ئەوە تایبەتمەندی کاری ئەسپێکتی پڕۆگرێسفی ڕابردووی کوردیە، بۆیە دەتوانرێت زیادەیەکی وەك "بە ئێواران یان ..."ی بۆ زیادبکرێت تا زیاتر جەخت لەسەر نەریت بکاتەوە، گەر بشتەوێت بیری نەریتی لە دەربڕینەکە لابەری ئەوە ئەوە دەتوانی ڕستەیەکی ناسەرەکی لە وێنەی "کە چووم" زیادبکەی، لە (ات)دا بەشی کاری بەبێ هەبوونی زیادەیتری زمانی خوێندنەوەی ڕانەبردوو و نەریتیشی دەداتێ، ئەوە تایبەتمەندی تێنسی ڕانەبردووە کە باسی هەقیقەت دەکات، بەڵگەش ئەوەیە دەتوانێت زیادەی تری وەك "هەمیشە"ی بۆ زیادبکەیت، لە (اپ) دا زیادکردنی "بەیانی" خوێندنەوەی داهاتوو دەدات بە تێنسی ناڕابردووی "دانسکردن" بە بێ نەریت و دەشێت خوێندنەوەی موودیشی بدرێتە پاڵ چونکە ئەوە لە سنوری ویستی بکەر یان قسەکەر تێناپەڕێت و نازانین ئەو کارە لە ئایندەدا دێتەدی یان نا. دیاگرامی (١٣)

---

دەربڕینانە کە ئەو کارانەیان تیادا بەکاردەهێنرێن تەنها بەهای ڕاستیان هەیە، واتە بەهای درۆیان نیە. بۆ نمونە، "باپیر دەزانێت کە پیرەمەگرون شارە" و "باپیر نازانێ کە پیرەمەگرون شارە"، دەبینی کە لە هەردوو باردا کارناکاتە سەر ئەوەی پیرمەگرن شارنیە.




واتای ئەسپێکتی ڕستەی ژێرلێکۆڵینەوە سەرچاوەی خۆی لە سەرەنجامی کارلێککردن لە نێوان دوو پێکهێنەری سەربەخۆیی ئەسپێکتیەوە وەردەگرێت و بەهەردووکیان سیستێمی ئەسپێکتی پێکدەهێنن و بناغەیەکی دەستوری بۆ جیاوازی لە نێوان جۆری بارودۆخ و باری سەرنجی ڕستە دەستەبەردەکەن. زۆر لە کەرەستەکانی زمان، بۆ نمونە، ئاوەڵکا، ئاوەڵناو، بەرکار، پێشگرو پاشکر و ... هاوبەشی لە بنیاتنانی بیرێك دەکەن کە دەکرێت وەك ڕوداو یان ستەیتیف لەلایەك و وەك تێڕوانینی ئەسپێکتی لەلایەکەی ترەوە مامەڵەبکرێن. ڕۆڵی سیستێمی ئەسپێکتی لەوەدا بەدەردەکەوێت کە ڕێگە بە قسەکەر دەدات کام لە جۆری بارودۆخ و گۆشەنیگا بەپێی پێویست هەڵبژێرێت. قسەکەر دەتوانێت بە ڕێگەی جیاواز کە لە دوو لایەن بەدەرنیە داینامیك یان ستەیتیف قسە لەسەر بارودۆخەکان بکات. لە بواری ئەسپێکتدا، "باری سەرنج" بە ڕێگەی مۆرفۆلۆجیکەڵی و بە یارمەتی پاشگر و پێشگر یان فۆڕمێکی دیاریکراو و ئارەزوموندانە نامەکەی ئاراستە دەکات، لە کاتێکدا بنیاتی کارەکە، و ئاوەڵکارەکان هەندێك پێکهێنەریتری ڕستە کە جۆری بارودۆخ دیاری دەکەن، ئەو دەسەڵاتە بێسنورە لە قسەکەر وەردەگرنەوە و دەیبەستنەوە بە فەرهەنگ، و دەسەڵاتەکانی لە سنوری پڕاگماتیکی تێناپەڕێت، بۆ نمونە، هەموو واتا ئەسپێکتیە چاوەڕوانکراوەکان لە هەموو زمانەکاندا بە ڕێزمانی نەکراون، و واتای ئەسپێکتیی ڕستە

هەمیشە سەرچاوەی خۆی لە سەرەنجامی کارلێککردن لە نێوان دوو پێکهێنەری سەربەخۆی ئەسپێکتیەوە وەردەگرێت. :

**٤.٣ سەربەخۆیی جوری بارودۆخ و باری سەرنج لە ڕستەی هاوبەشدا**

واتای ئەسپێکتی ڕستە، هەردوو زانیاری سیمانتیکی و پڕاگماتیکی پێشکەشدەکات، واتای ئەسپێکتی ڕستە لەو زانیاریانەوە پێکدێت کە لە هەردوو پێکهێنەرەکانەوە دێت. سیستێمی ئەسپێکتی بۆ زمانە تاکەکان دەبێت بە جیا لەبەرچاو بگیرێت چونکە زمانەکان جیاوازن لە هەموو ئاراستەی سیستێمەکەدا. کاتەگۆری گۆشەنیکا بنیاتی لێکدانەوەیە لە سەرجەم پارچەکانی، واتە هەر دوو پێکهێنەر لە ڕستەدا زانیاری ئەسپێکتی سەبارەت بە جۆری بارودۆخ و باری سەرنج پێشکەش دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەردوو پێکەوە ڕوودەدەن دەبینی لە ڕووی نواندنی زانیاریەوە سەربەخۆن.

(١) باپیر <u>چوو</u> بۆ قوتابخانە.

(٢) باپیر خانوی دروستدەکردن.

(٣) باپیر هەواڵەکەی زانی.

ڕستەی ١ باس لە بارودۆخێکی پێرفێکتیڤی بە کۆتاییەکی سروشتی ئامانج بەدەستهاتوو دەکات، (٢) بەشێك لە جۆری ڕوداو کە لە دروستکردنی خانودا بەرجەستە بووە بەرجەستەدەکات، جیاوازیەکە لەوەدایە پێمان ناڵێت داخوا دروستکردنی خانوو لەکاتی قسەکردن کۆتایی پێهاتووە یان نا؟ (٣) بارودۆخێکی تەواو لە ڕابردوودا پێشکەشدەکات بە کاریگەریەك کە تا کاتی قسەکردن و دواتریش دوای کاتی قسەکردنیش بەردەوام دەبێت، (٢) خوێندنەوەی نەریتی وەردەگرێت بەڵام (١) و (٣) نا، جۆری بارودۆخ بە هۆی کارەك و ئەرگیومێنتەکانی و باری سەرنجیش بە هۆی مۆرفێمی ڕێزمانیەکانەوە ئاماژەیان بۆدەکرێت. تێنس و ئاوەڵکارەکان زانیاری کاتی زیادە دەدەن. لە (١) و (٢) دا باری سەرنج بە پێرفێکتیڤ دەربڕدراوە، لە (٣ )دا باری سەرنج بە ئەسپێکتی ئیمپێرفێکتیڤ[20] دەربڕاوە بەڵام خوێندنەوەی نەریتی وەرناگرێت، کەواتە پێکهێنەرەکانی ئەسپێکتی لە ڕستەکاندا کارلێکدەکەن و تێکەڵاو دەبن. واتای ئەسپێکتی ڕستەکە لە دوو لقەی ئەسپێکت پێکدێت. باری سەرنج لە (١) و (٢)دا پێرفێکتیڤە، لە (٣)دا ئیمپێرفێکتیڤە، لە (١)دا چالاکیە، لە (٢) بەجێهێنان و و (٣)دا ستەیتیڤە.

بێگومان، زمانەکان لە سەر ئاستی سیمانتیکی و ئەسپێکتی ف.ك سەبارەت بە کارلێککردن و ناوبەند پەیوەندی لەنێوان ئاستەکاندا هەمان ڕەفتار بەخۆوە ناگرن، لەسەر ئاستی ئەسپێکتی ف-ك وەك "تێگەیشتن" دەشێت لە زمانێکدا ستەیتیڤ و لەیەکێکیتردا چالاکی بێت، ئەوە لە ئینگلیزیدا وەك کاری ستەیتیڤ مەمەڵەدەکرێت چونکە تا ڕادەیەك لەگەڵ فۆڕمی پڕۆگرێسڤدا ناگونجێت، بەڵام لە کوردیدا پشتبەستو بە نیەتی قسەکەر و جۆری دەق دەکرێت خوێندنەوەی پڕۆگریسڤ و چالاکیش وەربگرێت. ئەوە لە پۆلێنکردنەکەی

---

[20] یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی ئەسپێکتی پڕۆگرێسڤی کوردی بە پێچەوانەی زۆر لە زمانەکانیتر بە زۆری خوێندنەوەی نەریت وەردەگرێت، بە هۆی هەندێك کەرەستەی یاریدەدەریتر یان بەبێ ئەوانیش بەڵام دەبینی کاتێك بارودۆخ بەشێوەیەکی ئیمپێرفێکتیڤی ستەیتیڤ پێشکەشکرا دەبینی دەربڕینەکە خوێندنەوەی نەریتن لەدەست دەدات، ئەوەش لە لایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بارودۆخی ستەیتیڤی توانای دووبارەوە بوونی نیە بەهەمان شێوەی یەکەم، کەسێك جارێك هەواڵێکی زانی جاری دووەم پێویست ناکات هەمان هەواڵ بزانێتەوە، لە لایەکەی ترەوە ئەوە جەخت لەوە دەکاتەوە کە بارودۆخی ستەیتیڤی بنیاتی ناوەکی بە شێوەی هەنکاوی یەك لەدوای یەکی نیە، بەڵکو بەگشتی هەموو بارودۆخە هاوتوخم و یەك بینە بە درێژای بەردەوامی بارودۆخەکە، ئەوە لە حاڵەتی کارە داینامیکیەکاندا بە پێچەوانەوەی بۆ نمونە لە "باپیر سەردانی باوکی دەکرد" خوێندنەوەی ئەوە هەڵدەگرێت کە باپیر ئەو کارەی زۆر جار دوبارەکردۆتەوە خۆ گەر دەربڕینێکی وەك " بە ئێواران/حەفتانە و ..."، ئەوە زیاتر خوێندنەوەی نەریتیەکە زەقتر دەکاتەوە.

Vendler كە لەلایەن (١٩٧٩) Dowty تا ڕادەیەك گەشەی پێدراوە و دەردەكەوێت، لە دیاگرامی ( ١٤ ) دا لە سەر بنەمای زانیاری لە (٥٤ :١٩٧٩) Dowty دەوە پیشاندراوە.

| دەستكەوتەكان | جێبەجێكردنەكان | چالاكیەكان | ستەیتیڤەكان |
|---|---|---|---|
| ناسینەوە | بۆیەكردنی وێنە | ڕاكردن | زانین |
| دۆزینەوە | دروستكردنی كورسی | پیاسەكردن | باوەڕكردن |
| گەیشتن | بازنە كێشان | مەلەكردن | هەبوون |
| مردن | خوتبە دان | پالپێوەنان | خۆشویستن |
| .چاكبونەوە لە نەخۆشی | لێخوڕینی سەیارە | ئارەزوو كردن | بینین |

پۆلینكردنەكانی Vendler لەسەر بنەمای دوو بناغە دامەزراندووە، یەكەم، ستەیتیڤ و دەسكەوتەكان لەیەك گروپدا دادەنێت بە بەڵگەی ئەوەی هیچ كام لەوانە ناتوانن یان لەگەڵ پرۆگرێسڤدا گونجاوبن. لەكاتێكدا چالاكی و جێبەجێكردنەكان لەگەڵ پرۆگرێسڤدا دەگونجێن، (٢٠٠٤) Rothstein ئاماژە بۆ ئەو تایبەتمەندیانە دەكات بە ڕوخسارەكان [هەنگاوەكانی ± ] لە هەمان كاتدا (١٩٩٣) Verkuyl ئاماژە بۆ ئەو تایبەتمەندیانە دەكات وەك [پرۆسێس ±] و دەڵێت ستەیتیڤەكان وـدەستكەوتەكان پێكهاتەی پرۆسێسیان نیە، چالاكی و جێبەجێكردنەكان هەیانە. چونكە ستەتیڤەكان بنیاتی ناوەكیان نیە لە كاتێكدا دەستكەوتەكان وا دەبینرێن وەك ئەوەی لە حاڵەتی چركەساتیدا ڕوودەن. دیاگرامی (١٥) كە لە (٢٠٠٤:١٢) Rothstein وەرگیراوە، هەندێك لە تایبەتمەندییەكانی دەخاتە ڕوو كە Vendler ئاماژەی بۆكردوون.

| تێلیك ± | هەنگاوەكان stages ± | |
|---|---|---|
| — | — | ستەتیڤەكان |
| — | + | چالاكیەكان |
| + | + | جێبەجێكردنەكان |
| + | — | دەسكەوتەكان |

دواتر دەبینی كە Vendler كاتەگۆری كارە ئەسپێكتەكان بەپێی دوو جۆر پێوانەی بەردەوامیەتی و هاوبەشیكردنی خاڵیكۆتایی پێشكەشدەكات. ئەو دیاگرامە پوختەی پۆلێنكردنی كارە ئەسپێكتەكان لە ئینگلیزیدا پێشكەشدەكات (Dawty ١٩٧٩:٥٤) دیاگرامی (١٥)

| - تێنسی بەردەوام | + تێنسی بەردەوام | |
|---|---|---|
| دەستكەوتەكان | جێبەجێكردنەكان | + خاڵی كۆتایی |
| ستەیتیڤ | چالاكی | - خاڵی كۆتایی |

### ٤.٤ جیاوازی لەنێوان تێنس و ئەسپێکت

بۆ جیاوازی لەنێوان تێنس، مود و ئەسپێکت زمانەوانەکان خاڵی سیمانتیکی بۆ دەستپێکردن دەستنیشاندەکەن، بۆ نمونە ئەسپێکت بریتییە لە، ڕێبازی جیاواز بۆ تێڕوانین لە بازنەی دیوی ناوەوەی پێکهاتەی کاتی بارودۆخەکان. لە کاتێکدا تێنس بریتییە لە بەڕێزمانکردنی دانانی بارودۆخەکان لە کاتدا (Comrie (١٩٧٦.[٢١] ئەسپێکت هەندێك جار بەهۆی واتای وشەکانەوە دەردەبڕدرێت و هەندێك جاریتر بەهۆی لێکسیمی جیاواز لە "ئەسپێکتی چاوەڕوانکراو/شاراوە"، Aspectual potential بۆ نمونە، کاری مردن و نوستن بە تەواوی جیاوازن وەك ئەوەی کە مەبەست ئەو دەقانە بێت کە بەشێوەیەکی سروشتی تیایدا ڕودەدەن، بۆ نمونە، نوستن دەتوانرێت لەگەڵ ئاوەڵکاری ماوەدرێژ بەکاربێت پێکەوە بەڵام مردن نا، بۆ نمونە، دوو سەعات نوست بەڵام ناکرێت بگوترێت دوو سەعات مرد.

### ٥.٠ پوختەی باسەکە

### ٥.١ پەختەی باسەکە بە کوردی

هەر دوو ئەسپێکت و ئەکشنسارت خۆیان بەکاتەوە خەریکدەکەن، واتە، کات وەك پێوانە سەبارت بە ماوەی ڕودانی ڕوداو و بارودۆخەکان دیاریدەکرێت، و ئەوە وەك سیمانتیکی دەربڕینەکان مامەڵدەکرێت، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەبیرکراون و لە بنیاتی ئەو بارودۆخانەی بە هۆی دربڕینەکانەوە دەردەبڕدرێن، لە زمانی کوردیدا، وەك زۆر لە زمانەکانیتر، ئەکشنسارت بەزاراوەکراوە و ئاماژ بۆ جۆری بارودۆخ دەکات، کەرەستەی ئەکشنسارت بەندە زمانیەکانن، لەکاتێکدا ئەسپێکت بە ڕێزمانیکراوە و باری سەرنجی قسەکەر دەنوێنێت، هەر یەك لەو کاتەگۆریانە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی بەڵام لە ڕاستیدا لە نزیکەوە ناوبەند پەیوەندن، بۆیە زمانەوانەکان لەژێر ناونیشانی یەك زاراوەدا کۆیان دەکەنەوە بە ناوی "ئەسپێکتێتی" وە دەیانناسێنن، ئەو بیرە لەوەوە هاتووە کە تایبەتمەندی هەردوو ئەسپێکت و ئەکشنسارتێن لە ئەنجامی کارلێککردن و ناوبەند پەیوەندی لە نێوان زاراوە و نیشانە زمانیەکانەوە سەرچاوەی خۆی هەڵگرتووە.

ئەسپێکت کاتەگکۆریەکی ڕێزمانیە کە پێمان دەڵێت چۆن کردەوە، ڕوداو یان بارودۆخێك بەهۆی فۆڕمی تێنسی کارێکەوە ئاماژەی بۆ دەکرێت، لە کوردیدا وەك زوربەی زۆری زمانەکانیتر، بنچینەی جیاوازی ئەسپێکتی لەسەر بنەمای جیاوازی لەنێوان "پێرفێکتیف" و "ئیمپێرفێکتیگ"دا دامەزراوە، ئەسپێکتی پێرفێکتیف بە هۆی نیشانەکانی پێرفێکتیفی (-ت، -د، -ا، وو، -ی) وە نیشانەکراوە، دواجار لە ئەنجامی ئەو لێکدانە "قەد + نیشانەکانی پێرفێکتیفی" فۆڕمێك بەرهەمدێت ئاماژە بۆ بارودۆخێك دەکات کە وەك دانەیەکی یەکگرتوو لە سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی دێتەبەرچاو، بۆیە لەو بارانەدا هەمیشە قسەکەر لە دەرەوە سەیری بارودۆخی دیاریکراو دەکات، لکاتێکدا ئیمپێرفێکتیف نیشانەنەکراوە و بەهۆی نیشانەی ئیمپێرفێکتیفێتی "-دە + ڕەگ" وە دەنوێنرێت، تا ئاماژە بۆ بارودۆخێك بکات کە وەك بەردەوام یان دووبارەبووە دێتە پێش چاو.

ئەسپێکت باری سەرنجی قسەکەر پێشاندەدات، لەکاتێکدا ئەکشنسارتێن جۆری بارودۆخ دەنوێنێت، کاتەگۆری ئەکشنسارت بە بەراورد بە ئەسپێکتەوە هەندێگ گرفتاویە، و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە هۆی بەندە فەرهەنگیەکانەوە دەنوێنرێت، کە بەسەر دوو جۆردا دابەشدەبن، یەکەم سادە و دووەم ناسادە، لە فۆڕمە

[٢١] Aspect are different ways of viewing the internal temporal constituency of a situation, and tense is a Grammaticalized location in time.

ناسادەکان بەشی کاری لە زوربەی زۆری بارەکاندا بڕیار لەسەر جۆری بارودۆخ دەدات، و ئەوەش وەك یەکێك لە تایبتمەندیەکانی کوردی دەزانرێت، لە هەقیقەتدا، ئەسپێکتی زاراوەیی/ئەکشنسارتێن تایبەتمەندی سروشتی کار یان فرێزی کاریە، کە بە شێوەیەکی شێوازی نیشانەنەکراوە، بەڵکو زیاتر جیاوازی لەنێوان بارودۆخەکاندا پیشاندەدەن، کە لە چوار جۆری سەرەکی پێکدێن، بۆ نمونە، "دەزانم" وەك ستەیتیف و "ڕادەکەم" وەك چالاکی، "پەنجەرەکەم بۆیە دەکرد"، وەك بەجێهینان و "کلیلەکەم ونکرد" وەك دەستکەوت، و "گەیشتمە لوتکەی چیایەکە" وەك چرکە سات، هەموو ئەوانە بەشێوەیەکی سینتاکتیکی لێکجیادەکرێنەوە، لەبەر ئەوە ئەکشنسارتێن بابەتیە لەوەدا کە باس لە هەقیقەت دەکات، لەکاتێکدا ئەسپێکت کەسیە لەوەدا کە باری سەرنجی قسەکەر پیشاندەدات، لە هەمان کاتدا، لە بنیاتی بارودۆخیدا دوو پێکهێنەریتر جیادەکرێنەوە، یەك لەوانە "تێلیك"-ە، کە وەك جۆرێك لە ئەسپێکتی فەرهەنگی و ڕێزمانی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، دووەم ئەتێلیکە، کە دووبارە تایبەتمەندی کار، فرێزی کاری و ئەرگیومێنتی کارەکانە، ئەوانە بەوە لێکجیادەکرێنەوە کەیەمیان سنوردار و دووەم ناسنورداره، لەلایکیترەوە ئاوەڵکارە کاتیەکان باشترین تاقیکردنەوەن تا پێمان بڵێم کام فۆڕم باس لە بارودۆخی تێلیکی دەکات و کامەیان نا.

### ٥.٢ پوختەی باسەکە بە عەرەبی

الصيغة الزمنية للفعل، و الفعل المتصرف، كلاهما معبران عن الزمن، اي انه يحدد الزمن معيارا لقياس مدة حدوث الفعلي، و الحالات الملابسة لها. و تعامل هذة كلها كدلالة للتعابير، و التي تعبر بصورة مباشرة و غير مباشرة عن بنية الحالات التعبيرية، فالفعل المتصرف في اللغة الكردية يشير الى نوع الحالات الملابسة عن طريق المصطلحات المعجمية، في حين ان الصيغة الزمنية للفعل تتصرف عن طريق العلامات النحوية التي تصور موقف المتكلم، و لهدذا يقوم اللغويون بحشرها تحت عنوان مصطلح موحد باسم (الصيغة الزمنية للفعل)

وقد تاسس اساس اختلاف (الصيغة الزمنية للفعل) على قاعدة الاختلاف بين فعل المضي، و فعل الاستقبال. و تتكون الصيغة الزمنية لفعل المضي عن طريق علامة المضي: : (-ت، -د، -ا، -وو، -ي) اي تنتج صيغة فعل المضي التي تشير الى حالة متحدة ظاهرة في الابتداء، و الوسط، و النهاية، فالمتكلم ينظر الى الحالة المحددة من الخارج، في حين ان فعل الاستقبال غير الواقع موءشر، و يمثل بوساطة علامة فعل الاستقبال غير الواقع: (ده + الجزر) كي يشير الى حالة كانها مستمرة و معادة ظاهرا.

ان تصنيف الفعل المتصرف مقاربا بالصيغة الزمنية للفعل فيه شيء من الاشكال، و يعود سببه الى تمثيله بالقيود المعجمية، و الاولى عبارة عن صيغة بسيطة، و الثانية هي صيغة مركبة غير بسيطة. و في الصيغ المركبة غير البسيطة، يحكم القسم العملي في اكثر الاحوال على نوع الحالات الملابسة، و التي تتالف من اربعة انواع رئيسة، مثل:

(ده زانم) للمستقر و الثابت. و (راد ه كه م) للفعالية. — (به نجه ره كه م بوَيه كرد) للتنفيذ. و (كليله كه م ونكرد) للنتيجة. — و (كه يشتمه لوتكه ي جياكه) للحظة الحاظرة. اذا الفعل التصرفي (موضوعي) لانه يتحدث عن الحقيقة، في حين الصيغة الزمنية للفعل (ذاتي) لكونة يعبر عن موقف المتكلم.

### ٥.٣ پوختەی باسەکە بە ئینگلیزی

- Aspect and aktionsart are both concerned with the temporal semantics of utterance in terms of the time intervals (‘phases’). These are conceptualized in the construal of the situation expressed by that utterance. Aktionsarten in Kurdish is lexicalized while Aspect is grammaticalized. Most aspectologists today conceive of aspect and aktionsart as an ‘aspectuality’ domain – this is characterized by the strong language-specific interaction between lexicon and grammar. Aspect is a grammatical category that expresses how an action, event or a state is denoted by a verb. In Kurdish like other languages, a basic aspectual distinction is that between perfective and imperfectives. The perfective aspect is maked by means of perfective markers like, (-w, -t, -d, -ã and –í) and therefore it is used in referring to an event. This event can be conceived as bounded, unitary or without reference to time duration. In constrast, imprerfective is unmarked by means of imperfective marker like, (da-). It is used for situations conceived as existing continuously repetitively as time flew.
- The category of aktionsarten is a little problematic. The reason is that it is expressed by lexcal items, and these items are not in the same form. They are divided on two sorts, simple and non-simple. In the non-simple forms the verbal element tells us that the form is verb. In contrast, the non-vebal element in most cases decides a given form refers to which kind of a situation type.
- Indeed, lexical aspect is an inherent property if a verb or verb’s compement phrase. In doing this, it is not marked formally, but the distinctions are between states. For example, ‘I know.’ and an activity like ‘I am running’. An accomplishment such as ‘I made a chair’, and an achievement like ‘I found the key’. ‘I reached the top of the mountain’ describes a punctual situation. These statements are distinguished often syntactically. So aktionsarten is objective, in contrast to the aspect which expressed the view point of the speaker, so it is subjective. we have two factories in situational components, one of them is telicity. Telicity might be considered a kind lexical aspect, but it is not a poerty of a verb in isolation. This is the property of entire verb or phrase. The, second one in situation aspect is the duration. This is also a property of a verb or verb phrase. On the other hand using time adverbials is the best test in findout if the verb form is telich or a telic

- سەرچاوەکان

## ٦.١ سەرچاوەکان بە ئینگلیزی


Bach, Cark (١٩٨٥). Verbal Aspecvt. A General Theory and its Application to Present-Day English. Odense: Odense University Press.

Bach, Carl. (١٩٩٥). The Study of Aspect, Tense and Action: Towards a . . . ' Theory of the Semantics of Grammatical Categories. Frankfurt am Main: Lang

Binnick, Robert. ١٩٩١. Time and the Verb: A Guide to Tense and Aspect. . . New York: Oxford University Press.

Borik Olga (٢٠٠٦). Aspect and and reference time. Gothenbury University Library

Brinton, L J. (١٩٨٧). The Aspectual Nature of States and Habits. In Folia . . Linguistics ٢١. ١٩٥-٢١٤ .

Bybee, Joan L. and Osten Dahil. (١٩٨٩).The Creation of Tense and Aspect System in the Langusage of the world" Studies in Languages ١٣: ٥١:١٠٣

Bybee, Joan L. and Osten Dahil. (١٩٨٩).The Creation of Tense and Aspect System in the Langusage of the world" Studies in Languages ١٣: ٥١:١٠٣

Comrie, B. (١٩٧٦). Aspect, Cambridge, Cambridge University Press.

Chung S. & Timberlake, A. (١٩٨٥). Tense, Aspect, and mood. In T. Schopen (ED.) Language Typology and Syntactic Discription, vol. III Cambridge

Comrie, B. (١٩٨١). Language Universal and Linguistiv Typology: Synatax and . morphology> Chicago: University og Chgago Press.

Comrie, Bernard (١٩٧٦). Aspect An Introduction to the Study of Verbal Aspect and Related Problem. Cambridge. Combridge Univesity Press.

Crystal D. (١٩٩٢) A Dictionary of Linguistics and Phonetics. ٤th ed. Blackwell ١٩٧٧

Dahil Osten (١٩٨٥). Tense and Aspect System. Oxford Blackwell.

Dowty, D. R. (١٩٧٩). Word Meaning and Montague Grammar. Dordrecht:

David Crystal. (١٩٩٢). A dictionary of Linguistics and Phonetics, ٤th ed. Blackwell

Debopam, Das (٢٠١٠). The Use and Distribution of Non-progressive Verbs in . Progressive Forms: A Corpos-based Study-٢٦-th Northwest . Conference, Vancouver, May ٨-٩.

Declerck R. (٢٠٠٦). The Grammar of The English Tense System. A Complrehensive Analysis

Dowty, David R. (١٩٧٩). Word Meaning and Montague GrammarL The . . .
Semantics of Verbs and Time in Generatives Semantics and in Montague’s PTQ. Dordrecht: Reidel.

Farahani, Ali Akbar Khomeijani. (١٩٩٠). A Syntactic And Semantic Study of The Tense And Aspect System of Modern Persian. The University of Leeds
The Department of Linguistics and Phonetics

Fillmore, Charles. (١٩٧١). Lectures on Deixis. Indiana University Linguistic Club, University of
Indiana

Huddleston, Rodney D. ٢٠٠٢. 'The Verb.' In: Huddleston, R. & G. Pullum (eds.), The Cambridge Grammar of the English Language. Cambridge: Cambridge University Press. ٧١-٢١٢.

Mourelatos, A. P. D. (١٩٨١). Events, Processes, and States. In Tedeschi and Zaenen. Eds. (١٩٨١).

Mouton de Gruyter (٢٠٠٦) English full-time in Montreal ٨ Levels (١٠ weeks per level).

Kakietek, P. (١٩٧٩). The syntactic and semantics of English Stative Verrbs. Warszawa: Energia.

Leech, Geoffrey N. ١٩٧١. Meaning and the English Verb. London: Longman.

Pier Marco Bertinetto and Denis Delfitto (٢٠٠). Aspect and Actionalityten se

Quirk, R. Greenbaum, S. Leech, G & Svartvik, J. (١٩٧٢). A Grammer of Contemporary English :ondon: Longman.

Quirk, R. Greenbaum, S. Leech, G & Svartvik, J. (١٩٧٢). A Grammer of Contemporary English :ondon: Longman.

\

Quirk, R. et. al (١٩٨٥). A Comprehensive Grammar of The English Language. London: Longman

Renaat Declerck in cooperation with Susan Reed and Bert Cappelle, (٢٠٠٦). .
the Grammar of the Snglish Tense system, A comprehensive Analysis.

Rothsyein, S. (٢٠٠٤). Structuring Events. Oxford: Blackwell Publishing.

Smith, C. (١٩٩١). The Parameter of Aspect Dordrecht: Kluwer

Smith C. S. (١٩٨٣). A Theory of Aspectual Choice. Language ٥٩. ٤٧٩-٥٠١.

Trautwein, Martin. (٢٠٠٥). The Time Window of Language: ZThe Interaction .
between Linguistic and non-Linguistic Knowledge in the Temporal Interaction of German and English Texts. Berlin: De Gruyter.

Vendler. Z. (١٩٧٦). Verbs and times. In Z Vendler (ED), Linguistics in philosophy. Ithaca. Cambridge: Cambridge University Press

Verkuyl, Henk J. ١٩٩٣. A Theory of Aspectuality: The Interaction between . Temporal and Atemporal Structure. Cambridge: Cambridge University Press.

Yasuko, T. (٢٠٠٥). Achievement verbs and the progressive meaning. Jornal of Osaka sangyo University Mumanities ١١٧, ٤١-٤٥